زنجیرەی بڵاوکراوەکان

(1)

# ڕۆژژمێری سەروەری

کۆکراوەی ڕووداوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەساڵانی 1975 – 2000


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی

ئازاد خانەقینی

کۆمپیوتەر: حامد عەلی   بلیمەت حسین

# كانوونی دووەم

January

## (1) ی کانوونی دووەم

1976 * ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران لە مەخفەری بنـاوە سـوتەی پێنجوێنـەوە پـۆلێ لـە هاوڕێیانی کۆمەڵـەی تەسـلیم بـە عـێراق کـردەوە، کەپاشـان سـێ کوچکـەی کۆمەڵە (شیهاب و ئەنوەر و جەعفەر) لە سێدارە دران .

1984* ووتاری بەڕێز مام جەلال لە گوندی زیخان لەبارەی گفتوگۆی شۆڕش لەگـەڵ میری .

1986* شەوی 1\2 تیپی 19 ی کۆڕەك و گرتنی ڕەبیەی بەنزینخانەی ڕەواندوز .

1995* (هـ.پ.ك) بارەگای لق و شیراتۆنی پارتی لە هەولێر کۆنترۆڵ کرد .

1995* شەهید بوونی قادر کۆکۆیی و ئازادی کوڕی لەشەڕی ناوخۆدا.

1996* هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەر گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی و شێخ بزێنـی و چەند خانوویەکی سووتاند .

1995* دوای ئەوەی (ی.ن.ك) ناچـار کـرا هـەردوو بارەگـای پـارتی (لـق و شـیراتۆن) لەهـەولێر بگـرێ لەسـەر موافەقـەتی مـامو جـەلالو مسـعود بـەرزانی لەلایـەن کۆمیتەی متابعەوە بڕیاری ئاگربەست راگەیەنراو شیراتۆنیش تەسـلیم بـە INC کرا.

### (2) ی کانوونی دووەم

*1983 دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان .

*1987 تیپی 25 ی خاڵخاڵان و گرتنی 4 ڕەبیە و مقر سریەیەك لەناو پشتێنەی ئەمنی شاری کەرکوك.

*1995 شەڕەکانی ناوچەی چۆمان و پێڕەش و گەزنە و سۆران لە نێوان یەکێتی و پارتی .

*1996 وەفدێکی پایە بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران، نوێنەری سەرکۆمار بەسەردانێك گەیشتە پایتەختی هەرێم .

### (3) ی کانوونی دووەم

*1988 هاتنەوەی تەرمی (40) لاوی شاری سلێمانی کە لەلایەن ڕژێمەوە لەسێدارە درابوون .

*1988 شەوی 13\14 تیپەکانی 51و59 و گرتنی هەردوو مقەر فەوجی 105و60 لە ئۆردوگای (قەڵخان لوو) ی سەر جادەی قادر کەرەم دووز . شەهید بوونی پێشمەرگەیەك .

*1996 سەعات 5:30 دەقیقەی ئێوارە پارتی لە جەبهەی شارەزوورەوە بە هاوەن و دۆشکا سەنگەرەکانی پێشمەرگە و گۆڕستانی سەید سادقی بۆردومان کرد .

### (4) ی کانوونی دووەم

*1986 قارەمانەکانی تیپی (21) ی کەرکوك لەشەوی 5\4 لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بردە ناو شاری کەرکوكو چەند چالاکیەکی سەرکەوتوانەیان ئەجام دا.

*1997 پاش چەند مانگێك وەستان بەهۆی ڕوداوەکانی (31) ئابەوە جارێکی تر کوردستانی نوێ لەسلێمانی دەرچوو .

*1998 ڕۆژانی 4—8 زنجیرە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) .

*2000 مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی جەژنی رەمەزانو سەری ساڵی نوێو، بڕیاری لێبوردنی گشتیو مێرمندالانو گیراوانی سەروی تەمەنی 18 ساڵیەوە پەسەند کرد.

## (5) ی کانوونی دووەم

1986 * بۆسەی تیپی (57)ی سەگرمە لەسەر جادەی گشتی سەنگاو چەمچەماڵ ، هێزێکی دوژمن کە پێك هاتبوو لە (4 تانك و 17 ناقیلەو 5 هەزار جاش و قوات خاصە و جیش شعبی و بەپشتیوانی 7 کۆپتەر ) پەلاماری پێشمەرگەکانی داو پاش چەندین سەعات شەڕ دوژمن زیانی ماڵی گیانی زۆری لێ کەوت.

1987* بۆسەی تیپی 87 لەسەر جادەی هەولێر کەرکوك و کوژرانی چەند سیخوڕێك.

1995* پارتی لە سپیلکەوە پەلاماری (ھ.پ.ك) داو هێرشەکەی تێك شکێنرا .

## (6) ی کانوونی دووەم

1987* تیپی 55 و هەرێمی 5 حسك و شەڕی جادەی عەربەت سلێمانی و کوژرانی دەیان سەرباز .

1988 * دەزگاکانی ڕژێم (8) دوکانیان لە (ئەسحابە سپی)ی شاری سلێمانی بە شۆفڵ ڕوخاند .

1994* جیفری ئارچەر نێردراوی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا سەردانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ی کرد .

## (7) ی کانوونی دووەم

1982 * خۆپیشاندانی خوێندکارانی خوێندنگاکانی شاری سلێمانی ، کە بۆ پێشوازی لەو (جیش الشعبی)یانە برابوون ، کە لەبەرەی شەڕی تەوێڵە گەڕابوونەوە .

1987* پێشمەرگەیەکی تیپی 25 خاڵخاڵان لەناو شاری بەغدا ئالاکییەکی سەرکەوتوانەی ئەنجام دا.

1989* شەوی 7\8 مەفرەزەیەکی تیپی (63)ی جوتیاران لە نزیك قەڵادزێ کەوتە ناو بۆسەیەکی دوژمن و (سابیر محمود شوان) شەهید کرا .

1989* ڕۆژانی (7 و 8) دوژمن شاڵاوێکی فراوانی گرتنی لەشارەکانی (سلێمانی و هەولێر ئەنجام دا .

## (8) ی کانوونی دووەم

*1976 خالّە شیهاب و هاوڕێکانی لـە ئـەمنی سـلێمانییەوە ڕەوانـەی ئـەمنی عامـەی بەغدا کران .

*1983 سـێ پێشـمەرگەی تیپـی (57)ی سـەگرمە لـە خانویـەکی شـاری چەمچـەماڵدا ئابلۆقە درابوون ، لەسەعات 10ی بەیانییەوە تا 3ی پـاش نیـوەڕۆ بـەرگریان کـردو پاشـان بــە ڕۆکێتێکــی کۆپتــەر خانوەکــەیان بەســەردا ڕوخــاندن و هەرسێکیان شەهید بوون ئەوانیش شەهیدان (محمد نادر بکر تۆفیق مجید جمال ) بوون .

*1987 تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن کە لــە سـێ قۆڵـەوە بـۆ سەرسـنوری تیپی (93)ی کۆیە لەلایەن تیپەکانی (93،21،25،87،86) و شەهید بوونی چـوار پێشمەرگەی قارەمان .

*1987 تیپی 23 ی سورداش و گرتنی ڕەبیەی پردی تابین .

*1996 هەڤاڵ مام جەلال یەك لایەنە بڕیاری ئازاد کردنی دیلەکانی پارتی دا .

*1999 ڕۆژانـی 8–9 لـە دەسپێشـخەرییەکی تـری (ی.ن.ك) هـەڤاڵ مـام جـەلال بـە سەرۆکایەتی وەفدێکی باڵای (ی.ن.ك) سەردانی هاوینەهەواری پیرمامی کرد.

### (9) ی کانوونی دووەم

*1986 شەوی 9\10 تیپی 55ی قەرەداغ و هێرشی کردە سەر سـەربازگەی دەمرکـان لەســەر جــادەی ســلێمانی–عەربــەت دا (کوژرانــی 10 جــاش ، 4 دیــل ، دەستکەوتێکی زۆر) 2 پێشــمەرگەش شـەهید بـوون بـەناوی (ڕەفیـق چـەمی سمۆر و یاسین عەبدول ڕەحمان).

*1987 تۆپ باران کردنی سەربازگەی دەربەندیخان و کانی سارد لەلایەن تۆپ خانەی مەڵبەندی یەکەوە .

*1987 تیپی 99 ی بتوێن و کوشتنی ئەفسەرێك و 2 سەرباز لە دۆڵی خەلەکان .

*1995 شـەهید بوونـی پێشـمەرگەی دێریـن و لێپرسـراوی میحــوەری باڵەکایــەتی و کارگێڕی مەڵبەندی 6 ی سۆران هاوڕێ( جەلال حاجی) .

*1995 تێکشکاندنی پەلامارێکی پارتی بۆ سەر قەسرێ و قۆپی سەنگەران لە بنــاری قۆخە .

### (10) ی کانوونی دووەم

* 1986 مەفرەزەیەکی مەڵبەندی (4) لە هەولێر و لە نزیک (ئەلبان)، چەند تاوانبارێکیان بەسزای گەلو شۆڕش گەیاند.

* 1987 تیپەکانی 93 ، 21 ، 25 ، 87 و گرتنی ڕیزە ڕەبیەکانی کلکە سماق .

* 1989 بۆسەی پارتیزانەکانی وەحدەی شێروانە لەسەر ڕێگای کەلار سەرقەڵا و ڕاونانی جاشەکان تا گوندی هەیەر پاشا .

* 1999 ڕۆژانی 10—13 هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەڕێوەچوو ، لەئەنجامدا (ک.خ.ک) بە ڕێژەی 84.90٪ بە پلەی یەکەم دەرچوو .

## (11)ی کانوونی دووەم

* 1987 تیپی (31)ی سلێمانی بۆ چەند سەعاتێك گەڕەکەکانی سەرچنارو زەرگەتەی کۆنترۆڵ کرد .

## (12)ی کانوونی دووەم

* 1992 دەرچوونی ژمارە (سفر)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەهەولێر.

* 1997 هەڤاڵ (مام جەلال) بە سەردانێکی ڕەسمی بۆ وولاتانی دراوسێ و دەرەوە هەرێمی کوردستانی بەجێ هێشت .

## ( 13 ) ی کانوونی دووەم

*1996 سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پارکی هەولێری دانا.

* 1998 هەڤال (مام جەلال) پێشوازی لە وەفدێکی حکومەتی هۆڵەندا کرد کە بۆ ئاشنا بوون لە بارودۆخی کوردستان هاتبوون .

## ( 14 ) ی کانوونی دووەم

* 1986 دوژمن (18) هاووڵاتی کوردی لە شاری کەرکوك بەبەرچاوی هاووڵاتیانەوە گوللە باران کرد ، کە لە (منع التجول)ـەکەی ڕۆژی 1985/11/15 گیرابوون .

* 1986 شەوی 14\15 مەفرەزەیەکی تیپی (31)ی سلێمانی و گرتنی ڕەبیەی حمایەی ماڵە ئەفسەرەکانی گەڕەکی ئیسکان.

*1995 پارتی لە کەسنەزانەوە هێرشێکی بەر بڵاوی هێنایە سەر هەولێرە تێك شکا .

* 1997 ڕۆژانی 14 و 15 خولی سێیەمی دانوستانی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە ئەنقەرە بەسەر پەرشتی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیا دەستی پێ کرد.

## ( 15 ) کانوونی دووەم

*1985 دەرچوونی بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەربارەی کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق .

*1986 بۆسەی تیپی 21ی کەرکوك لەسەر جادەی ڕێدار تەق تەقو کوژرانی چەند سەربازێك، 16 دیل ، سووتاندنی دەبابەیەك و ئیڤایەك .

*1992 کردنەوەی کۆلێژی سەربازی لە قەڵاچوالان لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە .

*1995 دامەزراندنی دادگای عەسکەری هەمیشەیی.

*1999 وەفدێکی باڵای حکومەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی خاتوو سیتی جۆنز جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و وەفدێکی لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەردانی سلێمانییان کرد .

## (16)ی کانوونی دووەم

1984* بە ئامادە بوونی بەڕێز مـام جـەلال تـەرمی تۆفیـق وەهبـی بـەگ لـە زێـوێی پیرەمەگرون نێژرا .

1987* دوژمن تۆپ بارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد لە باڵخێ و حەسەن بـەگ و کارێزە و کونە ماسی .

1993* بەپێی بڕیاری ژمارە 48ی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان ، دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان پێك هات .

1995* پارتی کوێرانە بۆردومانی شارۆچکەی سەید سادقی کرد .

1997* هەڤاڵ مام جەلال لە میانـەی سـەفەرەکەی بـۆ دەرەوەی وولات لـە ئەنقـەرە چاوی بە (تانسۆ چیللەر)ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کەوت .

1999* مـام جـەلال پێشـوازی کـرد لـە وەفـدی حزبـەکانی هاوپـەیمانی دیموکراتـی کوردستان وەفدی 6 حیزبی دیکەی کوردستانی .

## (17)ی کانوونی دووەم

1988* بۆسەی تیپی پارێزگاری لەشەوی 17\18 لەدامێنی گۆجار (کوژرانی 7سـەرباز و 9 دیل).

1988* بۆسەی تیپی 21 ی کەرکوك لەسەر جادەی (ڕێدار تەق تەق) لە بان شـیوە سوور ، لەم شەڕەدا دوژمن چەند زیانێکی گیانی و ماڵی لێ کەوت.

1995* (ی.ن.ك) پرۆژەی رژێمی عێراقی سەبارەت بەناوبژی کردنی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)ی رەت کردەوە.

## (18)ی کانوونی دووەم

1983* هێزێکی دوژمن گەمارۆی هـێزێکی هاوبەشـی تیپـی 61ی کـۆرش و 93ی کۆیـە لەگوندی کانی وەتمان ، پاش شەرێکی قورس پێشمەرگەکان بێ زیان دەرباز بوون و ئابلۆقەکەیان شکاند .

1989* پارتیزانەکانی گەرمیان و هێرش کردنـە سـەر ڕەبیـەکانی دەرەی نەوتەکـە و پەڵکانە .

**(19) ی کانوونی دووەم**

1983* کەرتی 4 تیپی 57 ، بۆسەی جادەی قادر کەرەم لەیلان (سووتاندنی 1 ناقیلە 1 ئیڤا)

1986* شەوی 19\20 چالاکی تیپەکانی 12و99 لەناو شاری ڕەواندوز و کوژرانی 8 جاش .

1987* بۆسەی تیپی 51ی گەرمیان لەسەر جادەی سەنگا و چەمچەماڵ (کوژرانی 4جاش ، 5 دیل ).

1988* بۆسەی تیپی 31 ی سلێمانی لەبناری گۆجار و دۆڵی گەورە دێ (کوژرانی چەند سەربازێكو بەدیل گرتنی 108 سەربان).

1988* بۆسەی تیپی مەڵبەندی 2 نزیك خورخورە و یاخیان ، 82 سەرباز بەدیل گیران

1989* شەوی 19\20 مەفرەزەیەکی تیپی 85 لەناو هەولێر 3 جاشی بەسزای گەل گەیاند .

1989* پارتیزانەکانی گەرمیان و گرتنی ڕەبیەی هەزار کانی زنانە ، کوژرانی 6 جاش

1990* قەسابخانەی ڕژێم لە دژی ماسی گرەکانی دەریاچەی دوکان کوژران و ونبوونی 60 هاووڵاتی .

1995* سەعات 5:30 ئێوارە لەسەرجادەی سلێمانی دوکان چەکدارەکانی پارتی تەقەیان لە ئوتومبێلێکی دەزگای شێلتەر کرد و لە ئەنجامدا ئەندازیار دیار شەوقی کەریم شەهید بوو.

**(20) ی کانوونی دووەم**

1983* بۆسەی کەرتی سێی دەربەندیخان و تیپی 55ی قەرەداغ لەسەر ڕێگای (معەسکەری بەمۆ) کوژرانی چەند سەربازێكو سووتاندنی 2 ئوتۆمبێل .

1987* بۆمب بارانی گوندی (سێ گرتکان) و دەشتی هەولێر و شەهید بوونی 4 هاوڵاتی .

1995* (46) ئەدیب و هونەرمەندی شاری هەولێر موزەکەرەیەکیان ئاراستەی هەردوو مەکتەبی سیاسی و مام جەلال و مەسعود بارزانی کرد لەدژی شەڕی ناوخۆ و هەڕەشەی خۆ سووتاندنیان کرد .

## (21) ی کانوونی دووەم

1980* جاشەکان پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان دا لە (مام ڕەش    ڕێدار) لە ئەنجامدا 3 پێشمەرگە شەهید بوون و 3 پێشمەرگەی تریش بەدیل گیران .

1988* شەوی 21\22 هێرشێکی هاوبەشی تیپی 78 ی کاروخ و کەرتێکی حیزبی سۆشیالیست پەلاماری  مقر سریەی جاشەکانیان دا لە گوندی بەردانگە . کوژرانی 4 جاش و بەدیل گرتنی 8 جاش و زیانی پێشمەرگەکانیش بریتی بوو لە شەهید بوونی 2 پێشمەرگە .

1989* دوژمن هێرشێکی گەورەی کردە سەر ناوچەی گەرمیان بۆ پشکنین و گەڕان بەداوی پارتیزانەکاندا .

1995* هێزەکانی پارتی بە کاتیۆشاو هاوەن بنەسلاوەیان بۆردومان کرد لە ئەنجامدا 9 شەهید و 60 هاوولاتی بریندار بوو.

## (22)ی کانوونی دووەم

1986* هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی (55 و 57) لە سەعات 9 ی بەیانی لەسەر جادەی قەرەداغ   سلێمانی ، گوللە بارانی 2 ئوتۆمبێلی جاشیان کرد ، دوای نیو سەعات شەڕ 4 جاشیان کوشت و 7 ی تریشیان لێ بەدیل گرتن .

1987* 4 فڕۆکەی سۆخۆ گوندی سەرگەڵویان بۆردومان کرد و لەئەنجامدا 8  هاولاتی بێ تاوانی ئەو گوندە شەهید بوون .

1989* تەقینەوەی لوغمێك لەسەر جادەی (شەدەڵە    داری ئەسحابە) کە لەلایەن پارتیزانەکانی سورداشەوە دانرا بوو ، بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێك و سەربازێك . هەمان ڕۆژ پارتیزانەکان لەناو سووردداش تەقەیان لەچەند سەربازێك کردوو و هێزێك هات بەهانایانەوە تاوەکو 5 ی ئێوارە شەڕ درێژەی کێشا.

1993* سەعات 1:15 دەقیقەی پاش نیوەڕۆ  لەبەردەم کافتریای مشوار لە هەولێر بۆمبێك تەقیەوە و 11 هاوولاتی شەهید و 128 یش بریندار بوون .

1993* رژێم لەسەعات شەشی بەیانییەوە بۆ ماوەی سێ  سەعات گوندی (صفیە)و دەوروبەری تۆپ باران کرد لەهەمان رۆژیش پەلاماری گوندەکانی (تولەبەند)و (کولەبۆری) دا.

## (23) ی کانوونی دووەم

*1983 هێرشی کەرتی 5 ی تیپی 21 ی کەرکوك بۆسەر هێزی حیمایەی سوسێ و پردی تابین و شەڕی 4 سەعاتە و کوژرانی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و جاش و سووتاندنی چەند ئۆتۆمبێل و زرێپۆشێك .

*1986 هێزێکی هاوبەش کە پێك هاتبوو لە تیپی 57 ی سەگرمە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سەنگاو – چەمچەماڵ نایەوە سەعات 9 ی بەیانی تاقمە جاشێك کەوتنە بۆسەکەوە و درانە بەر دەستڕێژی گوللە ، زیانی دوژمن کوژرانی جاشێك و بەدیل گرتنی 3 جاش .

*1987 شەوی 23\24 تیپەکانی (93و87و86و99) و گرتنی هەموو ڕەبیەکانی نێوان کۆیە و تەق تەق .

## (24) ی کانوونی دووەم

*1985 مامە ڕیشە لەگەڵ هەڤاڵەکانی (موحسین و سەردار) بە پیلانێکی ئیستخباراتی عەسکەری و بەدەستی مستەشار (تحسین شاوەیس) شەهید کران

*1992 لەشاری سلێمانی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز دامەزرا.

*1993 پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی 3/5 لەهەموو ساڵێك بەڕۆژی دەست پێکردنی ڕاپەڕین بناسرێتو ڕۆژی 3/20 کەڕۆژی رزگار کردنی کەرکوکە بکرێ بەڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕین.

*1993 (هـ.پ.ك) هێرشێکی دوژمنی بۆسەر گوندی عەلی ئاوا ی ناوچەی شوان تێکشکاند .

## (25) ی کانوونی دووەم

1985* لە سێدارەدانی کۆمیتەی ئاگری کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان .

1985* کەرتی 4 ی جەباری لــە تۆڵـەی مامەڕیشـە لەقافڵـەیکی سـەربازیان داو شـەڕ لەسەعات 8 ی بەیانی تا 7 ی ئێوارە بەردەوام بوو، لەئەنجامدا دوژمن دەیان کوژراوی هەبوو هەروەها (4) پێشمەرگەی قارەمانیش شەهید بوون.

1985* شەوی 25\26 بۆسەی هاوبەشی تیپــەکانی 57،51،21و لـە تۆڵـەی مامـە ڕیشـە بۆسەیەکیان لەسەر جــادەی بـاوە بـۆ دوژمـن نایـەوە ، لـە ئـەنجامدا دەیـان کەس کوژران و 3 ئۆتۆمبێل و زرێپۆش سووتێنران .

1987* تیپی 21 کەرکوك و گرتنی ڕەبیەکانی دەوروبەری کارگەی قیری چەمچەماڵ.

## (26) ی کانوونی دووەم

1985* لە تۆڵەی شەهید مامە ڕیشەدا کـەرتی 3 ی هەمـەوەندی تیپـی 57و تیپـی 21 لەسەر جادەی چەمچەماڵ سەنگاو هێرشیان بردە سەر کاروانێکی سەربازی دوژمنو زەرەری گیانیو ماڵی گەورەیان لێ دا.

1985* بۆسەی کەرتی دووی تیپی 55 ی قەرەداغ لەسەر جادەی سلێمانی عەربەت لە تۆڵەی مامە ڕیشە ، سووتاندنی ئیڤایەك و جێب قیادەیەك .

1985* تێکشـکاندنی پـەلامارێکی دوژمـن بۆسـەر ناوچـەی جـەباری لەلایـەن تیپـــی (57)ەوە و کوژرانی چەند جاشێك و پێکرانی کۆپتەرێك.

1985* کـەرتی تیپـی 57 هێرشـی کـردە سـەر بارەگـای جەیشـی شـەعبی ئـــەڵایی و لەئەنجامدا چەند کەسێکیان لێکوژرا .

1986* شەوی 26\27 تیپی 47 ی پیرەمەگرون و گرتنی ڕەبیەی (المیاه الجوفیـە) لـە سلێمانی و کوژرانی 6 جاش .

1991* بەدەست پێ کردنی هێرشی زەمینیی هاوپەیمانان بۆسەر هێزەکـانی عـێراق لەکوەیت، کاستی ڕادیۆی 41 مـەتری (دەنگـی گـەلی کوردسـتان) گەیشـتەوە گوندی زەڵێ.

1992* دەرچوونی ژمارە (1) کوردستانی نوێ لەهەولێر.

1993* (هـ.پ.ك) هێرشێکی دوژمنیان لە نزیك گوندی کوچەك ی گەرمیان تێکشکاند

*1982 هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی 83ی هەورێ و حیزبی سۆشیالیست و حیزبی شیوعی شەڕی سێکانیان لای تەق تەق و شەهید بوونی 13 پێشمەرگە .

*1985 لەسەرجادەی سلێمانی  تاسلوجە لە نزیك دێی سەرداراوە مەفرەزەیەکی کەرتی 2 و کەرتی تیپ سەعات 4 ی پاش نیوەڕۆ لە دوو سەیارەی عەسکەریان دا لە جۆری گاز قیادە بووە هۆی کوژرانی 4 سەرباز .

*1986 مەفرەزەیەکی تیپی 87 ی قەرەچووغ سەعات 5 ی ئێوارە لەناو شاری هەولێر لەبەر دەم ماڵە موستەشارێکدا تەقەیان لە ڕەوە جاشێك کرد و 3 جاشیان کوشت .

*1987 تیپی 57 سەگرمە و گرتنی ڕەبیەی نێوان کەوەڵە و زەنگەنە لە دووری 8 کم لە شاری کەرکوك و گرتنی 8 جاش.

*1988 شەوی 27\28 داستانی گرتنی تەواوی سەری ڕەش ، تیپەکانی (85و86و87و90و93و91) و بارەگای مەڵبەند ، بەسەرپەشتی کاك کۆسرەت. گرتنی 1 تانکی بەڕازیلی ،4 مدرعە، سەدان پارچە چەك ، کوژرانی 300 سەرباز و 40 دیل و شەهید بوونی 15 پێشمەرگە و 5 لەو شەهیدانە لەسەرما و لەبەفرا ڕەق بوونەوە . ئەم داستانە بە کامێرای ڤیدیۆ لەلایەن دڵشاد محمد علییەوە وێنە گیراوە .

*1988 تیپی 23ی سورداشو تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن کە بەمەبەستی سوتاندنی گوندی تیمار هاتبوون.

*1992 سەعات 4 ی ئێوارە لە سلێمانی کۆنگرەی یەکەمی گشتی (ی.ن.ك) دەستی پێ کرد .

*1996 لە بەرزاییەکانی بان مەقانەوە دوژمن چەمچەماڵی تۆپ باران کردو لە ئەنجامدا هاووڵاتییەك شەهید و 2 بریندار بوون .

*1978 لە سێدارە دانی جمالە ڕەش لە قەسابخانەی موسڵ .

*1982 هـێزێکی هاوبەشـی کۆیـە و کۆسـرەت لـە سـەعات 3:30 پـاش نیـوەڕۆ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی نێوان خەلەکان و هیزۆپ و نێوان هەردوو گوندی باقلان و کانی وەتمان نایەوە ،سووتاندنی ناقیلەیـەك و 2 ئیڤـا و کوژرانـی 21 سەرباز .

*1994 چەند فڕۆکەیەکی تورکیا گوندی زەلێیان بۆردومان .

*1996 شـەهید کردنـی مامۆسـتا کـەمال کـوردی ئـەندامی مەڵبـەندی ڕێکخسـتنی سلێمانی.

## (29)ی کانوونی دووەم

*1985 لە تۆڵەی شەهید مامە ڕیشە شەوی 29\30 کەرتی تیپ و کەرتی 2 تیپی 57 لەناو بەکرەجۆو چەند تاوانبارێکیان بەسزای گەل گەیاند .

*1987 تیپی 57 و گرتنی ڕەبیەی گوندی کوڕەداوێی چەمچەماڵ .

*1992 سەعات 3:40 دەقیقە هەڤاڵ عومەر دەبابە لەسەر سەکۆی سەرۆکایەتی کۆنگرەدا کۆچی دوایی کرد .

*1992 سەعات 7ی ئێوارە بۆ ماوەی پێنج سەعات دوژمن ناوچەکانی (تەکیەو جەوتو جانی) تۆپ باران کرد.

*1993 لەبارەگای فەرماندەیی ناوچەی هەولێر یەکەم کۆبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان بەسترا .

*1993 (هـ.پ.ك) بە توندی بەرپەرچی هێرشێکی دوژمنی بۆسەر ناوچەی جەباری دایەوە .

## (30)ی کانوونی دووەم

*1979 کادری کۆمەڵە و پێشمەرگەی (ی.ن.ك) حسین مەولود (مەلا عەلی) لە گوندی کرژە بەدیل گیرا.

*1987 تیپی 51 ی گەرمیان و گرتنی ڕەبیەی چەمی سوورخاو .

*1989 شەوی 30\31 تیپی 86 ی دەشتی هەولێر و گرتنی ڕەبیەی (بەلەبان).

*1992 بەئامادەبونی مام جەلالو ئەندامانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) سەعات 10ی سەرلەبەیانی لەگۆڕستانی (کەکۆن)ی شاری کۆیە تەرمی خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە بەخاك سپێردرا.

*1993 لەتۆڵەی تۆپ بارانی ناوچەکانی گەرمیان، تۆپخانەی وەزارەتی پێشمەرگایەتی تۆپ بارانی مۆڵگاکانی دوژمنی کرد.

*1997 ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی شەرعی هەرێمی کوردستان لەپاش تەعدیلی وەزاری یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەشاری سلێمانی بەست.

*1999 بەسەرپەرشتی مام جەلال و دکتۆر فوئاد مەعسوم کۆنفرانسی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) لە شاری (گۆنتکن) لە ئەڵمانیا ئەنجام درا .

## (31) ی کانوونی دووەم

*1978 شەهید بوونی هاوڕێ شاسوار جەلال (ئارام) ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ لە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ . بەدەستی چەند جاشێك.

*1979 شەهید بوونی د.بەختیار مەلا خالید لەناو شاری سلێمانی بەدەستی سیخوڕەکانی ڕژێم .

*1985 بۆسەی کەرتی (3و5) ی تیپی 57 ی سەگرمە لەسەر جادەی چەمچەماڵ سەنگاو ، کوژرانی چەند سەربازێك.

*1986 بۆسەی تیپی 21 ی کەرکوك لەسەر جادەی تەق تەق ڕێدار لە شیوە سوور لەئەنجامدا چەند سەربازێك کوژرانو 19ی تریش بەدیل گیرانو پێشمەرگەیەکیش بەناوی سامان ڕەجەب شەهید بوو.

*1986 تیپی 31 ی سلێمانی و گرتنی ڕەبیەیەکی پۆلیس لە تووی مەلیك و بەدیل گرتنی 8 پۆلیس .

*1987 8 فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی گوندی تەکیە و بەلەکجاریان کرد لەئەنجامدا هاووڵاتییەك بەناوی حسین حەسەن شەهید بوو .

*1999 لە شاڵاوێکی تری ڕاگواستن حکومەتی عێراق لە ماوەی 2 ڕۆژدا 21 خێزانی کوردی لە شاری کەرکوك و لە شارەکانی تری بن دەستی خۆی دەرکرد.

ئەو ڕووداوانەی کە لە مانگی کانوونی دووەم ڕوویان داوەو  ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

– 1976 دەرچوونی ژمارە یەکی ڕێبازی نوێ لە سوریا .

– 1980 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری بزوتنەوە ئۆرگانی بسك .

– 1982 دەرچوونی ژمارە یەکی بڵاوکراوەی صوت الاسبوع .

– 1982 دەرچوونی ژمارە یەکی (الاتحاد) لە ئەورووپا لەلایەن لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی (ی.ن.ك) .

– 1982 نامەی سکرتێری گشتی ی.ن.ك بۆ بەخێرهاتنەوەی 250 پێشمەرگە بۆ ناو ریزەکانی شۆڕش.

– 1983 دەرچوونی ژمارە یەکی کوردایەتی ئۆرگانی (ی.ش.ك) .

– 1983 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری سروشت کەتایبەتە بەزانستی منداڵان .

– 1983 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری پێشمەرگە پاشکۆی گۆڤاری ڕاپەڕین .

– 1987 ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕێکەوتننامەی دوقۆڵی (ی.ن.ك) و پارتی گەل

– 1987 نامەی پیرۆزبایی زانایانی ئاینی کوردستان بۆ (ی.ن.ك) بە بۆنەی ڕێککەوتنی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) .

– 1988 چۆڵ کردنی چوارتا ، کارێزە ، قەڵاچوالان ، سوورەقەڵات .

–

# شوبات

## February

### (1) ى شوبات

* 1983 دەرچونی ژمارە (1)ى گۆڤارى (ئەستێرە)ـەى تایبەت بەمندالآن لەشاخ.

* 1985 لەتۆلـەى مامـە ریشـەو هاورێکـانى تیپـى 21 کـەرکوكو شـەڕى گونـدى (گورزەبین)ى بەعەرەب کراو، لەم شەڕەدا پ.م فەخرەدین عەلى رەزا ناسراو بە (هەردى دوو شیوانى) شەهید بوو.

* 1989 پێشمەرگە قارەمانەکانى ڕەتلى سورداش (پارتیزانەکان) لەشەڕێکى دەستەو یەخەدا لەبەرگەلو رەبیەى ناوپردانیان گرت.

* 1990 کۆچـى دوایـى (طــه عەسـکەرى ناسـراو بـە مـام طــه) لـە زەلـێ ، نـاوبراو پێشمەرگەو ئەندامى (یەکێتى ماف پەروەرانى کوردستان ) بوو .

### (2) ى شوبات

*1983 دەرچوونى ژمارە یەکى گۆڤارى ئەسـتێرە تایبـەت بـەمندالآن لـە ڕاگـەیاندنى مەلبەندى3

*1978 شەڕى شیواوشان (یەکەمین شەڕى بەرەیى لە شۆڕشى نوێ) و لـەم شـەڕەدا بۆیەکەمین جار ئارپیجى نرا بە کۆپتەرەوە .

*1979 شەڕى گوندى جۆبلاخ و شەهید بوونى پێشمەرگە سەلام حەمە شوان .

* 1987 پێشمەرگەکانى تیپى (56)ى گەلالە لەسەعات 11ى شەوى 2\3 هێرشیان کردە سەر ڕەبیەى (سەرکۆمێ)و لەماوەى 10 دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت.

* 1987 بۆسـەى پێشـمەرگەکانى کـەرتى تیـپ و کـەرتى 3 ى تیپـى (23)ى سـورداش لەسەر جادەى دوکان تاسلوجەو بەدیل گرتنى 4 جاش.

* 1989 پارتیزانـەکانى هـەولێر لــە گونـدى (ڕەزگــەو ســەرکەند) پــەلامارى چــەند جاشێکیان داو تا ناو شەقلاوا ڕاویان نان و سێ کەلاکیان لێ بەجێ هێشتن .

* 1992 دەستپێکردنەوەى کارەکـانى کۆنگـرەى یەکـەمى (ى.ن.ك) لـەهۆلى میدیـاى شارى هەولێر کە بەهۆى مردنى هەڤال عومەر دەبابە ڕاگیرا.

* 1992 سـەعات 12ى نیـوەڕۆ یەکـەم سـەردانى هــەڤال مـام جـەلال بـۆ بارەگـاى کوردستانى نوێ لەهەولێر.

### (3)ى شوبات

* 1986 پێشمەرگەكانی تیپی (55)ی قەرەداغ لەشەوی 4\3 دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەیەكی نزیك سەربازگەی (هۆرێن).
*1993 وەفدێكی ئەندامە كوردەكانی پەرلەمانی توركیا بەسەردانێك گەیشتە كوردستان .
* 2000 لەكەشو هەوایەكی ئازادو هێمنو لەپرۆسەیەكی مێژوییدا یەكەم هەڵبژاردنی شارەوانییەكان لەناوچەكانی ژێر دەسەلآتی ی.ن.ك بەسەركەوتویی ئەنجام درا.

### (4)ى شوبات

* 1983 لەشەوی 5\4 پێشمەرگەكانی كەرتی 3 ی تیپی (55) لەماوەی 30دەقیقەدا دەستیان گرت بەسەر مقری (جیش الشعبی) لەعەربەت.
* 1986 بۆسەی تیپی 87 ی قەرەچوخ لەسەرجادەی گشتی كۆیە هەولێرو چەند ئوتۆمبیلێكی سەربازی كەوتە بۆسەكەوەو چەند سەربازێكیش كوژران.

### (5)ى شوبات

* 1983 شەوی 6\5 لەگوندی (نێرەگێن) و لەئەنجامی شەڕی خوێناوی نێوان لایەنەكان 19 پێشمەرگە شەهید بوون.
* 2000 لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەكان پاڵێوراوانی ی.ن.ك زۆرینەی دەنگەكانیان بەدەست هێنا.

## ( 6 ) ی شوبات

* 1983 ڕاگەیاندنی هاوبەشی 19 حیزب و ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لیبیا بەناوی پەیمانی نیشتمانی .
* 1989 لەشاری کەرکوك ڕژێم بەناوی پێشمەرگەوە 6 هاوولاتی کوردی خەڵکی عەربەتی گوللەباران کرد کەیەکێکان ژن بوو .
* 1993 لەناو کافتریای زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر بۆمبێك تەقیەوە و لەئەنجامدا 3 شەهید و 12 بریندارى لێ کەوتەوە .
* 1993 بەستنی سیمنارێکی فراوان لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆرو لێزان بۆ لێدوان لەسەر چۆنیەتی دەرهێنانی نەوتی کوردستان لەشیواشۆك.

## ( 7 ) ی شوبات

* 1985 هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێك هاتبوو لە 17 تانك و 2 مدرعەو 6 کۆپتەر و 2 پیلاتۆز و 150 ئوتۆمبیلی پڕ لەجاش پەلاماری گوندی گۆپتەپەیان داو پاش شەڕێکی چەند سەعاتە لەلایەن تیپەکانی (21و25)ەوە زیانی دوژمن کوژرانی 42 جاش و 29 سەرباز بوو ، ئەم سەروەریەش بەخوێنی گەشی 3 پێشمەرگە تۆمار کرا کە شەهیدان (حاکم کمال زوهێر سعدون ئیسماعیل عزیز صالح) بوون ، دوژمن توانی گوندی گۆپتەپە بگرێت و پاشان تەختی کرد .
* 1985 تێکشکاندنی هێرشی بەربلاوی دوژمن بۆسەر گوندی کانی ساردی دەربەندیخان لەلایەن قارەمانەکانی تیپی 55ی قەرەداغ.
* 1986 شەوی 8\7 پێشمەرگەکانی تیپی 87 ی قەرەچوخ چوونە ناوشاری هەولێر و 7 جاشیان بەدیل گرت .
* 1986 کەرتی 4 و 5ی تیپی 21 لەشەوی 8\7 پەلاماری هەردوو ڕەبیەی پارێزگاری بیرەنەوتەکانی جەوەڵ بۆریان دا لە دوری 8 کم لەشاری کەرکوك و گرتنی هەردوو ڕەبیەکەو کوشتن و بریندار کردنی ژمارەیەك و بەدیل گرتنی (11) ی تر .
* 1995 چەکدارەکانی پارتی لە قۆڵەکانی هەندرێن و بێخاڵ و بناری کۆڕەك و کاولۆکانەوە پەلاماری ڕەواندوزیان داو تێك شکێنران .

## ( 8) ى شوبات

1986 * شـەوی 8\9 پێشـمەرگەکانی تیپـی 86ی دەشـتی هـەولێر پــەلاماری ڕەبیــەی پارێزگاری بیرە نەوتەکانی بیرەباتیان دا لـە دووبـز و پـاش شـەڕێکی کـورت دەستیان بەسەر ڕەبیەکەدا گرت و 10 چەکیان دەسکەوت بوو .

1987 * پێشـمەرگەکانی تیپـی 51 ی گـەرمیان و کـەرتی (1و4) بۆسـەیەکیان لەسـەر جادەی دوز قادر کرم نایەوە قافڵەیەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە . شەڕ لەسـەعات (12:30 4) بـەردەوام بـوو . کوژرانـی چـەند سـەربازێکو بـەدیل گرتنی 3 سەربازی تر.

1987 * بۆسەی کەرتی 6 ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر لەسەرجادەی هەولێر کۆیە نزیك گوندی ئەشکەوت سەقا و 6 چەکداری دوژمنیان بەدیل گرت .

## ( 9) ى شوبات

1983 * بۆسـەی پێشـــمەرگەکانی کـەرتی (2)ی شــارەزور / تیپــی 31 ی ســلێمانی لەسەرجادەی عەربەت زەڕایەن و تێکشکاندنی ئوتۆمبیلێکی جاشەکان .

1986 * تیپی 19ی کۆڕەك و کۆنترۆڵ کردنی جادەی هەریر شەقڵاوە و تێکشکاندنی 2 ئوتۆمبیل و بەدیل گرتنی 8 کەس

1986 * مانگرتنی کاسبکارانی شاری قەڵادزێ لەدژی باری نائەمنی لەناوشاردا .

1987 * تیپەکانی 21ی کەرکوك و 25ی خاڵخالان لە دوو قۆڵـەوە پـەلاماری دوژمنیـان شکاند بۆسەر گوندی ئیلنجاخ لەسەر ڕێگەی ڕێدار تەق تەق پاش شـەڕێکی قورس کوژرانی 50 کەس و بەدیل گرتنی 5 کەسـی تـر و چـەندین دەسـکەوت هەبوو ، 4 پێشمەرگەی قارەمانیش شەهید بوون .

1992 * بـەئامادەبونی (656) ئـەندازیار یـەکێتی ئـەندازیارانی کوردسـتان لەسـلێمانی یەکەمین کۆنگرەیان بەست.

## (10) ی شوبات

1983 * هێرشی بەربڵاوی جاش و جەیش بۆ سەر گوندی (ئاوەکەڵە ، کـانی هـەنجیر، سێ تەلان ) کە بریتی بوو لە 5 کۆپتەر و 1000 سەربازو جـاش شـەڕ لـە 7 ی بەیانی‌یەوە تا 4 ی ئێوارە بەردەوام بوو . سەرئەنجام هێرشەکە تێك شکێنراو یەك پێشمەرگە بەناوی کەریم رەسول مەحمود شەهید بوو .

1987 * هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی مەڵبــەندی 3 ســەعات 2:30 ی شـەوی 10\11 لـە دوو قۆڵـەوە پـەلاماری دوژمنیـان دا . لـەڕەواندوز و شـاخی کـۆڕەك ، پـاش شەڕێکی سەخت توانیان دەست بگرن بەسەر مقر فەوجی 128 و 2 مقر سریەو 13 ڕەبیە ، کوژرانی 135 سەرباز ، گرتن و سوتاندنی 6 دەبابەو سەدان پارچە چەك و لەم نەبەردیە بێ وێنەیەدا 4 پێشمەرگە شەهید بوون .

1990 * ڕۆژانـی 10و11 بەسـتنی دەهـەمین کۆنگـرەی ئەنجومەنـەکانی کوردسـتان لـە سوید .

1993* (ی.ن.ك) و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان یەکیان گرتەوە .

1994* مـام جـەلال هـەواڵی شـەهید بوونـی 5 قارەمـانی (ی.ن.ك) (جـەباری حـاجی ڕەشید ، مامۆستا ئەحمەدی سناعە ، وەستا بەکری دارتاش ، حەمە رەحیم ، عەتای حاجی ئەحمەد)ی ڕاگەیاند .

1999* بەمەبەستی بەشداری مەراسیمی یادی بیست ساڵەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران وەفدێکی باڵای حکومەتی هـەرێم بەسـەرۆکایەتی (کۆسـرەت ڕەسـول عـەلی) گەیشە فرۆکەخانەی میهرئابادی تاران .

## (11) ی شوبات

1976 * دەرچوونی بەیاننامەی (ی.ن.ك) بۆ چوونە ناو (التجمع الوطني العراقي) .

1988 * شەوی 11\12 کەرتی 6 ی تیپی 51 ی گەرمیان و گرتنی ڕەبایەی (پردی قۆری چای) و لەماوەی 20 دەقیقەدا دەستی بەسـەردا گـیراو 5 چـەکداریش بـەدیل گیران .

1996 * ی.ن.ك ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پێشوازی لەپەناهەندەکانی کوردی تورکیـا لەئۆردوگای ئەتروش.

### ( 12 )ی شوبات

1998 * هەردوو وەفـدی بـاڵای (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) یەكـەم كۆبوونـەوەی هاوبەشـیان بەئامادە بوونی بەڕێز (عزیز محمد) لە شەقڵاوە بەست .

### ( 13 )ی شوبات

1978 * كۆپتەرەكانی دوژمن لەئاقاری گوندی (سماقە)ی سـەر بەناحیـەی تەقتـەق دوو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرتاییەكانیان شەهید كرد ئـەوانیش (سـەید مرسـڵو قادر مەخموری).

1986 * بۆسەی پێشمەرگەكانی تیپی 37ی شارباژێڕ لە سەرجادەی چوارتا كەناروێ و سوتاندنی 6 ئۆتومبیل ، كوژرانی چەند سـەرباز و جاشـێكو پێشـمەرگەیەكیش بەناوی عوسمان قادر شەهید بوو .

1987 * دوژمن تۆپ بارانی گوندەكانی (ڕەزگەو قـەڵاتوكان و ئاشـقولكەو سـورەدێ)ی كرد .

1990 * ڕژێم لەناو مەلعەبەكەی شاری هەولێر 9 هاووڵاتی بێ تاوانی گوللەبارن كرد .

1993* بـە پیلانـی ڕژێـم تەقینەوەیـەك لـە عـەمبارەكانی ڕێكخـراوی مـانگی سـووری عێراقی لە سلێمانی ڕووی دا .

1999* لە درێژەی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن دا بەغا 25 خێزانی شاری خانەقینی بەرەو ڕومادی و ناوەڕاستی عێراق ڕاگواست .

### ( 14 )ی شوبات

1987 * (ه.پ.ك) دوو پسـپۆری بیانیـان بـەناوی (مـانفرید پـیرەنس ئـەڵمانی و ئەتیلاجلیكال توركی)یان دەسـت گـیر كـرد، لـەبری ئـازاد كردنیـان (ی.ن.ك) داوای ئازاد كردنی اسماعیل بیشكچی و 200 زیندانی سیاسی كوردی توركیـای كرد .

1987 * تێكشـكاندنی هێرشـێكی قـورس و بـەربڵاوی سـێ ڕۆژەی دوژمـن بۆسـەر قەڵاتوكان لەلایەن قارەمانەكانی تیپی 56 ی گەڵاڵە.

1992* كۆتایی هاتنی كۆنگرەی گشتی (ی.ن.ك) لە هەولێر .

1995* پـارتی بنەسـڵاوەی بۆردومـان كـرد و لـە ئـەنجامدا 3 هـاووڵاتی شـەهید و 3ی تریش بریندار بوون.

1999* سەرۆكی حكومەتی هەرێم لەتاران چاوی بە (ئایەت الله هـاشمی ڕەفسـنجانی) كەوت.

**(15) ی شوبات**

* 1980 شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی هەرێمی 1 لە ناوشارۆچکەی خورماڵ و شەهید بوونی پێشمەرگە سامان حاجی قادر .

* 1985 داستانی دابان  هەلاج پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆ و گرتنی 17 ڕەبیەو 3 مقر سریە و کوشتنی 540 سەرباز و بەدیل گرتنی 98 سەرباز و جیش شعبی ، گرتنی 210 پارچە چەك ، 000 210 فیشەك.

* 1989 بەیاننامەی بەرەی کوردستانی لەبارەی ڕێکخستنی هەفتەی شاری هەڵەبجە .

* 1993 لەسەر داخوازی حکومەتی سوریا مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی بەرەو دیمەشق بەڕێ کەوت

**(16) ی شوبات**

* 1978 هێرشی دوژمن بۆ گوندی قارەمان و دەستگیرکردنی پێشمەرگە (ابو بکر نوری قادر ناسراو بە ئاشتی)و پاشان لەشەوی 17\18 /6 لە سێدارە درا .

* 1988 مەفرەزەی شەهید سەردار چوونە ناو هەولێر و بە دیل گرتنی معاون محافظی هەولێر و مدیری مبایعات مواد غذائی.

* 1992 لەنێوان گوندی (سونێ و شێنێ) سێ پێشمەرگەی ی.ن.ك لەژێر هەرسی بەفردا شەهیدبوون (عەولا وەتمان، مەحمود عەولا وەتمان، ڕەسول وەتمان).

### ( 17) ی شوبات

*1986 بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی 93 ی کۆیە لەسەرجادەی دۆڵی شاڵەبەگیانو ئوتۆمبیلێکی تویوتاو هینۆیەکی جاش کەوتنە بۆسەکەوەو لە ئەنجامدا 10 جاش کوژران و 10 پارچەچەکی جۆراوجۆر دەست کەوت بوو .

*1986 داستانی پڕ سەروەری (کەڵێتە) لە شەوی 17\18 .

*1987 گرتنی رەبیەی لای (شیوی میری ئەلآیی) لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی 57ی سەگرمە لەسەرجادەی سلێمانی کەرکوکو لەئەنجامدا 9 چەك دەستکەوت بوو .

* 1988 رۆژانی 17و 18و 19 دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالی یەك لەدۆڵی جافایەتی.

*1992 دوژمن لە سەعات 2ی پاشنیوەڕۆ تۆپ بارانی بارەگاکانی پێشمەرگەی بەرەی لە نەوجول کرد .

*1993 ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاری سڕینەوەی یاسای ژمارە (35)و هەردوو بڕیاری ژمارە (364)و (367)ی بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی دا.

*1994 یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی لەبارەگای INCلە پیرمام ڕێکەوتننامەی ئاشتیان ئیمزا کرد .

### ( 18) ی شوبات

* 1987 تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن لەسەعات 1 ی شەو بۆ سەرشاخی زەردەی پشتی بانی خێلآن لەلایەن مەڵبەندی یەك و تیپی 55 و پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی و هێزی پشتگیری .زیانی دوژمن زیاد لە 100 کوژراو و بریندارو بەدیل گرتنی 4 مغاویرو چەند پارچە چەکێکیش دەست کەوت بوو . پێشمەرگەیەکی قارەمانیش شەهید بوو .

* 1987 هێزێکی هاوبەشی کەرتی (1و3و6)ی تیپی 51 ی گەرمیان لە شەوی 18\19 لە دوو قۆڵەوە چوونە ناوشاری کفری دەستیان گرت بەسەر ڕەبایەی مەکینەی بەفرەکە.

*1993 شەوی 19/18 دوژمن بۆ ماوەی یەك سەعات ناوچەکانی (شێخ لەنگەرو کەڵشێر تەپە)ی تۆپ باران کرد.

### ( 19) ی شوبات

* 1989 سەعات 5ی ئێوارە شەهید بوونی مەلا ئەحمەد و هاورێکـانی بـەهۆی ڕوخـانی ئەشکەوتی (داری خلە) لە گەرمیان.

* 1992 یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتی و جێگرانی پاش یەکەمین کۆنگرەی گشتی (ی.ن.ك) .

*1992 تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن بۆسەر گوندی تۆپزاواو ناوچەی شوان لەلایـەن تیپی 20 ی شەهیدانی چیمەنەوە .

*1995 ڕۆژانی 19و20 پارتی بەبەردەوامی ڕەواندوزی بۆردومان کرد .

## (20) ی شوبات

*1979 پێشمەرگە (شادمان عوسمان مجید) ناسـراو بـەئومێد لـە زینـدانـی موصـلْ لـە سێدارە درا.

*1985 تیپـی 85ی بەڕانـەتی و گرتنـی مەرکـەز ناحیـەی خۆشـناوەتی و ڕەبیـــەکانی دەرووبەری.

*1986 بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی 23 ی سورداش لەسەرجادەی دوکان سلێمانیو بەدیل گرتنی چەند خۆفرۆشێك.

*1992 کۆبوونەوەی 3 قۆڵی حکومەتەکانی ئێران تورکیا سوریا.

## (21) ی شوبات

* 1982 شەڕی قارەمانانەی گوندی فەقێ مصطفی لەناوچەی گەرمیان و شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان احمد دوانزە ئیمامی .

* 1986 بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی 21 ی کەرکوك لەسەعات 4:30 ی ئێوارەدا لەسەرجادەی ڕێدار تەق تەق لە شیوە سور.

* 1990 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بەتوندی ڕژێمی عێراقی بەپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ تاوانبار کرد

* 1992 سەعات 3:40 دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوە 40 دەقیەقە دوژمن ناوچەی نەوجولی تۆپ باران کرد .

* 1994 دوژمن بۆ ماوەی چەند سەعاتێك گوندەکانی (ئاوایی گەورەو کانی ماسی)و ئەو بەری سیروانی تۆپ باران کرد.

* 1999 جەماوەری شاری سلێمانی ڕێپێوانێکیان بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ڕفاندن و تەسلیم کردنەوەی ئۆجەلان بە تورکیا ڕێك خست.

## (22) ی شوبات

* 1986 هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێك هاتبوو لە سەدان جاش و سەرباز و بەپاڵپشتی 4 تانك و 2 مدرەعەو تۆپی قورس و 6 کۆپتەری باری و جەنگی و 2 فرۆکەی پیلاتۆز و 3 شۆفلٚ لەسەعات 8:30 پەلاماری هەردوو گوندی (تۆمارو گورگان)یان دا بەمەبەستی سوتاندنی ، قارەمانەکانی تیپی 21 لێیان هاتنە دەست و پاش حەوت سەعات شەڕی سەخت هێزەکەیان شکاندو زیانی دوژمن کوژرانی 15 سەرباز و جاش و تێکشکاندنی مدرەعەیەك و ئوتۆمبیلێك بوو 3 پێشمەرگەش شەهید بوون بەناوی (احسان کریم ، صباح شەوکەت ، شوکر بکر) .

* 1987 سەعات 11تاوەکو 2:30 شەو تیپی 12 ی سۆران بە تۆپی قورس تۆپ بارانی مقەر فەیلەقی 5 و دەزگاکانی ڕژێمیان کرد لەناوشاری ڕەواندوز .

* 1992 کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوان لەسلێمانی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای UN لەسلێمانی سازدا لەدژی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس.

## (23) ی شوبات

* 1978 پێشمەرگە (فاتح قادر احمد) ناسراو بەکرێکار پاش شەڕێکی قارەمانانە لەچالاکی‌یەکی بێ وێنەدا لەناو زانکۆی سلێمانی دا خۆی شەهید کرد.

* 1985 دەست پێکردنی هێرشی چەند قۆڵی هێزەکانی مەڵبەندی 4 بۆسەر ڕەبیەکانی دەوروبەری هیران .

* 1986 تێکشکاندنی پەلاماری جاشەکان بۆ سەر گوندی کۆکز لەلایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی 53 ی شیروانەوە.

*1986 نەبەردی قارەمانانەی تیپی 43 ی ئاسۆس لە شاخی ئاسۆس و شەهید بوونی (محەمەد هەمزە ڕەشید)

* 1987 نامەی بەڕێز مام جەلال بۆ میخائیل گۆرباچۆف لە ڕۆژی سوپای سوری سۆڤیەتی دا تیایدا داواکرابوو کە چی‌دی چەك بەعێراق نەفرۆشن .

* 1988 شەوی 23\24 کیمیا بارانی گوندەکانی (یاخسەمەر چالآوا هەڵەدن) لە دۆڵی جافەتی .

* 1988 هێرشی بەربڵاوی دوژمن لەچەند قۆڵەوە بۆسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافەتی‌و دەست پێکردنی شالآوی ئەنفالی (1).

*1995 لەهەڵمەتێکداو بەبیانوەی جیا جیا رژێم (80) خێزانی کوردی لەخانەقین‌و کەرکوك تەرحیل کرد.

*1999 هەڤاڵ مام جەلال خولی هەشتەمی پەیمانگای کادێرانی بۆ ڕێبەرانی سیاسی لە پەیمانگای کادێران کردەوە .

## ( 24) ی شوبات

* 1984 ڕۆژانی 24—27 کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) .

* 1986 بۆسەی تیپی 55ی قەرەداغ لە نێوان سلێمانی قەرەداغ‌و شەڕی 10 سەعاتە، کوژرانی 20 جاش و تێکشکاندنی ناقیلەیەك و پێکرانی کۆپتەرێك . ئەم نەبەردی‌یە بە خوێنی گەشی فەرماندەی مەفرەزە (فاتح عبدالله نادر) تۆمار کرا .

* 1990 شالآوی دوژمن‌و کێومالّ کردنی ناوچەی سورداش‌و گەڕان بەدوای پارتیزانەکانی (ی.ن.ك) ڕستی سورداش .

## ( 25) ی شوبات

* 1978 دوژمن پەلاماری هێزێکی پێشمەرگەی دا لە نـاوگوندی چنگیـان و لەئـەنجامی ئەم شەڕەدا پێشمەرگە (ابوبكر عبدالله) شەهید بوو .

* 1986 بروسـكەی مەكتـەبی سیاسـی (ی.ن.ك) بـۆ (27)ەمـین كۆنگـرەی حزبـی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی .

* 1986 بۆسەی تیپی 31 ی سـلێمانی لەسـەرجادەی چوارتـا سـلێمانی ، پـاش یـەك سەعات شەڕ ، سوتاندنی زیلێكی سەربازی كوژرانی چەند سەربازێك.

* 1988 بەدرێژایی ڕۆژی 25/2 و شەوی 25\26 چـەندین جـار دوژمـن گوندەكـانی دۆڵـی جافایەتی بۆردومان كرد و لەئەنجامدا 8 شەهید و 201 هاووڵاتی بریندار بوون.

* 1989 هێرشی گەورەی دوژمن بۆ دۆڵی جافەتی و گەڕان بەدوای پارتیزانەكانی ڕستی سورداش .

*1989 دوژمن دوو هاووڵاتی خەڵكی دارەتووی لەشاری كەركوك گولله باران كرد .

*1995 پارتی بۆردومانی بنەسلاوە و جادەی هەولێر– كۆیەی كرد .

## (26) ی شوبات

*1986 سەعات 5:30 ئێوارە هێزێكی قارەمـانی تیپـی 57 ی سـەگرمە هەڵمـەتی بـردە سەر ڕەبیەیەكی دوژمن لەسەرجادەی سلێمانی قەرەداغ پاش یـەك سـەعات شەڕ دەست گیرا بەسەر ڕەبیەكەدا و 8 جاش بەدیل گیران.

*1988 شەوی 26\27 سەعات 1:50 دەقیقە دوژمـن كیمیـا بـارانی یاخسـەمەری كـرد و بووە هۆی شەهید بوونی 4 پێشمەرگە و 5 هاووڵاتی .

*1992 ی.ن.ك دوو پرۆسێسی گرنگی بۆ چارەسەركردنی باری كوردستان پێشكەشی سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی كرد كەبریتی بوون لـە (پەرلـەمانو ئەنجومەنی تەنفیزی كاتی)

*1997 پاش سەردانێكی چەند ڕۆژە بۆ وولاّتانی دراوسێ و ئەوروپا بەڕێز مام جـەلال گەیشتەوە خاكی هەرێمی كوردستان .

*1998 هێزەكانی دوژمـن بـۆ مـاوەی 20 دەقیقـە دەوروبـەری چەمچـەماڵ و ناوچـەی شوانیان بۆردومان كرد .

(27) ی شوبات

* 1977 ڕژێمی عێراق (اسماعیل تایە النعیمی) کرد بە قـائدی فەیلـەقی یـەك و شـەڕی لەناوبردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی دەست پێ کرد .

*1982 هێرشی دوژمن بۆسەر گوندی جێشانە و شەهید بوونی (ئەنوەر بارۆیی ، نوری هورمزیار ، عەبدول شێخ وساڵ ، بەکری خەمە)

* 1987 قارەمانەکانی تیپی 21 و 25 پاش شکاندنی پشتێنەی ئەمنی شاری کـەرکوك و لەهەڵمەتێکی شێرانەدا دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەی شورە نزیك یارمجە.

* 1988 فڕۆکەکانی دوژمن بەخەستی بۆردومـانی گوندەکـانی (تەکیـە ، بەلـەکجار)یـان کرد وە لەهەمان کاتدا بۆردومانی چەند گوندێکی ناوچەکانی قـەرەداغیان کـرد لەئەنجامدا چەند هاووڵاتیەك بریندار بوون .

*1989 پارتیزانـەکانی هـەلێر هەڵمـەتیان بـردە سـەر جاشـەکانی دارەتـوو ، لــەپاش شەڕێکی دەستەویەخە 2 جاش کوژران و 6 ی تریش بریندار بوون .

*1993 دوژمن تۆپ بارانێکی خەستی گوندەکانی (ڕەحیمە قوتەو کڵاو قوت)ی کرد.

*1995 پارتی بۆردومانی ئۆردوگاکانی پیرزین و شاوەیسی کرد لەئەنجامدا 2 هـاووڵاتی شەهید و 5 یش بریندار بوون .

*1999 مەکتـەبی سیاســی بـۆ گەشــەپێدان و بــژار کردنــی (ه.پ.ك) بڕیــاری چــاو خشاندنەوەی بە پەیڕەوی ناوخۆی (ه.پ.ك) دا .

## (28) ی شوبات

* 1992 دوژمـن هێرشـێکی بـەربڵاوی کـردە سـەر (کەڵـەك و ناحیـەی خـەبات) و پـاش بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرشەکەی تێك شکێنرا .

*1992 ڕاگـەیاندنی ڕەسمـی ی.ن.ك لـەدژی بڕیـاری بـەرەی کوردسـتانی بـۆ قەدەغــە کردنی هاتنی ڕۆژنامەکانی رژێم بۆ کوردستان.

*1996 لەلەندەن بەڕێز مام جەلال لەگەڵ شا حوسەیەن کۆبۆوە.

## (29) ی شوبات

ئەو ڕوداوانەی ڕۆژەکانی نەزانراوە لەمانگی شوبات دا :

—1977 پێکهاتنی ڕێکخراوی هەڵۆی سوور لە بەغدا .

—1983یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دووەمین کۆنگرەی خۆی لەناوچە ڕزگارکراوەکان بەست .

—1986 نوێنەری (ی.ن.ك) نامەیەکی لە بارەی جەنگی لەناو بردنی گەلی کوردەوە ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی فەرەنسا کرد .

—1987 ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناشناڵ تاوانی لە سێدارە دانی مندڵانی کوردستانی ڕیسوا کرد

—1989 ڕژێم 30 ماڵی کوردی لەگەڕەکی شۆڕیجە ڕوخاندو خەڵکەکەی ڕەوانەی هەولێر کرد .

—1989 شالاوی گرتن و پشکنین لە ئۆردوگای زەڕایەن و گرتنی 6 هاوولاتی و پاشان لەسلێمانی لە سێدارە دران.

—1989 (ثقافة الشرارة) هاوار نامەیەکی ئاراستەی 15 نووسەر و هونەرمەندی عێراقی دوورە وولاتی کرد بۆ پشتگیری و تاوانبار کردنی کارەساتی هەڵەبجە .

—1990 ژەهراوی کردنی پەنابەرانی کورد لە ئۆردوگاکانی تورکیا .

# مارت ((ئازار))

### (1) ئازار

1977* یەکەمین ڕێکەوتننامەی مەیدانی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) (القیادة المؤقتة) لەشام مۆر کرا .

1989* خاتوو دانیال میتران سەردانی ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی کرد لە تورکیا .

1989* (منع التجول) و پشکنین لە ئۆردوگای زەڕایەن .

1993* مام جەلال پێشنیارێکی دا بەپەرلەمانی کوردستان کە لەهەموو فەرمانگە ڕەسمییەکانی حکومەتدا وێنەی شێخ مەحمودو مەلا مستەفا هەڵبواسرێت.

### (2)ی ئازار

1980* ڕۆژانی 2 20 کۆبوونەوە فراوانەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی(ی.ن.ك) لە نێوزەنگ .

1985* شەوی 3\2 تیپەکانی 87 و 86 و گرتنی دوو ڕەبایەی جەیشی شەعبی لە گوندی (بەرزەوار ناحیەی کەندیناوا) .

1986* شەوی 3\2 تیپە 57 و گرتنی ڕەبیەی کارگەی عەلەفی نێوان سلێمانی کەرکوك و کوژرانی 5 جاش .

1983* شەوی 3\4 تیپی 57 ی سەگرمەو گرتنی (مدیریة شرطة كمرك السليمانية) لەسەر جادەی سلێمانی سەرچنار بەرامبەر ماڵی پارێزگاری سلێمانی.

1985* هێرشی تیپەكانی (93 ، 85 ، 87 ، 86) بۆسەر ڕەبیەكانی نێوان دێگەڵە و كۆیە و گرتنی 4 ڕەبیە ، لە ئەنجامدا چەند جەیشی شەعبی بەدیل گیران و ژمارەیەكی تریش كوژران و دەست كەوتێكی زۆر هەبوو ، ئەم نەبەردیە بە خوێنی 2 پێشمەرگە (نەجات ئەحمەد عەولا و سەباح هەمزە سلێمان) تۆمار كرا .

1985* شەوی 3\4 هێرشی هێزەكانی مەڵبەندی 4 بۆسەر زنجیرە ڕەبیەكانی ڕێگای هەولێر كۆیە و گرتنی 4 ڕەبیە .

1987* شەوی 3\4 هێزێكی هاوبەشی تیپی 87 و 86 و مەفرەزەیەكی مەڵبەند و ڕێكخراوی كۆمەڵە لەسەعات 12:30 ی شەو پەلاماری بنكەی جەیشی شەعبی (ابو جعفر المنصور) یان دا لەسەر جادەی گشتی كەركوك هەولێر ، پاش 10 دەقیقە شەڕ دەست گیرا بەسەر 4 ڕەبیە و دەیان كەس كوژران و 4 یش بەدیل گیرا ، گرتنی 1 مدرعە و چەندین پارچە چەك . 3 پێشمەرگەش شەهید بوون .

1987* تۆپ خانەی تیپی 53 ی شێروانە بەخەستی تۆپ بارانی دام و دەزگاكانی حكومەتیان كرد لە ناحیەی تیلەكۆ زیانێكی قورسیان پێ گەیاند .

1987* هێزێكی هاوبەشی تیپەكانی (83 ، 19 ، 12 ، 93 ، 99) هێرشیان كردە سەر مۆڵگەی چەكدارەكانی دوژمن لە گوندی گرد جان و ڕەبیەكانی دەور و بەری ، پاش شەڕێكی سەخت و خوێناوی زیانی دوژمن پتر لە 100 سەرباز و جاش بوو هەروەها دەست كەوتێكی زۆر هەبوو ، 3 پێشمەرگەش شەهید بوون .

*1986 پێشمەرگەکانی تیپی 85و86 ڕەبیەی سەر ڕێگای هەولێر   سەلاحەدینیان گرت و لە ئەنجامدا 4 جاش کوژران .

*1987 شەوی 3\4 چەند مەفرەزەیەك لە تیپەکانی (83،19،12،93،99و مەڵبەندی 3) پەلاماری ڕەبیەکانی گردجان یان داو شەڕی قورس لەگەڵ هێزەکانی بەهاناهاتوو ڕویداو بووە هۆی کوژانی 100 سەرباز و قوربانی پێشمەرگەش 2 شەهیدی قارەمان بوو .

*1987 دەستەیەکی تیپی 57 لەسەر جادەی قەرەداغ   سلێمانی بۆسەیەکیان نایەوە و 3 سەیارەی پڕ لە جاش کەوتنە بۆسەکەوە، لە ئەنجامی یەك سەعات شەڕ 5 جاش کوژران لەوانە (مستەشاری فەوجی 32 ی سووك ) ، بەدیل گرتنی 3 جاشی تر .

*1987 بروسکەی پیرۆزبایی مام جەلال بۆ کاك کۆسرەتو هەڤاڵانی مەڵبەندی 3و گشت (هـ.پ.ك) بەبۆنەی سەرکەوتنەکانیانەوە لەدەشتی بتوێنو چوار قوڕنە.

*1989 ڕژێم لەسەعات 3 ی شەوە وە ئابلۆقەی ئۆردوگای پیرەمەگرونی دا و بۆ ڕۆژی دوایی ئۆردوگاکەی پشکنی بەمەبەستی دەست گیر کردنی پارتیزانەکانی سورداش .

*1990 ڕژێم کۆمەڵێ هاوڵاتی لە ناوچەی قەڵادزێ دەست گیر کرد کە بۆ کاسبی چوو بوونە ئەو ناوە لە وانە 10 کەسیان لەناو شاری ڕانیە گوللە باران کران .

*1991 چەخماخەی ڕاپەڕین لە ئۆردوگای حاجی ئاوا

### ( 5)ی ئازار

*1982 داستانی قازان و شەهید بوونی ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هێزی 2 و 11 پێشمەرگەی تر، لەم بارەوە (م.س)ی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی دەرکرد .

*1983 بروسکەی پارتی گەلی بۆ تێکۆشەرانی (ی.ن.ك) لە بارەی سەرکەوتنەکانی تیپی سەگرمە و گەرمیان لە سلێمانی و سەرقەڵا .

*1985 کات ژمێر 5 ی ئێوارە دوژمن بۆردومانی گوندەکانی (داربەسەر و سێگرتکان و گۆمەشینی کرد و بووە هۆی شەهید بوونی پێشمەرگەیەك و سوتاندنی سەیارەیەکی مەدەنی .

*1986 شەوی 5\6 پێشمەرگەکانی تیپی 23 ی سورداش پەلاماری ڕەبیەی دارە تویان دا ، پاش شەڕێکی کورت دەستیان بەسەردا گرت .

*1989 ڕژێم 5 هاووڵاتیی شاری سلێمانی لە زیندانی طواری گولله باران کرد.

*1991 ڕاپەڕین و ئازاد کردنی شاری ڕانیە دەروازەی ڕاپەڕین.

*1995 لەسەر داوای مام جەلالو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمن بەهەزاران لاوی شاری سلێمانی دەستیان دایە چەك.

**(6)ی ئازار**

*1985 کاتژمێر 1 ی پاش نیوەڕۆ دوژمن بە 5 کۆپتەر و 2 هەنتەرەوە گوندەکانی سماقوڵی و سەروچاوە و گرتك و سێکانی بەخەستی بۆردومان کرد، 3 شوانی بێ تاوان شەهید بوون .

*1985 کاتژمێر 6 ی ئێوارە فڕۆکەکانی دوژمن بۆردومانی گوندی گۆپتەیان کرد لەئەنجامدا بوە هۆی شەهید بوونی ژنێك بەناوی فەوزیە جەوهەر.

*1989 ڕژێم 5 هاوڵاتی شاری سلێمانی گوللە باران کرد و هەریەکەیان شوێنی 18 فیشەکی پێوە بوو .

*1991 ڕاپەڕینی شاری چوار قوڕنە و بازیان .

*1992 لەبەردەم بارەگای بەرەی کوردستانی ئوتومبێلێکی بە مین چێنرا و تەقیەوە و بووە هۆی شەهید بوونی 7 هاووڵاتی و بریندار بوونی 8ی تر .

*1995 ڕۆژانی 6و7 لە دژە هێرشێکدا لە ناوچەی (گوێڕ) دەیان ڕەبیە و سەربازگەی دوژمن لەلایەن (هـ.پ.ك)ەوە ئازاد کران .

**(7)ی ئازار**

*1985 هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی دوژمن لەچەند قۆڵێکەوە بۆ سەر سنووری مەڵبەندی 4 و شەڕەکانی (ئازیانە و قەشقە) .

*1985 فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر گوندی بانە مور لەسنوری تیپی 86 و 3 پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بەناوی (فارس عومەر ، عبێد مستەفا احمد ، لوقمان قادر حسن) منداڵێکیش بریندار بوو .

*1985 مەفرەزەیەکی کەرتی 2 ی شوان چوبونە ناوچەی ساڵەیی و شێخ بزێنی ، دوژمن بەهێزێکی گەورەوە کە بریتی بوو لەچەکدارەکانی قاسم ئاغاو بەپاڵپشتی ناقیلەو تۆپی 106 لەگەڵ 2 فڕۆکەی پیلاتۆز هێرشیان کردە سەر ناوچەکەو شەڕ لە 11 ی پێشنیوەڕۆ تاوەکو 6:30 ئێوارە درێژەی هەبوو لە هەمان کاتدا هێزی پشتگیری هاوشانی پێشمەرگەکان ڕوبەڕوی دوژمن بوونەوە و زیانی زۆریان لە دوژمن دا .

*1990 ڕۆژانی 7–11 کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی .

*1991 ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری سلێمانی.

*1992 تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن بۆ سەر قوشتەپە و پردێ لەلایەن پێشمەرگەکانی بەرەوە .

*1993 لەسەر بانگهێشتی وەزیری دەرەوە کوەیت مام جەلال گەیشتە ئەو وڵاتە.

*1995 تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن لە گەرمیان لەلایەن پێشمەرگە و جەماوەرەوە.

*1995 سەرۆکی حکومەت داوای لەکۆمەڵانی خەڵکو لایەنە سیاسییەکانی کرد کەبەشداری بکەن لەبەرگری کردن لەنیشتمان دژی هێرشەکانی حکومەتی عێراق.

*1996 یەکەمین پەخشی ڕادیۆی دەنگی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی .

## (8)ی ئازار

*1978 شەڕی قارەمانانەی (دەشتێو) لەم نەبەردیەدا هەڤاڵ سەعدی گچکە و 17 قارەمانی گەل شەهید بوون .

*1983 داستانی سەرقەڵا ، کە تێدا سەدان سەربازی دوژمن کوژران ، گرتنی یەک دەبابەی بەڕازیلی ، 3 جێب ، سووتاندنی یەك ئیڤا ، گرتنی 18 چەکی جۆراو جۆر و 1 ئارپیجی . هەروەها پێشمەرگە (وەلی محمود) شەهید بوو .

*1987 تۆپخانەی هێزی پێشمەرگە بەخەستی تۆپ بارانی سەربازگەی چەمچەماڵیان کرد و زیانێکی زۆریان بە هێزەکانی دوژمن گەیاند .

*1990 ڕۆژانی 8—10 کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی .

*1991 ڕاپەڕینی ناوچەکانی (چەمچەماڵ ، پیرەمەگرون ، شارەزوور ، هەڵەبجە، عەربەت ، ئەڵڵایی، زەڕایەن).

*1992 تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی (دەلۆ ، ڕەحیمە قوتە ، کڵاوقوت).

(9)ی ئازار

*1986 پێشمەرگەکانی تیپی 86 و گرتنی ڕەبیەی قۆپی سووری سەرگەڵوی میراوا نێوان شەقڵاوە هەریر.

*1987 تۆپ خانەی شۆڕش تۆپ بارانی باڵخێ و ڕەبیەکانیدەور و بەری کرد ، هەروەها سەعات 5 ی ئێوارەش قوتەی حەسەن بەگی تۆپ باران کرد .

*1989 دوژمن تەرمی هاوڵاتی (کەیوان ئەحمەد) ی لە سلێمانی دایەوە بەکەس و کاری.

*1991 ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی شارەکانی (کەلار ، شەقڵاوە، دەربەندیخان، تەقتەق، دیانە، ئاغجەلەر، قەرەهەنجیر، مێرگە سور، باسرمە، کفری، کۆیە، هەریر، ئۆمەران، خەلیفان).

*1995 لە دژە هێرشێکدا لە گەرمیان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) تەواوی ناوچەکەیان لە هێزەکانی دوژمن پاك کردەوە .

*1997 سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەسەردانێکی ڕەسمی بۆ دەرەوەی وولات بەڕێ کەوت .

(10) ی ئازار

*1985 دەرچوونی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەربارەی بۆردومانی شاری خانەی کوردستانی ئێران لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی 700 هاووڵاتی .

*1986 هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی مەڵبەندی 1 و هێزی پشتگیری ناوچەکە سەعات 4:30ی ئێوارە لە سێ قۆڵەوە پەلاماری شاری سەنگاویان دا و شەڕتا سەعات 10:30 ی شەو بەردەوام بوو ، لەئەنجامدا دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا ، کوژرانی دەیان کەس ، دەست کەوتێکی ئێجگار زۆر لەچەك و تەقەمەنی هەبوو.

*1987 مەفرەزەیەکی کەرتی 3 تیپی 21 ی کەرکوك شەوی 11\10 هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی کەلی سمایل بەگ و دەستیان بەسەردا گرت ، لەئەنجامدا 2 چەکدار کوژران و ئەوانی تریش ڕایان کرد .

*1991 ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی (تەق تەق ، ئاغجەلەر ، قەرە هەنجیر ، کۆیە ، کفری ، هەریر ، باسرمە ، چۆمان ، حاجی هۆمەران ، خەلیفان ، دیانا ، ڕەواندوز ، مێرگە سوور ) .

*1993 کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستان دوا کۆبوونەوەی خۆی بەست .

*1993 شێخ جابر الاحمد الصباح ی میری کوەیت پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال کرد

*1997 لە هۆڵێکی کۆنگرێسی ئەمریکا و بە سەرپەرشتی گروپی مافی مرۆڤ لە واشنتۆن کۆبوونەوەیەك لەبارەی کێشەی کوردەوە بەسترا .

(11) ی ئازار

*1987 هێزی پێشمەرگە 2 هاوڵاتی میسریان لەسەر جادەی (دووز کفری) دەستگیر کرد بەناوی (محمد عبد القادر ، محمد رشاد) کە هەردووکیان لە خزمەتی حکومەتی عێراقدا کاریان دەکرد .

*1991 شەوی 11\12 شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان و پارتیزان (حەمە ڕەش) لە ئەنجامی تۆپ بارانی دوژمن لەناو شاری دووز .

*1991 ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی (هەولێر ، خانەقین ، دووز خورماتو ، قوشتەپە ، خەبات) .

*1995 هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری دیبەگەدا دەستی بەسەر بارەگای لیوا و چەندین فەوج و کەتیبەی مەدفەعی دا گرت .

*1997 خولێکی دیکەی دانووستانی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە ئەنقەرە و پاشەکشەی پارتی بە بیانووی کوژرانی (محێدین ڕەحیم) لەهەولێر.

*1997 بەئامادەبونی مام جەلال و سەرکردایەتی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانو بەبۆنەی ڕاپەڕینی سلێمانی وهەولێرەوە لەبەردەرکی سەرای سلێمانی 200هەزار کەس کۆبوونەوە.

## (12)ی ئازار

1987* تۆپخانەی (هـ.پ.ك) بە خەستی تۆپ بارانی سەربازگەی خەلیفانی کرد .

1991* ڕاپەڕین و ئازاد کردنی (باوەنور ، ئالتون کۆپری ، جەبارە ، کولەجۆ) و تەواوی ناوچەی قەرەهەنجیر .

1991* شەوی 13\12 سەربازگەی دارەمان گیرا و ڕێگاکانی (کەرکوك سلێمانی ، کەرکوك بەغدا ، کەرکوك هەولێر) کەوتنە دەستی پێشمەرگەوە .

1991* کاتژمێر 12:30 پاش نیوەڕۆ دوژمن گوندی گردە سووری نێوان پردێ و قوشتەپەی تۆپ باران کرد .

1992* تەقینەوەی بۆمبێکی تەوقیت کرا و لە قەزای سۆران کە بووە هۆی شەهید بوونی 2 منداڵ و بریندار بوونی 6ی تر .

1993* چڵکاو خۆرانی دوژمن تاوانێکی دڕندانەیان دژ بەخەڵکی گوندی (عەوێنە) ی دەشتی هەولێر ئەنجام دا کە پتر لە 15 هاووڵاتیان شەهید کرد .

1995* (هـ.پ.ك) دەستی بەسەر بارەگای لیوایەك و فەوجەکانی و کەتیبەیەکی تۆپ خانە و کەتیبەیەکی تانکی دوژمندا گرت .

## (13)ی ئازار

1991* ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی مەخمور و ئاکرێ .

1991* وەڵامی هەڤاڵ مام جەلال بۆ بەڕێز (میر عبد الرحمن کورد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی نیشتمانی پاکستان کەبە بۆنەی پیرۆزبایی ڕاپەڕینەوە ناردبووی .

1992* دوژمن لەسەعات 10 ی سەرلەبەیانیەوە ناو شاری کفری تۆپ باران کرد و لە ئەنجامدا 6 هاووڵاتی شەهید کرد و 2 هاووڵاتیش بریندار بوون .

1993* 6 فڕۆکەی ئێرانی گوندەکانی (بۆڵێ و ئەستێروکان) ی ناوچەی ناودەشتیان بۆردومان کرد.

1996* بەپێی بڕیار سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانی 20و21و22 کرا بەجەژنی نیشتمانی .

## (14)ی ئازار

*1986 دەســتەیەك لــە پێشــمەرگەکانی تیپــی 37 ی شــارباژێڕ پــەلاماری ڕەبیــەی زەینەڵیان دا کە ئەکەوێتە سەر جادەی ماوەت سوورەقەڵات دوای هێرشێکی کت و پڕ دەست بەسەر ڕەبیەکەدا گیراو لەئەنجامدا 5 چەکداری دوژمن بــەدیل گیران .

*1986 وەفدێکی (ی.ن.ك) بەشداری چل و دووەمین کۆنگــرەی لیژنــەی مــافی مرۆڤــی کرد .

*1991 ڕاپەڕین و ئازاد کردنی (دهۆك ، زاخۆ ، ئــامێدی ، ســوارە تووکــە، ئانیشــکی ، سەرسەنگ) .

*1991 تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن لە جەلەولاوە.

*1991 ئازاد کردنی (دهۆك ، زاخۆ ، ئامێدێ ، سوارتوکە ، ئانیشکی ، سەرسەنگ) .

## (15) ی ئازار

*1976 بەیاننامەی کۆمیتەی هەرێمــەکان / کۆمەڵــە (بزوتنــەوە چەکدارەکــەی پێشــوو سەرەنجامی بەئاش بەتاڵ ) نووسینی شەهید ئارام .

*1986 لیژنەی عەفوی دەولی لە جنێڤ ڕەفتارەکانی ڕژێمی عێراقی تاوانبــار کــرد بــە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ .

*1986 تیپەکانی 37 و 51 و تێکشکاندنی پەلامارێکی گەورەی دوژمن بۆســەر ســنووری 37 و زیانێکی زۆریان لەدوژمن دا .

*1986 تیپی 87 ی قەرەچووغ و بۆسەی جادەی مــەخموور بــاقرتو کوژرانــی چــەند سەربازێك.

*1991 دوژمــن هێرشــی هێنایــە ســەر دووز خورمــاتوو و تێکشــکا و هــەر لــەو شــەڕەدا کۆپتەرێك خرایە خوارەوە و 35 سەرباز کوژران .

*1991 هاتنی ڕادیۆی 41 مەتری دەنگی گەلی کوردستان بۆ ڕانیە .

*1992 ســەعات 9 ســەرلەبەیانی 16 ڕۆڵــەی گەلەکــەمان پــاش ئــەوەی یادداشــتێکیان پێشکەشی UN و بەرەی کوردستانی کرد و بەرێ پێوان بەرەو هەڵەبجە بــەڕێ کەوتن .

*1993 (حافظ اسد)ی سەرکۆماری سوریا پێشوازی لە مام جەلال کرد .

*1987 نامەی ڕێکخراوی (ی.ن.ك) لە بەریتانیا بۆ جیفری هاو و لێپرسراوانی تر لە بارەی وەزعی کوردان و مافی مرۆڤ .

*1988 کیمیا بارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کە تیادا (5) هەزار هاووڵاتی بێ تاوانی ئەو شارە شەهید بوون.

*1989 بەشی سینەما سەر بەدەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) فیلمی (تاوان) ی ئامادە کرد ، دەرهێنانی عەباس عەبدول ڕەزاق .

*1989 لە بیرەوەری کارەساتی هەڵەبجەدا لە 16–21 لە گەلەری (خانەسوورە) ی تاران پێشانگایەکی هاوبەشی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کرایەوە ، (ی.ن.ك) بە سێ پۆستەر هاوبەشی کردبوو کە لەلایەن هونەرمەندان (ڕێبوار سەعید و عوسمان قادر)ەوە ئامادە کرابوو، هونەرمەند ئاکۆ غەریبیش بە سێ پۆستەر بەشداری کردبوو .

*1989 بەهەمان بۆنەوە لە خانەی فەرهەنگی شاری سنە پێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندان (رمزی قطب الدین ، عادل احمد ، هادی ضیاء الدین ، نەسرین محەمەد شاکەلی) کرایەوە.

*1990 تیپی شانۆی کوردستان لە شاری سەقز شانۆگەری (نێرگز و مەرگی هەڵەبجە)ی نمایش کرد .

*1990 بەیاننامەی (ی.ژ.ك) بەبۆنەی یادی هەڵەبجەی شەهید و نەورۆزەوە .

*1990 بەیاننامەی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان بە بۆنەی تێپەڕ بوونی 2 ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا .

*1991 ئازاد کردنی شاخی قەرەچووغ و سەربەشاخ .

*1992 تەقینەوەی نارنجۆکێك لە بازاڕی شێخەڵای شاری هەولێر و شەهید بوونی هاووڵاتییەك و بریندار بوونی دووانی تر ..

*1992 هەڤاڵ مام جەلال بەشداری ڤیستیڤاڵی جەماوەری فراوانی کرد لە هەڵەبجەی شەهید .

*1996 سەعات 3 ی پاش نیوەڕۆ پارتی بنەسڵاوەی بە کاتیۆشا بۆردومان کرد و 4 هاوڵاتی شەهید بوون .

### (17)ی ئازار

*1988 هێزەکانی (ی.ن.ک) بەتەواوی لـە کوردسـتان کشـانەوە لـە کـاتی هێرشـەکانی ئەنفالدا .

*1989 بۆ ماوەی 5 ڕۆژ لە کرماشان، بەشی سـینەمای دەزگـای ڕاگـەیاندنی (ی.ن.ک) فیلمێکی بە ناونیشانی (کوردستانی عـێراق تراجدیـای مـەرگ) پیشـان داو کـە لەوێنە گرتن و مۆنتاجی کاك عباس عبدالرزاق بوو .

*1991 دوژمن هێرشی هێنایە سەر دووز تێکشکێنراو 50 کوژراوی لێ بەجێما.

*1993 کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی (د.فوئاد مەعصوم ) دەستی لەکار کێشایەوە .

*1995 هاوولاتیانی سلێمانی بۆ کۆمەك کردنی شاری ڕەواندوز بڕی 2 ملیـۆن دیناریـان کۆکردەوە .

*1999 لە هۆڵی پەرلەمانی بەریتانیا لە لەندەن یادی کیمیا بارانی هەڵەبجە کرایەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی (ئیندایت)ەوە و بە پشتیوانی (ی.ن.ک) ئامادە کرابوو.

### (18)ی ئازار

*1986 دوژمن لە سێ قۆڵەوە بە پاڵپشـتی 4 کۆپتـەر و تـەواوی تـۆپ خانـەی سـوورە قەڵات ماوەت کەناروێ هێرشێکی گەورەی کردە سەر سنووری تیپی 37 ی شارباژێر لە شاخی یاخیان لـە سـەعات 9 ی بەیانی‌یـەوە ڕووبـەڕوی هەڵمـەتی پێشمەرگەکانی تیپی 37 ی شارباژێر بووەوە ، شەڕەکە شەش سەعاتی خایاند و دوژمن یەك بست پێشڕەوی نەکرد و لەئـەنجامدا پاشەکشـەی کـرد و دەیـان سەرباز کوژران .

*1988 بەیاننامەی ڕژێمـی عـێراق لـەبارەی گرتنـی سـەرکردایەتی (ی.ن.ک) لـە دۆڵـی جافەتی .

*1988 کۆتایی شەڕی 25 ڕۆژەی سەرکردایەتی لە 2/21 3/18 .

*1997 لە چوار چێوەی ڕێکەوتننامەی ئاشی ئەنقەرە تیمێکی هێزی ناسراو بـە (PMF) بەسەرۆکایەتی حەسەن قاپلان گەیشتە کۆیە .

**(19)ی ئازار**

1986 * مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 4 لە فولکەی زەعیمی شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر (ابراهیم زەنگەنە)یان دایە بەردەست ڕێژی گوللە .

1988 * دەرچوونی بەیانی ژمارە(3087) سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەمەڕداگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) (ئەنفال1) .

1989 * تەقینەوەی مینی چێنراوی پارتیزانەکانی سورداش لەسەرجادەی شەدەڵە هۆمەرقەوم و کوژرانی 3 کەس .

1990 * شالاَوی کێومالْ کردنی سەربازی ناوچە چۆلْکراوەکانی سورداش و گەڕان بەدوای پارتیزانەکان‌دا.

1991 * ڕادیۆی 75 مەتری دەنگی گەلی کوردستان گەیشتە شاری سلێمانی و لە گردی عەلی ناجی دامەزرا .

1991 * ڕاپەڕینی شاری کەرکوك، لەهەمان کاتدا دەست بەسەر فرۆکەخانەی تسعین و سەیتەرەی کەرکوك سلێمانی‌دا گیرا .

1993* لەدەست پێشخەریەکی مام جەلال (عبدالله ئۆجالان) سەرۆکی پەکەکە لە 20 ئازاردا تاوەکو 15 ی نیسان یەك لایەنە تەقەی ڕاگرت .

1999* وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا 250 هەزار دۆلاری بۆ شاری هەڵەبجە تەرخان کرد.

**(20) ی ئازار**

1987 * تۆپخانەی تیپی 53ی شێروانە بەخەستی مۆلْگاکانی دوژمنیان لە ناحیەکانی سەرقەلاَ تۆپ باران کردو لە ئەنجام دا تۆپێکی 130 ملم تێك شکێنرا .

1988 * هێرشی بەربلاَوی هێزەکانی دوژمن و جاشەکان بۆسەر ناوچەی قەرەداغ .

1988 * شەوی 20\21 هێزێکی هاوبەش لە تیپی 15 ی شارەزوور چوونە ناو ئۆردوگای زەڕایەن و 11 چەکداریان بەدیل گرت .

1989 * پارتیزانەکانی گەرمیان و کوشتنی 2 جاش لە نزیك ژالەی ڕەبات و هەمان ڕۆژ پەلاماری ڕەبایەیەکی دوژمنیان دا لە دوزخورماتوو .

1991 * ئازادکردنی شاری کەرکوك قودسی کوردستان .

1995* لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) خەریکی شەڕی دوژمن بوون بۆ جاری سێهەم پارتی ڕەواندوزی بۆردومان کرد .

1979 * خۆپیشاندانی جەماوەری ئۆردوگای بەستۆرەی شاری هەولێر .

1979 * سەعات 5 ی ئێوارە لـە نۆکانـەوە یەکـەمین پەخشـی ڕادیـۆ دەسـتی پـێ کـرد بۆماوەی یەك سەعات بەناوی (ئێرە دەنگی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستانە)

1982 * هێرشـی جاشـەکان بۆسـەر پێشـمەرگە لـە گونـدی (مۆرخـواردوو)ی سـەرو لـە خاڵخاڵان و لەم شەڕەدا 7 پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون .

1982 * پێشمەرگەی قارەمانی مەفرەزەی سەرەتایی (علی صالّح) لە نەبەردیەکدا پاش ئابلۆقەدانی خۆی شەهید کرد .

1983* خۆپیشاندانو مانگرتنی 3 ڕۆژی جەماوەری شاری رانیە.

1983* تیپـی هونـــەری چەوســاوەکان بەبۆنــەی نــەورۆزەوە ئاهــەنگێکی گــەورەیان لەبالیسان پێشکەش کرد.

1984* ئاهەنگی گەورەی نەورۆز لە سورداش، بەئامادەبوونی یەك ملیۆن کەس و لـەو ڕۆژەدا مام جەلال وتارێکی مێژویی خوێندەوە.

1986* سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بە بۆنەی جەژنی نـەورۆزی نەتـەوەیی گەلەکەمانـەوە بڕیاری ئازاد کردنی 12 جەیشی ناشەعبی دا کە مندالّ و نەخۆش و پیر و پـەك کەوتە بوون .

1987 * هێرشی تیپی 57ی سەگرمە بۆ سەر ڕەبایەیەکی دوژمـن لـەجادەی سـلێمانی کەرکوك نێوان ئەڵلایی و تـەینالّ و لـەماوەی 15 دەقیقـەدا دەسـتیان بەسـەردا گرت لەئەنجامدا 2 چەکدار کوژران و قوربانی هـێزی پێشـمەرگەش 2 شـەهیدی قارەمان بوو .

1987* تیپی 21 ی کەرکوك لەچەند قۆڵێکەوە چوونە ناو قەرەهــەنجیرەوەو دەسـتیان گرت بەسەر چەندین مۆلگەی دوژمن و دەستکەوتێکی زۆریش هەبوو ، قوربانی پیێمەرگەش 2 شەهیدی قارەمان بوو.

1990 * یەکـەمین فیسـتڤاڵی هەڵەبجـەی شــەهید لەشــاری ســەقز لەلایــەن (یــەکێتی هونەرمەندانی کوردستان / کۆمیتەی شاخ) ساز کرا .

1995* هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تەق تەق دەستیان بەسەر بارەگای سریەیەك و 25 ڕەبیەدا گرت .

**(22) ی ئازار**

1983 * ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و چاپخانەی برایم عەزۆ لە توژەڵەوە بەباری چەند وڵاخێك گواسترایەوە بۆ باوزێ و سەرشیو.

1987 * تیپی تایبەتی مەڵبەندی 3 بەتۆپ و کاتیۆشا بۆردومانی سەربازگەی خەلیفان و سەری کۆڕەکیان کرد .

1987 * شەوی 23\22 تۆپخانەی تیپی 21 ی کەرکوك تۆپ بارانێکی خەستی دامودەزگاکانی حکومەتی کرد لەناحیەی شوان .

1988 * کیمیا بارانی (شاناخسێ ، سێوسێنان ، دوکان ، بەلەکجار ، جافەران ، وڵیان) 75 شەهید و 300 بریندار لێ کەوتەوە.

1988 * دوژمن لەچەند قۆڵێکەوە هێرشی بەربڵاوی دەست پێ کرد بۆسەر سنووری مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ (ئەنفالی 2).

1988* پێشمەرگەکانی تیپی 53 ی شیروانە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی قوڵە بەرزەی سەرجادەی کەلار دەربەندیخانو دەستیان بەسەردا گرت .

1999* هەڤاڵ مام جەلال لە قەلاچوالان چاوی بە کرێکار و تەکنیککار و ئەندازیار و نوێنەری پالاوتگەو گێلگەی نەوتی کوردستان کەوت .

**(23) ی ئازار**

1977* داود محەمەد عەلی جاف (خەسرەو) ئەندامی پێشکەوتوی کۆمەڵە و ڕابەری سیاسی ناوچەی باڵەك پاش ئەوەی ساواکی ئێران ئابلوقەیاندا خۆی شەهید کرد .

1986 * بۆسەی تیپی 55ی قەرەداغ لەسەرجادەی سلێمانی قەرەداغ، شەڕ بۆماوەی 2 سەعات درێژەی کێشا ، لەئەنجام دا چەند چەکدارێکی دوژمن کوژرانو هەروەها 7 جاش بەدیل گیران ، قوربانی پێشمەرگە شەهیدێکی قارەمان بوو .

1986 * مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەند سەعات 2 ی شەوی 24\23 پەلاماری عەمبارێکی دوژمنیان دا لە گوندی (حاجی تان)و دوای شەڕێکی دەستەو ئێخە ئاگریان لەعەمبارەکە بەرداو 9 کەسیشیان لە هێزەکانی دوژمن بەدیل گرت .

1987 * مەفرەزەیەکی هاوبەشی تیپی 93و99 پەلاماری ڕەبیەیەکی خەلەکانیان داو لەماوەیەکی کورت دا دەستیان بەسەردا گرت.

1992* دوژمن بۆماوەی 2 سەعات تۆپ بارانی ناوچەی دەوروبەری ڕێگەی هەولێر گوێر ی کردو تا سەعات 2:30 پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا .

### (24) ی ئازار

1975 * دیداری بەڕێز مـام جـەلال و د. فـواد معصـوم لـە دیمەشـق پـاش دوو هەفتـە لەمۆرکردنی ڕێککەوتن نامەی جەزائیر .

1979 * لە سێدارەدانی مامۆستا (عزیـز محمـود) ئـەندامی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـە موصلّ .

1992* شـەهید بوونـی 2 دکتـوری نەخۆشـخانەی کـەلار بـەناوی (ضحـی و جوان) بەدەستی مجاهدینی خەلق .

1995* جەماوەری شاری سـلێمانی بۆ نـاڕەزایی دەربڕیـن لـە بەرامبـەر لەشکرکێشـی تورکیا خۆپیشاندانێکیان ساز کرد ، ژمارەیەکیش هاوولاتی لەبەردەم بارەگای UN دا مانیان گرت .

1995* دوژمن بەخەستی تەق تـەقو دەوروبـەری بۆردومـان کـرد لەئـەنجامدا 4 کـەس لەخێزانێکدا شەهید بوونو چەند هاولاتییەکیش دەربەدەر بوون.

### (25) ی ئازار

1981 * پـاش چـوار ڕۆژ زیندانـی و ئەشـکەنجە ، سـیخوڕەکانی دوژمـن لـە ناحیـەی قەرەداغ خوێندکاری 10ساڵە (علی حەمە حەمەصالّح) یان شەهید کرد .

1986 * هێزێکی تیپـی 12 ی سـۆران لەشـەوی 25\26 دەسـتیان گـرت بەسـەر ڕەبایـەی بەرامبەر تاشگەی گەلی عەلی بەگ.

1987 * مەفرەزەیەکی تیپی 51 ی گەرمیان لە نزیك شاری دوز هاوولاتیـەکی تونسـی و دوو هاوولاتی میسریان بەدیل گرت .

1992 * هـێزێکی حکومـەتی عـێراق هێرشـی هێنایـە سـەر گونـدی چـالوك و لەلایـەن پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانییەوە ڕاونران .

1995* دوژمـن بەخەسـتی (تـەق تـەق)ی تـۆپ بـاران کـرد و لەئـەنجام دا 4 کـەس لەخێزانێك دا شەهید بوون .

## ( 26) ی ئازار

* 1977 تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی دوژمن بۆسەر چیاکانی (کۆڕەك و گەری گـازی) لە پشت سەنگەسەر ، شەڕی 10 سەعاتە کەلەئەنجامدا دوژمن 20 کـوژراو و 30 بریندارى هەبوو، قوربانی پێشمەرگەش 2 شەهید بوو بەناوی (سەلیم خدر علی سوورەو علی حەمە گوڵ).
* 1994 بزوتنەوەی شورای کوردستان لەگەڵ (ی.ن.ك) دا یەکیان گرت .
* 1995 لەشەڕێکی دەستەو یەخەو خوێناوی دا لـە سـێبەردان پێشـمەرگەی قارەمـان فاقە مەخموری شەهید بوو .
* 1995 (هـ.پ.ك) ناڵپارێز و پێنجوێن و (128) گوندیان لە پارتی سەندەوە.
* 1995 ڕژێـم (128) خـێزانی کـوردی لـە خانـەقین بـەرەو شـارەکانی حللـەو رومـادی ڕاگواست.

## ( 27) ی ئازار

* 1977 هێرشی بەربلاوی دوژمن بۆسەر هـێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و بارەگاکـانی (ی.ن.ك) لە قەندیل .
* 1977 داستانی قارەمانانەی چیای ساوێن ، 150 کوژراو و 15 کلاشینکۆف دەستکەوت بوو قوربانی پێشمەرگەش 3 شەهیدی قارەمان بەناوی (فەقێ عبداللە خدر مـام ئاغا ، کوێخا نەبی حەمەد ، عبداللە حسن عبداللە) بوون
* 1979 خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی لە دژی بەعەربی کردنی خوێندن.
* 1991 داگیرکردنەوەی شاری کەرکوك‌و شەهید بوونی هەڤاڵ (عبدالرزاق).
* 1995 جەماوەری هەولێر لە دژی لەشکرکێشی سوپای تورکیا خۆپیشاندانێکیان سـاز کرد.
* 1995 لە کاتێك دا هـێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان سـەرگەرمی شـەڕی دوژمـن بـوو، پـارتی لەپشـتەوە هێرشـی هێنایەسـەر (شـاوەیس ، پـیرزین ، کـەس نـەزان ، بەحرکە ، گردجوتیـار ، سـێ بـیران ، سـێ بـەردان ، کـانی قرژاڵـە)و شکسـتی خواردو زیاتر لە 300 کەسی لێ کوژرا .

*1977 هێرشی دوژمن بۆ سەر قۆپی کەڵەکی باڵەیانو بەرپەرچدانەوەی لەلایەن قارەمانەکانی (ی.ن.ك)ـەوە.

*1983 خۆپیشاندانی خوێندکارانی ڕەواندوز لەدژی بڕیاری ڕژێم کە بەنیاز بوو ڕەواندوز لەقەزاوە بکا بەناحیە.

*1985 هێزێکی هاوبەشی تیپی 57 ی سەگرمە لەسەرجادەی قادرکرەم لەیلان بۆسەیەکیان نایەوە و چەند ئۆتومبیلێکی جاش و (جیش الشعبی) کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەو لەئەنجامدا چەند جاش و جەیش شعبی‌یەك کوژران.

*1986 هاتنەوەی تەرمی 4 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بۆ ناوشاری هەولێر کە لە موصل لە سێدارە درابوون .

*1988 هێزێکی هاوبەشی کۆمیتەی بادینان و گرتنی مقەر فەوجی سوکی نێوان کانی ماسی و زاخۆ کە بووە هۆی کوژرانی 50 جاش و قوربانی پێمەرگەش 3 شەهیدی قارەمان بوو .

*1991 شەهید بوونی هەڤاڵ (عبدالرزاق) ئەندامی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناوەندی کۆمەڵە لەشاری کەرکوك .

*1992 سەعات 2:30 ی پاش نیوەڕۆ دوژمن ناوچەی کەڵەك و ئۆردوگای خەبات و گوندی بشیریان تۆپ باران کرد .

*1994 دوژمن لەبان مقانەوە چەمچەماڵی بۆردومان کردو لەئەنجامدا 3 منداڵ شەهید بوون.

**( 29) ی ئازار**

* 1986 شەوی 29\30 پێشـمەرگەکانی تیپـی 86 و 91 و مەڵبـەند لـە دووقۆڵـەوە چوونـە ناوشاری هەولێر و کۆنترۆڵی چەند گەڕەکێکیان کـرد، زیـانی دوژمـن لـە چـەند قۆڵێکـەوە دەیـــان کـــوژراوی بـــوو، قوربـــانی پێشـــمەرگەش شـــەهید بوونـــی پێشمەرگەی قارەمان سەربەست حاجی واحد بوو .

* 1987 مەفرەزەیـەکی تیپـی 47 ی پیرەمـەگرون شـەوی 29\30 چوونـە نـــاو مەعمـــەلی چیمەنتۆی تاسلۆجەوە و پســپۆرێکی تورکیـان بـەناوی (علـی سـەلەفی) گـرت لەبەرامبــەر ئــەوە (ی.ن.ك) داوای کـرد نووســەری ناسـراوی تـــورك اسمـــاعیل بیشکچی نیشتمان پەروەری کورد مـــەهدی زانـا و 200 زیندانـی سیاسـی کـورد ئازاد بکرێ .

* 1991 داسـتانی پـڕ سـەروەری (چیمـەن) و شـەهید بوونـی حەمـە عـەلی بەرخانـەقاو هاوڕێکانی .

* 1991 شەهید بوونی ڕۆژنامە نووس (گاد گروس) لە کەرکوك لەکاتی ڕاپەڕیندا.

* 1992 دوژمن لاشەی 8 کوردی لە گۆڕســتانی (شـێخ محی‌الدیـن)ی کـەرکوك لـە نزیـك گۆڕی (ئەسیری)ی شاعیر ناشت .

* 1995 ڕۆژانی 29و30/3 هێرشێکی دوقۆڵی پـارتی و دوژمـن لـە محـوەری کـانی قرژاڵـە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە تێك شکێنرا .

*1998 مام جەلال لەگەشتێکدا بۆ سنوری پارێزگای کەرکوك ســەردانی قـەڵای دێرینـی شێروانەی کردو بڕیاری نوێ کردنەوەی داو بودجەی تایبەتی بۆ دانا.

**( 30) ی ئازار**

* 1977 لەسـێدارە دانـــی ڕابـــەری سیاســـی مەفرەزەســـەرەتاییەکانی شۆڕشـــی نـــوێ (عبدالرحمن شەنگاری) لە قەسابخانەی موصلّ لەگەڵ ســێ پێشـمەرگەی تـری (ی.ن.ك) بەناوی (احمد میرانی ، جمال میرانی ، رشید میرانی) .

* 1991 پەخشی ئەزموونی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەسەعات 8 ی شـەو بۆمـاوەی چەند سەعاتێك بەردەوام بوو.

**( 31) ی ئازار**

* 1985 معمر القذافي پشتیوانی خۆی لەسـەربەخۆیی و یـەکگرتنی کوردسـتان دووپـات کردەوە.

* 1991 سەرەتای کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کورد .

ئەو ڕوداوانەی مانگی ئازاردا ڕویانداوەو ڕۆژەکەی نەزانراوە :

- 1976 پەیامی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) بۆ پاشاو سەرۆکی دەوڵەتە عەرببیەکان لەمەڕ پشتیوانی گەلی کورد.
- 1978 کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە .
- 1981دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری پێروو (یەکێتی نووسەرانی کوردستان)
- 1983 دەرچوونی ژمارە 2 ی گۆڤاری گزنگ (یەکەمین ژمارەی شاخ)
- 1985 بەیاننامەی مەڵبەندی بادینانی (ی.ن.ك) لە بارەی ڕەفتارەکانی دوژمن لە بادینان .
- 1986 تیپی 31 ی سلێمانی تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی دوژمن.
- 1987 بایاننامەی هاوبەشی (ی.ن.ك) و حشع دەربارەی دەست درێژییەکی تورکیا بۆ سەر خاکی نیشتمانەکەمان .
- 1990 لە زیندانی موصل ڕژێم (شهادة الوفاة)ی 13 هاووڵاتی دایەوە بەکەسوکاری ، هەموویان خەڵکی ڕەواندوز بوون .
- 1990 ڕژێم بەیان وەفاتی 6 هاووڵاتی دایەوە بە کەس وکاری لە شاری سلێمانی .
- 1990 دەرچوونی ژمارە 1ی گۆڤاری (تەوار) ی یەکێتی ژنانی کوردستان لە شاری سەقز لە چاپخانەی ابراهیم عەزۆ لە چاپ درا

# نیسان

## (1)ی نیسان

1982* سەردانی وەفدێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی عێراقی بۆ نێو زەنگ و سازدانی دەورەیەکی تەواوی کۆبونەوەکانی سەرکدرایەتی سیاسی لەسەر خاکی کوردستانی عێراق .

1983* نەبەردی گوندی هەڕێنەو شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (ئەیوب ڕەشید تاڵەبانی) .

1985* شەوی 2\1 لە زیندانی موسڵ ژمارەیەك لە زیندانیانی کورد بە دەسیسەی ئەفسەری خەفەری زیندان و ژمارەیەك لە سیخوڕانی زیندان لە قاوشەکانی خۆیاندا سووتێنران.

1987* بروسکەی 120 ئەکادیمی زانکۆکانی بەریتانیا بۆ هەڤاڵ مام جەلال ، ناڕەزایی خۆیان لە دژی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی دەربڕی لە کوردستاندا .

1988* کۆتایی ئەنفالی 2

## (2)ی نیسان

1983* لە بۆسەیەکدا لەگوندی گۆڕەدێمی شارباژێڕ 8 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بە دەستی پارتی شەهید کران .

1986* پرسەنامەی (ی.ن.ك) بۆ پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی سویدی بە بۆنەی تیرۆر کردنی ئۆلف پاڵمی یەوە .

1986* گرتنی ڕەبیەی سەرجادەی قەرەداغ سلێمانی لەلایەن دلێرەکانی 57 ی سەگرمەوە ، دوژمن زەرەر و زیانی گیانیو ماڵی لێکەوت و پێشمەرگەکانیش بێ زیان بوون .

1988* بەلاغی ڕەسمی دوژمن لەمەڕ داگیرکردنی ناوچەی قەرەداغ لە ئەنفالی 2 دا .

1987* شەوی 3\2 هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی 74 باڵەك پەلاماری ڕەبیەکانی گرد بەرازیان داو لە ماوەیەکی کورت دا دەستیان بەسەر دوو ڕەبیەدا گرتو پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو .

1991* شەهید بوونی حاجی یونسی تۆپخانە و هاورێکانی لە دەربەندی بازیان لە کاتی بەرگری کردنی لەپەلاماری هێزەکانی دوژمن بۆ سەر شاری سلێمانی .

1993* مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە ئەنقەرە .

## ( 3)ى نيسان

*1987 وەفدێکی (ی.ن.ك) بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بەشداری کرد لە کۆنگرەی پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا .

*1988 هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش پەلاماری گوندی نەورۆزی گەرمیانیان دا ، پێشمەرگەکانی تیپی 59 و هێزی پشتگیری بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕ تا سەعات 5 ی ئێوارە درێژەی هەبوو ، لە ئەنجامدا هێزەکەی دوژمن تێك شکێنرا و ، پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو .

*1988 بەیانی ژمارە 3109 ی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەمەڕ داگیر کردنی ناوچەی گەرمیان .

*1990 نوسراوی نهێنی (مجلس قيادة الثورة) بۆ ڕاگواستنی شەبەکەکان لەنەینەوا .

*1991 شەهید بوونی مامۆستا حسەین ڕەزا ڕەزا و دوو هاوڕێی تری لە دووڕیانی سەرچنار لە ئەنجامی بەرگری کردن لە شاری سلێمانی لە کاتی کۆڕەوەکەدا .

*1993 تۆرگۆد ئۆزال سەرۆك کۆماری تورکیا پێشوازی لەمام جەلال کرد.

*1994 خاتوو (لیسی شمیدت)ی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی خۆی و یاوەرێکی کورد لە نزیك بازگەی چەناخچیان لە شارەزوور بە دەستی بەکرێ گیراوانی دوژمن تیرۆر کران .

*1995 دوژمن بەتۆپی قورس و دۆشکا دەرور و بەری کفری بۆردومان کرد .

## ( 4)ى نيسان

*1979 چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراق بۆردومانی گوندی دۆڵە شێریان کرد و زەرەر و زیانێکی گەورەیان بەو گوندە گەیاند .

*1986 هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی(21و23و25و57)و مەڵبەندی 2 شەوی 4\5 لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری مقەر فەوجی 2ی لیوای 13یان دا لە حەسەن تەپەی ناوچەی سورداش و لە ماوەی 10 دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت و پێشمەرگەکانیش دەستکەوتێکی زۆریان هەبوو 17 چەکداریش کوژران ، ئەم نەبەردیە بە خوێنی پێشمەرگەی قارەمان (کەمالی مامە فارس)ی حاجی ئاوایی تۆمار کرا.

1988* تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن بۆ سەر گوندی نەورۆز لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی (59)ـەوە، پێشمەرگەیەك شەهید بوو .

1991* داگیرکردنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن سوپای عێراقەوە.

1995* ڕۆژانی 4و5 تێکشکاندنی دوو هێرشی پارتی لە ناوچەی وەرتێ.

1997* مام جەلال پێشوازی لەهەردوو وەفدی وەزارەتی دەرەوەی ئـەمریکا و تورکیـا کرد لە سلێمانی .

1999* لەسەر بانگهێشت و داوای مام جەلال ، UN و هابیتات لـە کێشـەی ئاوارەکـانی کەرکوکیان کۆڵییەوە.

## ( 5)ی نیسان

1989* دوژمن هەردوو گوندی (بەردە کوز و سەرسیان) ی ناوچەی بنگردی ڕاگواست .

1995* وەفدێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا گەیشتە هەرێم .

## ( 6)ی نیسان

1980* گەورەترین کۆچ پێکردنی کوردە فەیلیەکان لە عێراقەوە بۆ ئێران .

1987* تیپی 15 ی هەورامان لە بناری سورێن شەش جبەخانەی دوژمنیان تەقاندەوە

1988* چەند فڕۆکەیەکی حکومەتی عێراق ئۆردوگای پەنابـەرانی کوردیـان لـە زێـوەی ئێران بۆردومان کرد .

1988* دوژمـن (50 هـەزار) کەسـی لـە دانیشـتوانی گـەرمیان بـۆ تۆپـــزاوای کــەرکوك گواستەوە ، لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالدا .

1989* ڕۆژانی 6و7و8 هێرشی گەورەی دوژمن بـۆ کێومـاڵ کردنـی ناوچـەی گـەرمیانو گەڕان بەدوای پارتیزانەکان دا.

2000* لەهەڵمەتێکی حکومیو میللیدا هەڵبجەی شەهید لــەپاش مـاوەی کـاول کـاری پاککرایەوە.

## (7)ی نیسان

*1979 خۆپیشاندنی جەماوەری شاری پێنجوێن لـە دژی دام و دەزگاکـانی حکومـەتی عێراق ، کەویستیان بەزۆر خوێنکارانی پێنجوێن بکەن بە طلائع .

*1988 دەست پێکردنی ئەنفالی 3لە گەرمیان .

*1992 سەعات 2 ی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی 40 دەقیقە دوژمن تۆپ بارانی بارەگاکـانی بەرەی کوردستانی کرد لە قەلآی داویَ .

*1995 لەسەر بانگهێشتی کارگێڕی حزبە کوردسـتانییەکان ئـاگربڕێکی دوو هەفتـەیی دەست پێکرا لە نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) دا .

## (8)ی نیسان

*1988 هێزەکانی دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان هێنـا بـۆ سـەر ناوچـەی داویـەو لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی 51 ی گەرمیان و هێزی پشـتگیرییەوە بەرپـەرچ درانەوە و لە ئەنجامدا 40 کەسیان لیَ کوژراو شۆفلێك و 3 ئوتۆمبێلیش گیران .

*1991 شەڕی قارەمانانەی مەفرەزەیەکی (ی.ن.ك) لەلۆفەکانی سـەلآحەددین لـەکاتی کشانەوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی.

*1992 ڕۆژانـی 7و8 لـە سـەلآحەدین سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی کۆبـووە و لـە ئەنجامدا بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی دا .

*1997 نوێنەرانی (ی.ن.ك) و بزوتنەوەی ئیسلامی لە گوڵەخانەی شارەزوور ڕێکەوتنی چەسپاندنی ئاشتیان مۆر کرد .

*2000 کۆچی دوایی سیاسەتمەدارو روناکبیری گەلەکەمان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

## (9)ی نیسان

*1986 گوللـە بـاران کردنـی 6 هـاووڵاتی شـاری سـلێمانی (کـەیوان محـەمد عـەبدوڵا ، بەختیار ستار کەریم، سۆران نوری عوسمان ، مەولود ڕەشید فـەرەج، هـاوڕێ بەکر ئەحمەد ، هاوڕێ محمەد قادر ) لەبەردەم گۆڕەپانی سجن .لەم بارەیەوە قسەکەرێکی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ڕاگەیاندنێکی دەرکرد .

*1988 هێرشی دوژمن لەچـەند قۆڵێکـەوە بـۆ سـنووری تیپـی 57 و لـە ئـەنجامدا تێـك شکێنرا .

*1988 دوژمن لە کەرکوکەوە پەلاماری پێشمەرگەکانی دا و تێك شکێنرا .

*1988 پێشـمەرگەکانی مەڵبـەندی 1 لـە چـوار قۆڵـەوە پـەلاماری دوژمنیـان دا و تـا چوارملان ڕاویان نان لە ئەنجامدا هێرشەکەی دوژمـن تێکشـکا و زیـتر لـە 1000 کەسیان لێ کوژرا .

*1992 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردسـتان لەلایـەن بـەرەوە بڕیـاری لەسەر درا.

## (10)ی نیسان

*1978 لە سێدارە دانی ملازم جوامێر و هاوڕێکانی (سـەلام عـەبدول ڕەزاق ، سـەلمان داود ، عادل عەبدول کەریم ، جەمال سەعید ، شیرۆ عەبدول قـادر) لـە ئـەمنی عامەی بەغا کە سەر بە ڕێکخراوی هەڵۆی سوور بوون .

*1985 شەهید کردنی نووسـەری بوێـر عبالخـالق معـروف لـە گـەڕەکی ئـازادی شـاری هەولێر .

*1985 شـەڕی قارەمانانـەی پێشـمەرگەکانی تیپـەکانی (51و57و53) و تۆمـار کردنـی داستانی پڕ لەسەروەری زنانە و شەهید بوونی 4 پێشمەرگە .

*1988 دوژمـن لـە سـێ قۆڵـەوە هێرشـی کـردە سـەر گونـدی خاڵـە بازیـانی ، پێشمەرگەکانی تیپی 31 ی سلێمانی لێیان دان ، پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو

*1988 خۆپیشاندانی جەماوەری شاری چەمچەماڵ لەڕۆژانی 10و 11 کە لەئەنجامدا بـوە هـۆی رزگـار بـوونو ئـازاد بوونـی ژمارەیـەکی زۆر لەخـەڵکی ئـەو گوندانـەی کەدوژمن لەکاتی ئەنفالەکاندا دەستگیری کردبوون.

*1993 کۆبونەوەی مام جەلال لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆج ئالانی سەرۆکی PKK .

## (11)ی نیسان

1987* 4 فڕۆکەی هێزی ئاسمانی عێراق دۆڵی جافەتی‌یان بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 6 هاووڵاتی شەهید بوون کە 5یان ئافرەت و منداڵ بوون .

1988* دوژمن لە 14 قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی گەرمیان .

1991* داستانە مەزنەکەی کۆڕێ.

1992* کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر.

1993* پەرلەمانی کوردستان کاک (کۆسرەت ڕەسول عەلی) بە سەرۆك وەزیرانی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست نیشان کرد .

1993* کۆبونەوەی مام جەلال لەگەڵ 150 کەسایەتی تورکیا لەئەنقەرە.

1994* کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)و ئەندامە هەیئەتی سەرۆکایەتی هەرێم (ڕەسول مامەند) لە لەندن .

1997* سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەلایەن وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشوازی لێ کرا .

## (12)ی نیسان

1985* شەوی 12\13 تیپی 87 قەرەچووغ و گرتنی سەیتەرەی هەولێر کەرکوك و کوژرانی چەند سەربازێك.

1985* شەوی 12\13 تیپی 23 ی سورداش و گرتنی ڕەبیەی تاسڵوجە حەسەن تەپە و کوژرانی 4 سەرباز و گرتنی 2ئاربی‌کەی .

1986* شەوی 12\13 مەفرەزەیەکی تیپی 47 پێرەمەگرون چوونە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی و 3 بەکرێ گیراویان بەسزای گەل گەیاند.

1987* هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 2 و حسك و حشع و پارتی لە ڕۆژانی 12 18 لە شەڕێکی خوێناوی دا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی عێراقدا لە کلکەی پیرەمەگرون توانیان زەبرێکی گەورە لە دوژمن بوەشێنن و ئەم نەبەردی‌یە بە خوێنی 4 پێشمەرگە نەخشێنرا .

1988* دوژمن بۆ جارێکی تر لە 14 قۆڵەوە هێرشی هێنایەوە بۆ گەرمیان .

*1989 هێرشی بەربلاوی دوژمن لە ڕۆژانی 12 19 لە 10 قۆڵەوە بۆ سەر پارتی زانەکانی سورداش و دۆڵی جافەتی .

*1992 کاتژمێر 4 ی پاش نیوەڕۆ بۆماوەی سەعات و نیوێك دوژمن تۆپ بارانی ناوچەکانی نەوجول و دەور و بەری کرد .

*1995 دوژمن بۆردومانی ئۆردوگای شۆڕشی کرد .

*1995 دوژمن بەچەند تانك و زرێپۆشێك ناوچەکانی شەمامکی تالآن کرد .

*2000 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەحکامی برگەی 4 لەمادەی 10 یاسای ژمارە 2ی ساڵی 1992 چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ بەرژەوەندی ژنان دەرکرد.

## ( 13)ی نیسان

*1978 شەهید بوونی ئەندامی پێشکەووتوی کۆمەڵە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتایی‌یەکان و شاعیر مامۆستا محمد ئەمین شێخ عەلی (شەماڵ).بەدەستی جاشە خۆ فرۆشەکان لە قەرەداغ.

*1986 بۆسەی تیپی 86 ی دەشتی هەولێر لە سەعات 9:30 ی سەرلەبەیانی لەسەر جادەی هەولێر گوێر کوژرانی 2 چەکداری دوژمن ، هەر لە هەمان ڕۆژ بۆسەیەکی تریان لەسەر جادەی هەولێر مەخمور دانا و بووە هۆی کوژرانی 3 جاش .

*1987 ڕاپەڕینی خەڵکی شاری هەڵەبجە .

*1987 داستانی ڕزگاری ، لەلایەن بەشێك لە هێزی پێشمەرگە و هەرسێ مەڵبەندەکانی (ی.ن.ك) لە شەوی 13\14 بەسەر پەرشتی هەڤاڵ مام جەلال ئەنجام درا کە تیایدا 100 ڕەبیە و 8 مقەر فەوج و 4 مقەر سریە گیرا و سەدان سەربازی دوژمن کوژران و 172 کەسیش بەدیل گیران و دەست کەوتێکی ئێجگار زۆریش هەبوو ، ئەم داستانە مەزنە بە خوێنی گەشی (24) پێشمەرگە نە خشێنرا .

*1989 بانگەوازی بەرەی کوردستانی بۆ ڕای گشتی عەرەبی و جیهانی بۆ پشتیوانی لەگەڵ گەلی کورد و فریاکەوتن و ڕزگار کردنی قەڵادزێ لە وێران کردن .

**( 14)ی نیسان**

1977* لە سێدارە دانی 9 هاوولاتی شاری سلێمانی (اسماعیل قاسم و محمد قاسم و چەند هاورێیەکی تریان) .

1985* تیپی 53 شێروانە لە هەلمەتێکی دلێرانەدا دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەی گوندی ژاڵەی کەلار و لەئەنجامدا 3 چەکدار کوژران و پێشمەرگەکانیش بێ زیان بوون .

1987* دوژمن 3 جار هێرشی هێنا بۆ گرتنەوەی ڕەبیەکانی وولاغلوو تێك شکێنرا.

1987* هێرشی دوژمن بۆسەر سەنگەری پێشمەرگە لە ناوچەکانی پیرەمەگرون و دیوی سورداش .

1987* تۆپخانەی شۆڕش بە تۆپ و کاتیۆشا بۆردومانی سەربازگە و فڕۆکەخانەی تانجەرۆی کرد .

1996* لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا یەکەمین ڤیستیڤاڵی یادی ئەنفالکراوەکان دەستی پێکرد.

1997* گۆڕینەوەی یەکەم وەجبەی دیلەکانی نێوان یەکێتیو پارتی بەسەرپەشتی PMF لە دێگەڵە و کۆیە .

**( 15)ی نیسان**

1983* شەهید بوونی شێخ شەماڵی باخ و هاوڕێکانی لە گوندی باداوان لە دۆڵی خەلەکان .

1987* شەش فڕۆکەی دوژمن کیمیا بارانی هەڵەدن و بەرگەڵویان کرد.

1987* هێرشی دوژمن بۆسەر سەنگەری پێشمەرگە لە دووبراو پشتی گەورە دێ .

1987* هێرشی دوژمن بە فڕۆکە بۆ سەر گوندەکانی ناوچەی مەرگە بە کیمیاوی .

1987* دوژمن گوندی شێخ وەسانانی کیما باران کردو نزیکەی 400 هاوولاتی شەهید و بریندار کرد .

1992* لەسەر داوای ئێران وەفدێکی (ی.ن.ك) بەسەرۆکایەتی مام جەلال گەیشتە تاران .

## (16)ی نیسان

*1987 تیپی 37 ی شارباژێڕ هەڵیان کوتایە سەر هێزێکی دوژمن لەگوندی میراواو پاش شەڕێکی 1 سەعاتی ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و 8یشیان لێ بەدیل گرتن .

*1987 تۆپ خانەی شۆڕش بە تۆپ و کاتیۆشا سەنگەرەکانی دوژمنی لە حەسەن بەگ و کارێزەی کۆن و قوڵە ڕەش بۆردومان کرد .

*1990 هێرشی هێزەکانی دوژمن بۆ سەر پشدەرە ڕەقە و شەهید بوونی 3 هاووڵاتی و بە دیل گرتنی چەند هاووڵاتی‌یەکی تر .

## (17) ی نیسان

*1981 داستانی قارەمانانەی ئالان و حاسڵ لە دەشتی شارەزوور لەلایەن قارەمانەکانی (ی.ن.ک) و پێشمەرگەکانی بەرەی جودەوە ، دوژمن زۆری لێ کوژرا و زیانێکی گەورەی لێ کەوت ، 10 پێشمەرگە و 4 هاووڵاتیش شەهید بوون .

*1985 بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی 57 ی سەگرمە لەسەر جادەی دووز قادر کەرەم و کوژرانی 5 جەیشی شەعبی .

*1987 فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق کیمیا بارانی گوندەکانی (قزلەر ، سنگر ، مێوڵاکە)یان کرد و لە ئەنجامدا چەند پێشمەرگە و هاووڵاتی‌یەك بریندار بوون و لەهەمان ڕۆژیشدا دوژمن هێرشێکی گەورەی کردە سەر شاخی کۆڕەنگ لەئەنجامدا تێك شکێنرا و 100 سەربازیشی لێ کوژرا.

*1988 شەوی 18\17 پێشمەرگەکانی تیپی 21 ی کەرکوك لە دووری 500 مەتر لە سەیتەر کەرکوك سلێمانی بۆ سەیەکیان نایەوە و لە ئەنجامدا چەند سەربازێك کوژران .

*1993 بە بۆنەی کۆچی دوایی (تورکۆت ئۆزال)ی سەرۆك کۆماری تورکیا حکومەتی هەرێم 3 ڕۆژ پرسەی ڕاگەیاند .

## (18) ى نيسان

1987* دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لە خەجەلەرزۆك و قەواڵ و کۆڕەنـگ کیمیـا باران کرد .

1987* دوژمن بەهێزێکی بەربڵاوەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی مەڵبەندی 3 .

1987* دوژمن چیای کوێرەنگ و گوندەکانی مێولاکە ، قوڵەجاخ ، چۆخمـاخ ، قزلـەرو کۆڵەردی دایە بەر بۆمبـی کیمیـاوی ، شـەڕێکی سـەخت لـە نێـوان (هـ.پ.ك) و دوژمن ڕوویدا و زیاتر لە 100 سەرباز کوژران .

**(19) ی نیسان**

*1978 جوڵانی هێزەكانی (ی.ن.ك) بەرەو ناوچەی سێ سنوور و هەكاری .

*1981 هێزەكانی دوژمن تۆپ بارانی گوندی (ڕەمكـان)یـان كـرد و پێشـمەرگە (خلیـل جلال) شەهید بوو .

*1982 داستانی كەرتی چواری تیپی 55ی قەرەداغ لە گوندی ژاڵەی شەهید دلێر ، شەڕ ماوەی 9 سەعاتی خایاند و دوژمن 12 جاش و 19 سەربازی لێ كـوژرا ، خسـتنە خوارەوەی دوو كۆپتەر ، هاووڵاتیەك بەناوی ڕەمەزان شەهید بوو .

*1983 شەڕی ناوچەی شارباژێڕو دەركردنی هێزەكانی بەرەی جود بەرەو ئێران.

*1985 مەفرەزەیەكی (پ.م) كەوتنە بۆسەی جاشەكانی نـەوجول و توانیـان 4 یـان لێ بكوژن و ئوتۆمبیلەكەشیان بسوتێنن .

*1987 گرتنی ناحیەی قەرەداغ لەلایەن هێزی هاوبەشی (ی.ن.ك پارتی شیوعی سۆشیالیسـت) لـە دوو قۆڵـەوە هـێرش كـرا ، دوژمـن 95 جـاش و سـەربازی لێ كوژراو 128 كەسیشی لێ بەدیل گیرا ، دەستكەوتەكان (2 مدرعە ، 12 ئارپی‌جی ، 3 دیمترۆف ، 129 چەك و دەستكەوتی تر) لەم داستانەدا هەردوو پێشـمەرگە (مستەفا محمد عبدالله و نوری محمد احمد) شەهید بوون ، ئەم داستانە بەسەر پەرشتی كاك جەبار فەرمان ئەنجام دراو ئەوە یەكەم جار بوو لەمێژووی شۆڕی نوێی قۆناغی خەباتی شاخدا شارۆچكەیەك بۆ ماوەی ساڵێك ڕزگار بكرێت .

*1987 دوژمن بالیسان و شێخ وەسانانی كیمیا باران كرد .

*1987 بروسـكەی علـی عبـدالله بـۆ مـام جـەلال بـە بۆنـەی سـەركەوتنی (ه.پ.ك) لــە داستانی ڕزگاری دا .

*1992 سـەعات 8 ی بـەیانی تێكشـكاندنی هێرشـێكی گـەورەی دوژمـن بـۆ سـەر خاڵەبازیانی ناوچەی قەرەحەسەن و لەلایەن بـەتالیۆنی 111 ی قـادر كـەرەم و هێزی 2 ی قەرەداغەوە.

*1993 تۆپخانەی ئێران گوندەكانی (قرناقاو پشت ئاشـان) و ناوچەسـنوریەكانی تـری بۆردومان كرد .

*1999 لـە سـتۆكهۆڵمی پایتـەختی سـوید كۆمیتـەی ڕێكخسـتنی سـویدی(ی.ن.ك) هەشتەمین كۆنفرانسی خۆی بەست .

**(20) ی نیسان**

*1985 شەوی 21\20 قارەمانەکانی تیپی 21 ی کەرکوک دەستیان بەسەر ڕەبیەی سەرجادەی کەرکوک شەوال لەئەنجام دا 3 سەرباز و 7 جەیش شعبی کوژران.

*1988 کۆتایی ئەنفالی 3 و دەست پێکردنی ئەنفالی 4 لەناوچەکانی (ئاغجەلەر، چەمی ڕیزان، شوان، کۆیە، تەق تەق).

*1992 لەم هەفتەیەدا ژمارە (1)ی گۆڤاری سیاسەتی دەولی کەوتە بازاڕەوە کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەری کرد .

***( 21) ی نیسان***

*1987 دوژمن ناحیەی قەرەداغ و گوندەکانی بەچەکی کیمیاوی بۆردومان کرد .

*1987 (ی.ن.ك) لەبەریتانیا نامەیەکی ئاراستەی (مجلس العموم)ی کرد لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

*1987 تیپی تایبەتی مەڵبەندی 3 سەعات 6:30 ئێوارە بەتۆپ و کاتیۆشا تۆپ بارانی ڕەبیەکانی دوژمنیان کرد لە حەسەن بەگو ڕەبیەیەك و دەبابەیەك سووتان .

*1993 وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مام جەلال لە ناشتنی تەرمی ئۆزال دا بەشداری کرد .

*1993 سێ ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد .

***( 22) ی نیسان***

*1986 لەسەعات 11:30 ی سەرلەبەیانی دوو کۆپتەری دوژمن پەلاماری گوندەکانی تۆربەو هەنجیرەیان داو لەئەنجام دا 11 هاووڵاتیان شەهید کرد.

*1987 تۆپ خانەی شۆڕش بەخەستی تۆپ بارانی سەربازگەی (سابوراوا)ی کردو لەئەنجام دا (تانکێك و دووهاوەن) تێك شکێنران .

*1987 پێشمەرگە لەناوشاری هەولێردا تەقەیان لە پارێزگاری هەولێر کرد.

*1994 مسیۆ فرانسۆ میتران پێشوازی لە مام جەلال کرد و میتران هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر بەکورد تازە کردەوە .

*1995 (ی.ن.ك) هودنەیەکی دیکەی تری ئاگر بڕی تا 6/1 پەسەند کرد.

***( 23) ی نیسان***

1982* خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی ، کە سەرەتا لە گردی سەیوان و شەهیدانەوە لەلایەن کەس و کاری شەهیدانەوە دەستی پێ کرد و پاشان خوێندکارە چاونەترسەکان تێکەڵاویان بوون و پێکدادان تا سەعات 11 ی پێش نیوەڕۆ درێژەی هەبوو .

1987* قارەمانەکانی تیپی 91 ی سەفین بەرپەرچی هێرشێکی دوژمنیان دایەوە کە بەمەبەستی سووتاندنی گوندی فریز هاتبوون .

1989* هێزەکانی حکومەتی عێراقی مەرقەدی شێخ قەرەچێواریان تەخت کرد لە قادر کرم .

## <u>(24) ی نیسان</u>

1982* لەیادی هەشتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێدا پتر لە پێنج هەزار کەس لە گۆڕستانی شەهیدانەوە خۆپیشاندانێکیان ساز داو لەو ڕۆژەدا (دایکە ئامینەو سنەوبەر محمود ڕەش) بوونە سەرقافڵەی شەهیدانی ڕاپەڕینی 1982 کە لە 4/24 5/9 هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە.

1983* داستانی چوار ڕۆژەی (گردە بێنان) لەلایەن تیپی 63 ی جوتیارانەوە ، کە بووەهۆی کوژرانی پتر لە 300 سەرباز و پێکرانی 2 کۆپتەری جەنگی .

1985* تیپی 12 ی سۆران و گرتنی ڕەبیەی سەرجادەی حەریر شەقڵاوە کە بووە هۆی کوژرانی 3 سەرباز .

1985* تیپی 93 ی کۆیە پەلاماری قافڵەیەکی سەربازیان دا لەسەرجادەی کۆیە – ڕانیە لە نزیك چنارۆك و بووە هۆی کوژرانی 15 سەرباز .

1987* بروسکەی ئازاد مستەفا و مەکتەبی سیاسی پاسۆك بۆ مام جەلال سەبارەت بە ئامادەبوونی (پاسۆك) بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

1987* هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی تیپی 57 ی سەگرمەو بۆسەی جادەی چەمچەماڵ سەنگاو و کوژرانی چەند کەسێك و پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو

1989* دیداری بەڕێز مام جەلال لەگەڵ سەرۆك (حافظ الاسد) لە دیمەشق .

1989* تەخت کردنی چەند مەرقەدو مزگەوتێکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە .

1993* کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستان لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی خوارد .

*1993 تەرمی خوالێخۆش بوو (ڕەسول مامەند) گەیشتەوە خاكی هەرێم و بە ڕێ و ڕەسمێكی شكۆدار گەیەندرایە هەولێر و ڕۆژی دواتر لە گوندی بەردەشانی ناوچەی مەرگە بەخاك سپێردرا.

*1995 پرۆژەی گەیاندنی كارەبای پشدەر كرایەوە.

*1996 لەیاداشتنامەیەكدا 85 زانای ئاینی شاری هەولێر داوای بەرقەرای ئاشتییان كرد.

***(25) ی نیسان***

*1987 بروسكەی مەكتەبی سیاسی حسك بۆ مام جەلال بەبۆنەی ڕزگاركردنی ناحیەی قەرەداغ .

*1987 هێرشی دوژمن بۆسەر چیای گۆجار.

*1987 شەڕێكی سەخت لەنێوان تیپی 59 و دوژمن لەدەوروبەری قادر كرم .

*1992 سەعات 7 ی بەیانی دوژمن گوندی خالۆ بازیانی و حسێن ئیسلامی سوتاندو مەڕومالاتی گوندەكەشیان بەتالان برد.

*1993 دامەزراندنی كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێم بەسەرۆكایەتی كۆسرەت ڕەسول .

*1995 دوژمن بۆردومانی ناوچەكانی تەق تەقی كرد .

***(26) ی نیسان***

*1979 مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری بنگرد.

*1983 هێرشی بەرەی جود بۆ سەر ناوچەی بالیسان و مەڵبەندی 4 / شەڕی ناوخۆ .

*1987 هێزی پشتگیری و پێشمەرگەكانی (ی.ن.ك) و شیوعی لەسێ قۆڵەوە هێرشێكی دوژمنیان تێكشكاند كە بەمەبەستی ڕاگواستنی گوندەكانی (دەشتی كۆیەو ئیلینجاخ و داربەسەر و مەرزان و تاڵەبانی بچوك) هاتبوون ، دەستكەوت (1 هاوەن ، 14 چەك ، ئیڤایەك ، ئوتۆمبیلێك و بلدۆزەرێك ).

***(27) ی نیسان***

*1982 ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی شاری هەڵەبجە بۆ پشتیوانی لەشاری قەلادزێ .

1983* شەهید بوونی فـەرماندەی کـەرتی تیپـی 86 (احمـد ئۆمـەر) ناسـراو بـە احمـد قەمبەری .

1983* شەهید بوونی نامق شوکر (شەهید پێشڕەو) لەمەلەکان لە شەڕی ناوخۆدا .

1985* قارەمانـەکانی تیپــی 53 ی شــێروانە پــەلاماری ڕەبایــەی گۆڕەشــەلەیان داو لەماوەیەکی کورت دا دەستیان بەسەردا گـرت ، کوژرانـی 5 جەیشـی شـعبی و دەسکەوت (1 ئارپیجی و 1 قەناص و 4 پارچە چەکی جۆراوجۆر ).

**( 28) ی نیسان**

1979* مــانگرتن و خۆپیشــاندانی جــەماوەری شــاری قـــەڵادزێ لـــە دژی دەزگـــا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی عێراق .

1985* پێشمەرگەکانی تیپی 51 ی گەرمیان چوونە ناوشاری کفـری و توانیـان دەسـت بەسـەر ڕەبایـەی (ئیمـام محمـد) دا بگـرن و لەئـەنجام دا 8 سـەرباز کـوژران و دوانیش بەدیل گیران .

1987* دوژمن بە چەند فرۆکەیەك بۆردومانی گوندی سەرگەڵویان کرد و لە ئەنجامدا 8 هاووڵاتی شەهید بوون.

1987* تیپـی 57 ی سـەگرمەو مەفرەزەیـەکی پـارتی و هـێزی پشـتگیری لـە هــێزێکی دوژمنیان دا لەسەرجادەی سەنگاو چەمچەماڵ .

**( 29) ی نیسان**

1978* ئەرتەشی شاهنشاهی ئێران کاروانی هێزی پێشمەرگەی کوردســتانیانیان تـۆپ باران کرد کە بەرەو هەکاری دەچوون.

1982* تیپی 51 ی گەرمیان پـەلامارێکی دوژمنیـان بـۆ سـەر گونـدی (ژاڵانـی تیلـەکۆ) تێکشکاندو پاش 5 سەعات شەڕ 14 کوژراویان بەدوژمن بەجێهێشت .

1986* بەیاننامــەی یـــەکێتی‌ی هونەرمــەندانی کوردســـتان / ئەنجومــەنی بـــاڵا ، بـــۆ پشتگیری لە ئاشتبوونەوەی گشتی .

1990* شاری لۆزان میوانداری سیمینارێکی کرد کە لەبارەی کوردستانەوە ساز کرابوو

**( 30) ی نیسان**

*1979 شەوی 29\30 (فەیصەل تاڵەبانی (سیروان)و هاوڕێکانی) لە گوندی (زێرین جـۆ) ی شارەزوور بەدەستی جاشە خۆفرۆشەکان شەهید کران .

*1982 دوژمن گوندی (قەڵاڕێویلە) ی گەرمیانی سوتاند .

*1984 بەیاننامەی کۆمیتەی سەرپەرشتی خوێندکارە مان گرتووەکانی زانکۆی صـلاح الدین .

*1985 هـێزێکی گـەورەی دوژمـن پـەلاماری گونـدی (زینانـە)ی دا، تیپـــەکانی 51و 53 بەتوندی بەرپـــەرچیان دانـەوەو پـاش شـەڕێکی قارەمانانـەو دەسـتەوە یەخـە دوژمن تێك شكێنراو زەرەرو زیانی زۆری لێ کەوتو لەم داستانەدا 5 پێشمەرگە شەهید بوو 4 تریش بریندار لەگەڵ هاوولاتیەك.

*1987 بروسکەی مەسعود بارزانی بۆ مام جەلال سـەبارەت بـەڕازی بوونـی پـارتی بـۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

*1993 دوژمن بەخەستی تۆپ بارانی ناوچەکانی چەمچەماڵو شێخ لەنگەری نزیك کەلار کرد.

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی نیساندا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

1985– هەردوو خۆفرۆش (حەمەی حەسۆل و عوسمان بانی شار) بەسزای گەل گەیەنران .

1986– کۆبوونەوەی حسك و مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لە یاخسەمەر بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی .

1987– بروسکەی مام جەلال بۆ حزبە کوردستانیەکان و پێشنیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

1987– بروسکەی ڕەسول مامەند بۆ مام جەلال بۆ ئامادە بوونی حسك بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

1987– بروسکەی پارتی گەل بۆ مام جەلال بۆ ئامادە بوونی پارتی گەل بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

1987– بانگەوازی هاوبەشی (ی.ن.ك) و حشع دەربارەی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق لە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە ڕزگار کراوەکان .

# ئایار ((مایس))

1979* کۆبوونەوەی فراوانـی کـادرانی کۆمەڵـە لەشـێنێ، لـەم کۆبوونەوەیـەدا بڕیـاری گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی  لینینی کوردستان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق درا .

1980* ئاهەنگی 1 ی ئایار لە نێوزەنگ بە هاوبەشی لەگەڵ حشع .

1982* لـە یـادی (1) ی ئایـاردا (11) هونەرمـەندی شـێوەکاری نـاو شـۆڕش لـە هۆڵـی شەهید شیهاب لە ناوزەنگ پێشەنگایەکیان کردەوە کە 95 تابلۆی لەخۆ گرتبوو .

1982* ڕاپــەڕینی جـەماوەری شـاری چـوار قوڕنـە بـۆ پشـتیوانی لـە ڕاپـەڕینی شــارو شارۆچکەکانی کوردستان .

1983* شەڕی قڕناقاو پشت ئاشان و گرتنی سەرکردایەتی (جـود) لەلایـەن هێزەکـانی (ی.ن.ک)ـەوە—شەڕی ناوخۆ.

1987* چەند فڕۆکەیەکی دوژمن بە چەکی کیمیاوی گوندی زێوەی دهۆکیان بۆردومان کردو لە ئەنجام دا چەند پێشمەرگەیەك شەهید بوون .

1988* لەنزیك گوندی گردیش تیپی 86ی دەشتی هەولێر لەگەڵ چەند کۆپتەرێکی دوژمن بەشەڕ هاتنو لەئەنجامادا 4 پێشمەرگە شەهید بوون.

1989* بەپێی بڕیارێك کە لەحکومـەتی عێراقـەوە دەرچـوو کڕینـی خـانو و زەوی لـە شاری کفری بۆ هاووڵاتیانی کورد قەدەغە کرا .

1990* ڕژێـم کۆمـەڵێك خـێزانی تـری کــوردی کــەرکوکی گواســتەوە بــۆ ئۆردوگــای (گورگوسك) .

1993* سەعاتو 4.30دەقیقە دوژمن نەوجولو دەوروبەری تۆپ باران کرد.

1994* ڕۆژانی 1و2 پەلاماری چەکدارەکانی عەلی حەسـۆمیرخان بـۆ سـەر هاووڵاتیـانی قەڵادزێ، پاشان ئەم روداوە تەشەنەی کرد بـۆ ناوچـەکانی تـری کوردسـتان و دواتر شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە.

1995* دوژمن بەخەستی بۆردومانی گوندەکانی تەق تەقی کرد .

1996* دوژمن گوندەکانی (شێخ لەنگەرو بان ئاسیاو)ی بۆردومان کرد.

1997* مۆرکردنـی پـەیمانی ئاشـتی نێـوان بزوتنـەوەی ئیسـلامی و (ی.ن.ک) لـەتاران بەسەرپەرشتی ئێران .

1979* خۆپیشاندان و مان گرتنی جەماوەری ئۆردوگای زۆرەملیٚی (بەستەستێن) لە دژی دامو دەزگاکانی ڕژێمی عێراق .

1982* خۆپیشاندانی جەماوەری هەردووشاری ڕانیەو سەیدصادق بۆ پشتیوانی لە شارەکانی تری کوردستان لە ڕاپەڕینەکانی 1982 .

1987* لەسەعات 1:30 تۆپخانەی مەڵبەندی 1 سەربازگەو فڕۆکەخانەی تانجەرۆی تۆپ باران کرد و لەئەنجام دا 2 کۆپتەر سووتا .

1988* دەرچوونی بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق .

1989* هێرش و پەلاماری هێزەکانی دوژمن بۆ سەرناوچەی هەمەوەند .

1992* هەڤال مام جەلال خولی یەکەمی کۆلیژی سەربازی (خولی شەهید ملازم جوامێر)ی لە قەلاچوالان کردەوە .

**_(3) ی ئایار_**

1982* خۆپیشاندانو مانگرتنی جەماوەری شاری هەولێر و خوێندکارانی زانکۆی سەلاّح الدین و لەهەمان ڕۆژیش دا شارۆچکەی سەنگەسەریش ڕاپەڕی .

1988* کیمیا بارانی گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر لە کاتی هێرشی ئەنفالدا و شەهید بوونی 120 هاوولاّتی بێ تاوان (ئەنفالی 4) .

1990* تەقینەوەی مینی پارتیزانەکانی سورداش لەژێر ئوتۆمبیلێکی سەربازی لە کۆتەڵی مالومە .

**_(4) ی ئایار_**

*1982 بۆ پشتیوانی له ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ، کڵپەی ڕاپەڕین ئەم شارو شارۆچکانەشی گرتەوە (پێ ماڵك ، تووەسوران ، ژاراوە ، بەستەستێن ، کۆیەو شەهید بوونی 3 هاووڵاتی بێ تاوان) 0

*1987 قارەمانەکانی تیپی 51 ی گەرمیان لەناوچەی (زەنگ ئاباد) 7 تاوانباریان دەست گیر کرد .

*1988 کیمیا بارانی گوندی عەسکەرو شەهید بوونی دەیان هاوڵاتی، پاشان دوژمن بۆ رۆژی دواتر گوندەکەی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد.

*1989 تیپی شانۆی کوردستان له بلەکێ شانۆگەری (ڕاگوێزی) پێشکەش کرد .

*1995 هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچەند میحوەرێکەوە لەناوچەی قادر کرم داستانێکیان تۆمار کردو دەستیان بەسەر چەندین مقەر فەوج و سریەو دەیان ڕەبیەدا گرت.

*1997 لەسەر بانگهێشتی حکومەتی میسر مام جەلال گەیشتە قاهیرە .

*1999 دوای سەردانێکی ڕەسمی بۆ ئێران مام جەلال گەڕایەوە بۆ خاکی هەرێم .

*2000 بەئامادە بوونی سەرۆکی حکومەتو لەمەراسیمێکی میللیو رەسمیدا یادی دوانزە ساڵەی کیمیا بارانی گۆپ تەپەو عەسکەر کرایەوە.

**( 5) ی ئایار**

*1978 فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئەرتەشی شاهنشاهی ئێران ، کاروانی (هـ.پ.ك) یان دایە بەر شەستیر و ڕۆکێت لەسەرسنوور له کاتێکدا ئەو کاروانە بەرەو هەکاری بەڕێوە بون.

*1982 خۆپیشاندان و مانگرتنی جەماوەری ((بنگرد ، سورەقەڵات ، ماوەت)) .

*1988 کۆتایی هێرشەکانی ئەنفالی 4.

*1994 چەند دەستێکی تاوان تێکۆشەران (ڕێباز و مەلاسلێمان)یان لەئاکرێ شەهید کرد .

*1995 چەند کۆپتەرێکی دوژمن گوندەکانی دەوروبەری چەمچەماڵیان بۆردومان کرد .

*1995 له نەبەردێکیدا لەناوچەی پێنجوێن پ.می دێرینی (ی.ن.ك) شریفی قورعانی شەهید بوو.

**( 6) ئایار**

*1982 ڕۆژانی 6و7 تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بە بۆنەی 1 ی ئایارەوە لـەناوەندی کۆمەڵە لە نێوزەنگ ئاهەنگێکیان ساز کرد .

*1985 شەوی 6\7 قارەمانەکانی تیپی 86 ی دەشتی هەولێر ، هێرشیان کردە سەر (5) رەبیـەی جـادەی (کـروك هـەولێر) و لەئـەنجام دا دەسـتیان گـرت بەســەر 2 ڕەبیەداو چەند سەربازێکیش کوژرا.

*1985 لەهــەمان ڕۆژ مەفرەزەیــەکی تیپــی 86 هەڵمــەتیان بــردە ســەر هێزەکــانی پارێزگاری ڕێگای (گوێر هەولێر) و لەئەنجامدا 15 کەس لە دوژمن کوژران .

*1994 شەهید بونی 13 پێشمەرگەی کۆمیتەی مەسیف بەدەستی پارتی.

*1995 ڕۆژانی 6و7 بۆماوەی 2 ڕۆژ دوژمن لە بـان مەقانـەوە بۆردومـانی چەمچـەماڵ و شۆڕشی کرد .

*1996 شەوی 6/7 دوژمن دەوروبەری گوندی (قرخ)ی تۆپ باران کرد.

*1999 بەبەشداری مام جەلال کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سلێمانی دووەمین کۆنگرەی خۆی بەست.

## (7) ى ئايار

*1982 ڕاپەڕینی جەماوەری شاری کەرکوك و لەهەمان ڕۆژ کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی سەبارەت بەڕاپەڕینی جەماوەری کوردستان دەرکرد .

*1984 بۆ پیشتیوانی لەخوێندکارە مانگرتووەکان ڕۆژانی 7و 8 خوێنکارانی زانکۆی موسڵ مانیان گرت.

*1986 لەناو شاری سلێمانی 6 پێشمەرگەی قارەمانی تیپی 55 ی قەرەداغ لەبۆسەیەکدا شەهید بوون (هەژتر دەرەویانیو هاورێکانی).

*1986 پێشمەرگەکانی تیپی 86 بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای (هەولێر گوێر) داناو لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 2 سەرباز و دەست بەسەرا گرتنی ئوتۆمبیلێك.

*1987 هێزەکانی حکومەتی عێراق لە سێ قۆڵەوە پەلاماری دۆڵی بالیسانیان داو قارەمانەکانی تیپی 87 و 83 و مەفرەزەیەکی سۆشیالیست بەرەنگاریان بوونەوە و تێك شکێنران .

*1988 دەست پێکردنی ئەنفالی 5 لەناوچەکانی (دەشتی کەرکوك، کۆیە، هەولێر).

*1989 لە بۆسەیەکدا لەلایەن پارتیزانەکانی گەرمیانەوە لە گوندی خاڵە بەگ کۆمەڵێك جاش کەوتنە بۆسەکەوە لەئەنجامدا 2 خۆفرۆش کوژران .

*1994 4 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لەشارۆچکەی هەریر بەدەستی پارتی شەهیدکران.

*1995 زنجیرە هێرشێکی پارتی بۆ سەر ناوچەی باڵەییان تێك شکێنرا .

*1997 یاسۆشی ئەکاشی یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆکاروباری مرۆیی گەیشتە کوردستان و لەئەنجومەنی وەزیران کۆبووەوە .

*1998 هاوکات لەگەڵ ساڵ ڕۆژی شەهادەتی ئیمام الحسین لە مەراسمێکی تایبەت دا حوسینیەی الحکیم لە سلێمانی کرایەوە .

*2000 بەبۆنەی دەرچونی بڕیاری 59ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان مام جەلال پێشوازی لەڕێپێوانێکی فراوانی ژنانی کوردستانی کرد.

## ( 8)ی ئایار

*1977 شەڕی گوندی بۆگد.

*1982 خۆپیشاندانی جەماوەری ناوچەکانی (سلێمانی ، سوورەقەلات ، هەولێر ، پیرزین) .

*1985 قارەمانەکانی تیپی 93 هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەی جادەی کۆیە دێگەڵە و لەماوەیەکی کورت دا دەستیان بەسەردا گرت

*1986 شەوی 8\9 گەلەجاشێك پەلاماری گوندی (قۆریتان) یان داو قارەمانەکانی تیپی (58 و 87 و 86) بەرەنگاریان بوونەوە و لەماوەی 3 سەعات شەڕدا تێکیان شکاندن و 9 جاشیان لێ کوشتن .

*1988 کۆتایی ئەنفالی 4 .

## ( 9)ی ئایار

*1982 خۆپیشاندانی جەماوەری (قەلاچوالان ، کەناروێ ، ماوەت ، خەلەکان) .

*1984 دەرچوونی بەیاننامەی خوێنکارە مانگرتووەکانی کوردستان کەتیایدا داوا لەکۆمەلانی خەڵك کرابوو کەڕۆژی 5/13 بکەنە رۆژی مانگرتنی گشتی.

*1986 قارەمانەکانی تیپی 87 ی کاروخ دەستیان بەسەر ڕەبیەی ژمارە 3ی فەوجی 33دا گرت.

*1986 لەشەوی 9\10 مەفرەزەیەکی تیپی 85 لە هاوینەهەواری صلاح الدین (2عضو شعبة)یان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند .

*1987 تۆپخانەی مەڵبەندی 2 هێزەکانی حکومەتی عێراقیان لە (بەردەشین ، کونەماسی ، کارێزە ، ماوەت) تۆپ باران کردو زەرەرو زیانێکی گەورەیان پێ گەیاندن .

*1987 هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی 3 هێرشێکی دوژمنیان بۆ سەر (تۆسەك و وەرتێ و هەرتەل) تێکشکاند .

*1987 قارەمانەکانی تیپی 74 ی باڵەك هێرشێکی گەورەی دوژمنیان بۆسەر ناوچەی باڵەك تێکشکاند و دەیان سەربازیش کوژران.

*1995 مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بڕیاری ئازاد کردنی دیلەکانی پارتی دا .

## ( 10) ی ئایار

*1982 بەیاننامەی ناوەندی (کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان) بەبۆنـەی ڕاپـەڕینی جەماوەری شاروشارۆچکەکانی کوردستان .

*1984 بەیاننامەی (ی.خ.ك)ی زانکۆی موسڵ سەبارەت بەچارەسـەرنەکردنی کێشـەی خوێندکاران بەزۆر چەکدار کردنیان.

*1986 ڕۆژانـی 10—12 لەسـەر داوای مەکتـەبی سیاسـی (ی.ن.ك) وەفـدی مەکتـەبی سیاسـی (پاسـۆك) گەیشـتە یاخسـەمەر و لەگـەڵ سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) دا کۆبوونەوە .

*1989 دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێم تەرمی 7 هاووڵاتیان لەگردی سەیوان ناشت کە لەلایەن دوژمنەوە گوللە باران کرابوون و یەکێکیان منداڵێکی ساوا بوو.

## ( 11) ی ئایار

*1978 هـێزی ئاسمـانی و مغـاویری عـێراقی پـەلاماری کـاروانێکی (ھ.پ.ك)یـان دا لـە پشتی سالاریەی برادۆست و شەڕێکی سەخت و خوێناوی ڕویدا .

*1982 قارەمانەکانی کەرتی 4 ی جـەباری بەسەرپەرشـتی شـەهیدی پـارتیزان (مامـە ڕیشە) داستانی (حەمك)یان تۆمـار کـردو لەشـەڕێکی 14 سـەعاتیدا دوژمنیـان بـەزاندو توانیـان 12 جـاش و 12 جەیشـی شـەعبی و 11 سـەرباز بکـوژن و ئـەم داستانە بەخوێنی 4 پێشمەرگەی قارەمان نەخشێنرا .

*1984 بەیاننامەی (ی.خ.ك) بەبۆنەی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی موسڵەوە .

*1984 بەیاننامەی یەکێتی نوسەرانی کوردستان بـۆ پشـتیوانی لـەخوێنکارانی زانکـۆی سەلاحەددین.

*1986 مەفرەزەیـەکی تیپـی 25 ی خاڵخـالآن چوونـە ناوشـاری چەمچـەماڵ و چـەند خۆفرۆشێکیان بەدیل گرت .

*1987 تۆپخانەی قورسی مەڵبەندی 1 ئۆردوگای (ترغل)ی تۆپ باران کـردو زیـانێکی گەورەی پێ گەیاند.

*1989 تیپـی شـانۆی کوردسـتان لەشـاری سـەقز لـە ڕۆژانـی 5—12 شـانۆگەری (ڕاگوێز)یان پێشکەش کرد .

*1979 لە ڕۆژانی 12—17 حیزبی شیوعی فەرەنسی بەئامادەبوونی 80 وەفدی حیزبی شیوعی و کرێکاری و پێشکەوتن خوازی جیهان (23)هەمین کۆنگرەی خۆی بەست و (ی.ن.ك) بەوەفدێك لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو .

*1982 شەوی 12/13 پێشمەرگەکانی کەرتی 4ی جەباری هێرشتان کردە سەر گونی تەپەلو پاش شەڕێکی 3 سەعاتی چەند زیانێك بەدوژمن کەوتو پێشمەرگەیەکیش بەناوی سۆران شەهید بوو.

*1984 بەیاننامەی (ی.ھ.ك) کۆمیتەی بالآ بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی خوێندکارانی کوردستان .

*1986 هێزەکانی سەربازی عێراقی پەلاماری گوندی (بێ ڕەشکە)یان داو لەئەنجامدا 3 پیرەمێردی ئەو گوندەیان شەهید کرد .

*1986 شەوی 12\13 پێشمەرگەکانی تیپی 21ی کەرکوك هێرشیان کردە سەر مۆلگای جاشەکان لە گوندی نەبی ئاوا کە 20کم لە کەرکوکەوە دوورە پاش شەڕێکی دەستەو ئێخە توانیان 18 خۆفرۆش بکوژن و ئەم نەبەردیە بە خوێنی 4 پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا .

*1987 شەوی 12\13 ڕاپەڕینی جەماوەری سەید سادق لە دژی سیاسەتی ڕاگواستن .

*1987 دوژمن 8 هاوولاتی بێ تاوانی خەڵکی گوندەکانی سەرگەڵو و دۆڵی جافەتی گوللە باران کرد .

*1987 تۆپخانەی مەڵبەندی 1 مۆڵگای جاشەکانی لە ئۆردوگای زەڕایەن تۆپ باران کرد .

*1987 مەفرەزەیەکی تیپی 87 ی قەرەچوغ لەناوچەی ئاسکی کەڵەك سیخوڕێکیان دەستگیر کرد .

*1999 لەکۆبونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی وەزیراندا پرۆژەی دامەزراندنی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان پەسەند کرا.

*1978 (هـ.پ.ك) له كاروانى هەكارىدا له پشتى جورجان كەوتنه ناو گەمارۆى (ساواك و ميت و عێراق)ەوه لەهەمان كات دا هێزەكانى عێراقيش پەلاماريان دان .

*1987 ڕاپەڕينى جەماوەرى هەڵەبجەو سەيد صادق و شارەزوور و كۆنترۆڵ كردنى ئەو دووشاره لەلايەن خۆپيشاندەرانەوه .

*1987 تيپى 15 ى هەورامان و هێزێكى حيزبى سۆشياليست ، ناحيەى سيروان و خورماڵيان ئازاد كردو 71 كەسيشيان بەديل گرت .

*1989 دامودەزگاكانى حكومەتى عێراقى له شارى كەركوك گەڕەكى (عرصه)يان تێك دا .

*1997 شەوى 13\14 لەشالاوێكى تازەى دەركردن له كەركوك ڕژێم 200 ماڵى ڕاگوێزاو گەيشتنه چەمچەماڵ .

*1997 پاش سەفەرێكى ڕەسمى بۆ ئێران ميسر و كوێت هەڤاڵ مام جەلال گەيشتەوه خاكى كوردستان .

*1999 ئەنجومەنى وەزيرانى حكومەتى هەرێمى كوردستان لەسەر پێشنيارى مام جەلال پرۆژەى دامەزراندنى دەزگاى شەهيدانى شۆڕشى گەلى كوردستانى پەسەند كرد.

**(14) ی ئایار**

1982* سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی لێبوردنی گشتی بۆ چەکدارەکانی رژێم دەرکرد.

1982* تیپی شانۆگەری شۆڕش سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) یەکەم بەرهەمی خۆی لەسەر شانۆی گەڕۆك لە زەڵێ بەناوی (فایلی 67) پێشکەش کرد .

1982* مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بەیاننامەیـەکی لـە (9) خـاڵدا بـۆ هـەموو (هـ.پ.ك) دەرکرد لەبارەی رەفتار کردن لەگەڵ جەماوەردا.

1986* بەشداری نوێنەری (ی.ن.ک) لە 42 هەمین کۆنفرانسی مافی مـرۆڤ لـە نەتـەوە یەکگرتوەکان .

1995* پارتی بەکاتیوشاو هاوەن بۆردومانی ناوچەکانی تۆکمێ و بالوکـاوە و زینـێ ی کرد .

1987* هێزەکـانی تیپـی 51 و 59 و حـیزبی شـیوعی و حـیزبی سۆشیالیسـت چـەند هێرشێکی حکومەتیان بۆ سەرگوندەکانی (چچان و ئاڵیاوە) تێکشکاند .

1987* لە بۆسەیەکی سەرکەوتوانەی قارەمانەکانی تیپی 59 لە نزیك قەرەهەنجیر چەند سەربازێك کوژران.

1995* تێکشکاندنی هێرشێکی پارتی بۆ سەرشاخی شۆپە و گوندی خەتێ.

1997* لەسەر بانگهێشتی مەسعود بارزانی، تورکیا بە 50هەزار سـەربازو 250 تانکـەوە هاتە ناوخاکی هەرێمی کوردستانەوە .

1997* دەست پێکردنی خولی چوارەمی دانوستانی (ی.ن.ک) و پارتی لە ئەنکەرە.

**(15) ی ئایار**

1985* ڕۆژانی 15—25 تیپی شانۆی مندالآنی هەڵەدن بە بۆنەی سەرکەوتنی (هـ.پ.ك) لە دابان هەلاج شانۆگەری (دابان) یان لە گوندەکانی جافەتی نمایش کرد .

1986* قارەمانـەکانی تیپـی 15 ی هـەورامان و مەڵبـەندی 1 و لقـی سۆشیالیسـت لــە نەبەردیەکدا دەستیان گـرت بەسـەر مقـر سـریەیەك و ڕەبیەیـەك و تـانکێك لـە مرواری و سید صادق .

1987* تیپـی مەڵبـەندی 2 لـە هەڵمـەتێکی کـورت دا دەسـتیان گـرت بەسـەر ڕەبیـەی سپیلکیان و لە ئەنجام دا 11 جاش کوژران و 16 ی تریش بەدیل گیران .

*1988 هێزەکانی دوژمن گوندەکانی (کاموسەك و سپیدارە و عەلیاوە و وەرتێ و بیرکەو کەوەرتیان) و چەند گوندێکی تریان بۆردومان کرد .

*1988 دەست پێکردنی ئەنفالی 5و6و7 لە چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز.

*1990 سەرۆکی یوگۆسلافیا (فاسلاف هاڤڵ) پێشوازی کرد لەوەفدێکی بەرەی کوردستانی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال .

***(16) ی ئابار***

*1983 بروسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوی سلێمانی (کۆمەڵە) بۆ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بە بۆنەی سەرکەوتنی (هـ.پ.ك) لە شەڕی بەرەی جوددا.

*1986 شەوی 16\17 هێزێکی تیپی 47 ی پێرەمەگرون لەسەر جادەی 60 مەتری شاری سلێمانی دەستیان گرت بەسەر 2 ڕەبیەدا.

*1986 شەوی 16\17 تیپی 53 ی شیروانە چوونە ناو ئۆردوگای ئەحمەد قادری باوەنوور و کوژرانی 4 جاش.

*1987 لە بۆسەیەکی پتەوی تیپی 19 لە نزیك گوندی (مامە چەلکە) دوژمن چەند سەربازێکی لێ کوژرا .

*1987 قارەمانەکانی تیپی 59 هێرشێکی دوژمنیان بۆ سەر گوندی (شێخ جیری) تێکشکاند پاش شەڕێکی چەند سەعاتی دوژمن دەیان کوژراوی لێ بەجێ ما.

*1987 خۆپیشاندانی جەماوەری رانیە بۆ پشتگیری لەڕاپەڕینی شارەزوورو هەڵبجەو سەید سادق.

*1993 سەعات 10:15 ی سەرلەبەیانی بەپیلانێکی رژێمی عێراق بۆمبێکی تەوقیت کراو لەچایخانەی قەرەداغ لەکەلار تەقییەوەو بووە هۆی بریندار بوونی 13 هاووڵاتی.

*1995 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نێوان شانەدەری و سەید سادق کە تەرمی شەهیدانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1987 ی شارەزوور و هەڵەبجەی تێدا بوو .

**(17) ی ئایار**

1986* شەوی 17\18 مەفرەزەیەکی تیپی 23 ی سورداش هێرشی کردە سەر (باب النظام) و ڕەبیەی کەڵەوانان لەتاسلۆجە.

1987* قارەمانەکانی تیپی 12 ی سۆران هێرشێکی دوژمنیان بۆ سەرسنوری ناوچەکەیان تێکشکاند و پاش گەڕانەوەی هێزەکەی دوژمن بە سەرشۆڕی ، لەلایەن خەڵکی قارەمانی ڕەواندوز بەرد باران کران.

1989* تەرمی 8 هاووڵاتی لە گردی سەیوان نێژران کە لەلایەن ڕژێمەوە لە سێدارە درابوون .

1992* (ی.ن.ك) و حکومەتی ئەمریکا ڕێککەوتن لەسەر گواستنەوەی 30 تەن لەبەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعس.

1994* شەهید بوونی هەڤاڵ (حسن کوێستانی) ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی 4 ی بادینان و هاورێکانی لەگەڵاڵە بەدەستی پارتی .

1996* دوای ماوەیەکی زۆر لەهیلاکی کادیرانی خۆماڵی توانیان دووەمین بیری نەوتی شیواشۆك بەسەرکەوتوویی بەئەنجام بگەیەنن.

**(18) ی ئایار**

1985* چالاکی تیپی 53 ی شیروانە لەنزیك باوەنوور ، کوژرانی 15 سەرباز ، 20 بریندار ، سووتاندنی 1 ناقیلە و 1 جێب قیادە و 1 ئیڤا .

1986* پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی 57 ی سەگرمە پاش 10 سەعات شەڕ هێزێکی گەورەی دوژمنیان بۆسەر گوندەکانی (تەکیە ، چاخی ، تەپە قوڕە) تێکشکاند لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژران و ئەم نەبەردیەش بە خوێنی گەشی پێشمەرگەیەك تۆمار کرا .

1987* شێرە کوڕانی تیپی 53 ی شیروانە هێرشێکی گەورەی دوژمنیان لەچەند قۆڵێکەوە بۆسەر (هۆمەربل و گۆبان) تێکشکاند و لەئەنجامدا دەیان جاش و سەرباز کوژران و تانکێکی بەرازیلی و 3 دۆشکاش دەست کەوت بوو .

1994* 19 فڕۆکەی تورکیا گوندی (زەڵێ)یان بۆردومان کرد .

1996* شەهید بوونی هەڤاڵ (ڕزگار محمد عبدالله) کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی لە ناوشاری سلێمانی دا .

## *(19) ی ئایار*

*1986 شەوی 20\19 قارەمانەکانی تیپی 55ی قەرەداغ هێرشێکیان کردە سەر ڕەبیەی جادەی عەربەت   سلێمانی و زەبرێکی گورچك برِیان لێ وەشاندن و لەم هەڵمەتەدا پێشمەرگەی قارەمان (حەمە قەراڵی) شەهید بوو .

*1987 جەماوەری خۆڕاگری ڕەواندوز بە پشتیوانی پێشمەرگەکانی تیپی 12 و 19 توانیان بۆ ماوەی 1 ڕۆژ ئەو شارە ڕزگار بکەن .

*1992 هەڵبژاردنی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان .

*1993 لە کۆشکی (ئەلینزێ)دا لەپاریس مسیۆ فرانسۆ میترانی سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لەمام جەلال و مەسعود بارزانی کرد .

*1994 دەرچونی ئەفسەرانی خولی یەکەمی کۆلیژی سەربازی لە قەلاچوالان ، خولی (شەهید ملازم جوامێر سایەمیر) .

*1997 لە لێدوانێکی ڕەسمیدا بیل کلینتۆن ی سەرۆکی ئەمریکا دەرکردنی کورد و تورکمان لەکەرکوك بە بەشێ لەداپلۆسینی خەڵکی عێراق لەقەڵەم دا.

## *(20) ی ئایار*

*1986 پێشمەرگەکانی تیپی 21 ی کەرکوك لە دوو قۆڵەوە چوونە ناوشاری کەرکوك و لەسەعات 11:30 تا 3 ی شەو شەڕیان دامەزراند و زیانێکی گەورەیان دا لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دوژمن ، ئەم داستانە بەخوێنی ئاڵی 4 پێشمەرگە تۆمار کرا .

*1986 شەوی 21\20 هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی 85 و 87 هێرشیان بردە سەر ڕەبیەی پارێزگاری بیرە نەوتەکانی ڕۆژهەلاتی کەندیناواو لە ئەنجامدا 5 چەکداری دوژمن کوژران .

*1986 پێشمەرگەکانی تیپی 53 هێرشێکی هێزەکانی دوژمنیان لە چەند قۆڵێکەوە بۆ سەر ناوچەی داودە تێکشکاند و زیاتر لە 30 سەرباز و جاش کوژرا .

*1989 پارتیزانەکانی سورداش هێرشیان بردە سەر ڕەبیەی دەربەندی هەڵەدن .

*1997 بەستنی کۆنگرەی 31 ی ئاب لەسلێمانی لەژێر دروشمی (لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی 31ی ئابێکی تر).

### <u>(21)ی ئایار</u>

1986* هێزێکی تیپی 99 ی بتوێن بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کانی وەتمان خەلەکان دا نایەوە لە ئەنجامدا 2 جاش کوژراو یەکێکیش بریندار بوو .

1987* لە ڕۆژانی 21—23 تیپی 55 و 53 و تیپی مەڵبەندی 1 و گرتنی زنجیرە شاخی گڵە زەردە و بورجی دارە ڕەش .

1989* دام ودەزگاکانی ڕژێمی عێراق لە شاری سلێمانیدا خانوی 9 هاووڵاتی‌یان تەخت کرد .

### <u>(22)ی ئایار</u>

1975* یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لـە ڕادیـۆو ڕۆژنامـەکانی سـوریاوە بڵاوکرایەوە .

1987* هێزەکانی حکومەتی عێراق گوندەکانی (مەلەکان و گۆڕەشێر و کندۆل و بلی و بردون)یان کیمیا باران کرد و لەهەمان ڕۆژیش دا گوندەکانی (تۆمار و گرگان و قەمەر)ی ناوچەی کەرکوکیان کیمیا باران کرد.

1987* بۆردومانی ناوچەکانی تومار ، گرتکان ، قەمەر لە نزیك کەرکوك .

1995* شەهید بوونی هەڤاڵ (اسماعیل وەرتێی و هاورێکانی) لەرانیە.

### <u>(23)ی ئایار</u>

1987* پێشمەرگەکانی تیپی 87 لە ناوشاری هەولێردا ئەفسەرێکیان گوللە باران کرد .

1987* تێکشـکاندنی هێرشـێکی دوژمـن بـۆ سـەر گونـدی تیمـار لەلایـــەن تیپـــی 21ی کەرکوکەوە.

1992* دوژمن بۆ ماوەی 4 سەعات ناوچەکانی شیوە سورو هەنارەو شێخ بزێنی خوارو کانی رەشی ناوچەی شوانی تۆپ باران کرد.

**(24) ی ئایار**

1986* تیپی 85 و بۆسەی جادەی موسڵ عەقرە و بەدیل گرتنی جاشێك بەتوتومبێلەکەیەوە .

1987* بۆسەی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 3 لەسەرجادەی هەریر شەقڵاوە و سووتاندنی 2 ئۆتومبێل و کوژرانی سەرنشینەکانی .

1987* شەوی 24\25 هێزەکانی مەڵبەندی 1 بەدوو قۆناغ و لە سێ قۆڵەوە داستانی ڕزگارکردنی زنجیرە شاخی گڵە زەردەیان تۆمار کرد ، لەم داستانەدا دەیان مقەر سریەو ڕەبیە گیراو سەدان سەرباز و جاش کوژران و سەدان پارچە چەك دەسکەوتی پێشمەرگە قارەمانەکان بوو ، ئەم داستانە بە خوێنی سەرتیپی قارەمان (دلێر جاف) و 7 پێشمەرگەی تر نەخشێنرا .

1987* تۆپخانەی شۆڕش بەخەستی سەربازگەی ڕەواندوزی تۆپ باران کرد .

1991* نووسەر و کادێری ژێری ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) کاك یوسف شەریف بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد .

1994* کۆمەڵێك لە ژنانی کوردستان لە سلێمانیەوە بەپێ بەرەو بارەگای پەرلەمانی کوردستان لەهەولێر بەڕێ کەوتن بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی شەڕی ناوخۆ.

**( 25)ی ئایار**

1981* به ئاماده بوونی 185 ئەندام لە 25/5—3/6 (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانــی کوردســتان) یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە گوندی (مالیمۆس) بەست.

1985* دوژمن بە هێزێکی گەورەوە هێرشی کردە سەر (پیری شەوکێڵ و کـەتوو) لـە ناوچـەی شـاربازێڕ ، قارەمانـەکانی گـەل بەسەرپەرشـتی کـاك جـەبار فـەرمان شێرانە بەرەنگاریان بوونەوە و پاش چەندین ڕۆژ شەڕ چۆکیان بەدوژمن دادا و لـەم داسـتانە مەزنـەدا ســـەرتیپی 31 ی ســلێمانی کــاك (علــی چوارتــایی) و هەڤاڵەکانی شەهید بوون .

1987* پاش سەردانی وەفـدی (حزبـی سۆشیالیسـتی کوردسـتان ) بـۆ سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە دۆڵی جافەتی ، هەردوو لا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە

1993* تۆپخانەی ئێران (زینوێ) ی حاجی ئۆمەرانی بۆردومان کرد .

1995* دوژمن ئاگری لەدەغڵ و دانی هاوولاتیانی گونـدی باشـتەپەی سـەر بەناحیـەی قوشتەپە بەردا .

1995* ڕۆژانی 25و26 پەلاماری پارتی بۆ سەر (کیلیێو دەرگەڵە) تێك شکێنرا.

**( 26)ی ئایار**

1986* لە دژی دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراقی ، جەماوەری ناحیەی بنگرد و دەور و بەری خۆپیشاندانێکی گــەورەیان ســاز کــردو و شــارەکەیان کۆنـترۆڵ کـرد ، شایانی ووتنە ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم ڕاپەڕینەدا و کیژۆڵەیــەکی 12 ساڵە بەناوی (فاتمە بەکر) شەهید بوو ، لە تۆڵەی ئەوەدا دوژمن 1100 خانووی هاوولاتیانی لە بنگرد و گوندەکانی دەور و بەری تەخت کرد .

1986* مەفەرزەیەکی تیپــی 86 ی دەشـتی هـەولێر لـە سـەر ڕێگـای موسـڵ هـەولێر بۆسەیەکیان نایەوە و ئوتۆمبیلێکی شۆفرلێتی طواری کەوتـە بۆسـەکەوە و لـە چاو تروکانێکدا شۆفرێتەکەیان سووتاند و سەرنشینەکانیش کوژران .

1993* تۆپخانەی ئێران گوندەکانی ناوچەی مەیدانی سەر بەقەزای خانەقین تۆپ باران کردو بووە هۆی بریندار‌بوونی 10 هاوولاتی.

1999* هـەڤاڵ مـام جـەلال لـە کۆنفرانســی دامــەزراندنی ڕێکخــراوی ئــازادی لاوانــی کوردستان بەشداری کرد .

**(27)ی ئایار**

*1987 چەند فرۆکەیەکی دوژمن کیمیا بارانی گوندەکانی دۆڵی سماقولیان کرد و لە ئەنجامدا 8 هاووڵاتی شەهید و 22 ی تریش بریندار بوون .

*1995 لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە گوندی دارەبەنی نزیک ناحیەی عەین کاوە ، تەمەنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە درێژ کرایەوە .

*1998 سیمیناری دایەلۆگی (عەرەب کورد) دەستی پێکرد .

**(28)ی ئایار**

*1985 شەهید کردنی مامۆستا یوسف دەرگەڵەیی لە ناو شاری هەولێر .

*1992 (هێربەرت شنوور) وەزیری ناوخۆی وویلایەتی (نۆرت ڕاین فیستڤاڵ ڤن)ی ئەڵمانیای فیدراڵ بەسەردانێك هاتە کوردستان .

**(29)ی ئایار**

*1978 نامەی ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراقی (القیادە المرکزیە) لەزیندانەوە گەیشتە دەستی هەڤاڵ مام جەلال کەتیایدا باسی قارەمانێتیو خۆراگری هەڤاڵانی هەڵۆی سور دەکات.

*1985 خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی سۆخۆ لەئاسمانی گەرەوان کە بووە هۆی شەهید بوونی 12 هاووڵاتی و 14 بریندار .

*1986 قارەمانەکانی تیپی 86 ی دەشتی هەولێر لەسەر ڕێگای هەولێر کەرکوك بۆسەیەکیان نایەوە و 8 ئوتۆمبێلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوەو چەند دەستکەوتێکیش هەبوو .

*1987 شەوی 29\30 قارەمانەکانی تیپەکانی مەڵبەندی 2 و 3 لە دوو قۆڵەوە و لە ماوەی 1 سەعاتدا توانیان دەست بگرن بەسەر ناحیەی تەق تەق و مقر فەوجی 149 و بنکەی 30ی تەمموزی جەیشی شەعبی ، لەم نەبەردیەدا سەدان پارچە چەك دەستکەوتی ڕۆڵەکانی (ی.ن.ك) بوو ، هەروەها سەدان کەس لە چەکدارەکانی دوژمن کوژران ، ئەم داستانە بە خوێنی شەهیدی شۆڕش و گەل (کاك عبدالرحیم) لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی 2 و 9 پێشمەرگە تۆمار کرا.

*1979 دەرچوونی بەیاننامەی (قیادة التجمع الوطني العراقي)، شایانی باسە کۆبوونەوەکان لەنێوزەگ لە سەر خاکی کوردستانی عێراق ساز کرا .

*1986 تیپی 78 و 12 و گرتنی 9 ڕەبیەی دۆڵی خانەقا لەماوەی 12 دەقیقە و کوژرانی 17 جاش و بەدیل گرتنی 6 جاش و شەهید بوونی پێشمەرگە (ئیبراهیم ڕەسول).

*1999 سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەردی بناغەی پرۆژەی شانۆی نیشتمانی کوردی دانا کە بڕی 20 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرا .

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی ئایاردا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

- 1982 بەیاننامەی پشتگیری بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە ڕاپەڕینی قەڵادزێ .
- 1985 ئـازاد کردنـی چـەندین دیـل لەسـەرباز و جەیشـی شـەعبی هـەوەها 2 ئـەندازیاری فەلەستینی لەلایەن(هـ.پ.ك)ەوە .
- 1985 نامەی (ی.ن.ك) بۆ گرۆمیکۆ و شلتن .
- 1985 قسەکەرێکی بەر پرسیار لە (ی.ن.ك) بە دیل گرتنی 26 بیـانی لەلایـەن (هـ.پ.ك)ەوە ڕاگەیاند .
- 1986 نامەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان بۆ هەموو حیزبە کوردستنییەکان دوای ئاشـت بوونەوەی گشتی .
- 1986 تیپی 93و شەڕی جادەی کۆیە   تەق تەق لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 15 کەس و بریندار بوونی 17 تر و قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهیدێك بوو .
- 1987 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی ڕژێمی عێراقی کرد لە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی .
- 1988 کۆتایی مانگی 5 نامەی بەرەی کوردستانی بۆ گۆرباچۆف و ڕیگن .
- 1989 ڕژێم لە ماوەی مانگێدا 59 هاووڵاتی لە سێدارە دا و لەگردی سەیوان ناشتنی .
- 1989 ڕژێم 200 خانووی لە چەمچەماڵ ڕووخاند.

# حوزەیران

*1975 دامەزراندنی (ی.ن.ك) و بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی دامەزراندی لە ئەوروپا .

*1976 مەفرەزەکانی (ی.ن.ك) لە قامشلییەوە بەمەبەستی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بەرەو کوردستان بەڕێ کەوتن.

*1978 لە بازێ یەکەم شەڕی هەکاری دەستی پێ کرد .

*1978 چەند جاشێك کەلای قیادە مۆقەتە گەڕابوونەوە لە ناوچەی خۆشناوەتی فەرماندەی کەرت (عزیز ڕابی گەرەوان) یان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر شەهید کرد لەکاتی نووستن دا و پاشان تەسلیم بوونەوە .

*1979 شەڕی گوندی قەرەنگوێ و شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەك لەوانە (مەجید سەرگەڵویی ، عبدالرحمن حسین مارف) .

*1979 شەوی 2\1 مەفرەزەیەکی لقی یەکی (ی.ن.ك) لە ناو شاری پێنجوێن لە ڕەبیەکانی دوژمنیان دا بە ئارپیجی و نارنجۆك ئەنداز کە بووە هۆی کوژرانی 7 سەرباز .

*1979 ئاهەنگی چوارەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی (ی.ن.ك) لە توژەڵە.

*1980 پتر لە 100 پێشمەرگەی هەرێمی 3و لەیەك کاتدا هەڵمەتیان بردە سەر دامودەزگاکانی رژێن لەناو شاری پێنجوێندا.

*1982 کەرتی تیپ و کەرتی 1 ی تیپی 55 بۆماوەی 45 دەقیقە ئاگر بارانی ڕەبیەی سەر تەعاونیان کرد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 3 سەرباز .

*1986 ڕۆژانی 1و2 دوژمن ناحیەی بنگرد و ئۆردوگاکەی و چەند گوندێکی دەور و بەری بە شۆڤڵ تەخت کرد .

*1989 نزیکەی 70 ماڵە کورد لەگەڕەکەکانی شۆڕیجە ، ئیمام قاسم ، ڕەحیم ئاوای کەرکوك تەرحیل کران .

*1990 کۆپتەرەکانی دوژمن لە گوندی وێڵەیەری شارباژێڕ تەقەیان لە 4 هاووڵاتی کرد و یەکێکیان شەهید بوو .

*1992 هەڤاڵ مام جەلال لە سەردانێکدا بۆ تورکیا لەگەڵ سلێمان دیمیریلی سەرۆك وەزیران و حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوە کۆبووە وە .

*1993 لە یادی هەژدەیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ی.ن.ك) دا ئێزگەی دەنگی گەرمیان کرایەوە .

**( 2)ی حوزەیران**

*1979 مەفرەزەیەکی کەرتی 3ی هەرێمی 1 لوغمێکیان لە نزیك ڕەبیەی (قەڵا مستەفا) چاند و لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 3 سەرباز .

*1985 خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی سۆخۆی دوژمن لەلایەن دژە ئاسمانییەکانی‌مەڵبەندی (4)ـەوە .

*1987 شەوی 3\2 تیپی 21 ی کەرکوك و حزبی شیوعی پەلاماری هێزەکانی بناری خاڵخاڵانیان داو لە ئەنجامدا بووە هۆی کوشتنی 30 مغاویر .

**( 3) ی حوزەیران**

*1987 تیپەکانی 86 و 87 و 78 کەمینێکیان لەسەر ڕێگای کەرکوك هەولێر داناو لەئەنجامدا بووە هۆی گرتنی لێپرسراوی قاطعی 41 ی جیش شعبی ابو جعفر المنصور .

*1987 شەوی 4\3 تیپی 27 ی تۆکمە چوونە ناوشاری سلێمانی 7 خۆفرۆشیان دەستگیر کرد .

*1989 ڕۆژانی 3 5 کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ناوزەنگ سازکرا.

*1994 (ی.ن.ك) یەك لایەنە بڕیاری شەڕ ڕاگرتن لەسەرتاسەری کوردستاندا درا .

*1996 سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ بەئامادەبونی عوزیز محەمەدو نوێنەری لایەنەکانی لیژنەی هاریکاری نیشتمانی بە بەبشداری 75 ئەندامی پەرلەمان، ماوەی پەرلەمان بۆ 3 مانگی تر درێژ کرایەوە.

**( 4) ی حوزەیران**

*1979 مەفرەزەیەکی کەرتی 1 ی هەرێمی 1 لوغمێکیان لەنێوان ڕەبایەکانی گوندی گوڵەخانە چاند و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 3 سەرباز .

*1982 شەوی 5\4 کەرتی 1ی تیپی 33 ی سلێمانی بە خەستی تۆپ بارانی سریەی فەوجی 4 یان کرد ، پاش شەڕێکی سەخت دوژمنیش تۆپ بارانی ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کرد و بووە هۆی شەهید بوونی 2 پێشمەرگە بەناوی (بکر حەمەلاو و بکر عبداللە علی) .

*1992 یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان .

**( 5) ی حوزەیران**

**( 6) ی حوزەیران**

1989* بڵاوبونەوەی بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی فراوانی (ی.ش.ك) لە نێو زەنگ.

1992* پەرلەمانی کوردستان (د .فواد معصوم)ی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

1994* بۆ پشتگیری لەدەستپێشخەرییە ئاشتخوازانەکەی مام جەلال جەماوەری شاری سلێمانی لەسەر داوای ئەنجومەنی باڵای جەماوەر ڕێپێوانێکی هێمنانەیان ساز کرد.

1994* هێزەکانی پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەچەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی (ی.ن.ك) لەملەکەوەو کانی مانگای پێنجوێن.

1994* شەوی 7/6 هێزەکانی پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامیو حزب الله پاش بۆردومانێکی خەست لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری شاری قەڵادزێیان داو چەند شوێنێکیان داگیر کرد.

1999* مام جەلال سەردانی بارەگای UN ی لە سلێمانی کرد .

**( 7) ی حوزەیران**

1979* مەفرەزەیەکی هەرێمی 11 سەعات 5:30 بە ئارپیجی هێرشیان کردە سەر ڕەبایەی پشتی هەڵشۆ .

1987* بۆسەی تیپی 53 و مەفرەزەیەکی پارتی لەسەر ڕێگای قۆرەتو خانەقین کە بووە هۆی سووتاندنی 2 ئوتۆمبیلی سەربازی .

1994* (هـ.پ.ك)و جەماوەری قەڵادزێ لەدژە هێرشێکدا هێزەکانی پارتیو هاوپەیمانەکانی لەقەڵادزێ دەرپەڕاند.

1997* مام جەلال سەردانی ویستگەی کارەبای دەربەندیخانی کردو یەکەی ژمارە 2ی بەرهەمهێنانی ووزەی کردەوە.

**( 8) ى حوزەيران**

1979* مەفرەزەيەكى كەرتى هەرێمى 14 پەلامارى مقەر فەوجى 6ى ليواى 97 يان دا لە ناوچەى پلێنگان و ڕاونانى جاشەكان.

1979* مەفرەزەيەكى ليژنەى ناوچەى هەڵەبجەى (ى.ن.ك) چوونە ناوشارى هەڵەبجەو چەند خۆفرۆشێكيان بەسزاى گەل گەياند .

1987* تيپى 53 بۆسەيەكيان لەسەر ڕێگاى كەلار باوەنور نايەوە و لەئەنجام دا بووە هۆى سووتاندنى ناقيلەيەك و ئيڤايەك و كوژرانى چەند سەربازێك.

1987* تۆپخانەى شۆڕش بۆردومانى سەربازگەى سوسێ و سەنگەرەكانى كۆتەڵ و كانى خان و حاجى تانى كرد .

1994* سەعات 5ى بەيانى (پ.د.كو بزوتنەوەى ئيسلامى) بەپاڵپشتى تۆپخانەى ئێران لە 4 قۆڵەوە هێرشيان كردە سەر سەنگەرەكانى (ى.ن.ك) لە گردەنازێو ناوگردانو گامێش تەپەو شانەدەرى.

1994* شەوى 8/9 دوژمن بەتۆپى قورس لەقەرەهەنجيرەوە بۆردومانى ئۆردوگاى شۆڕشى كرد.

**( 9) ى حوزەيران**

1979* مانگرتن و خۆپيشاندانى جەماوەرى قەسرێ .

1979* مەفرەزەيەكى كەرتى 1 ى هەرێمى 14 هێرشيان بردە سەر فەوجى دارەبەن لە دۆڵى شاور .هەمان مەفرەزە لوغمێكيان لە سەر ڕێگاى سەربازەكان لە گوێزگەڵان داناو بووە هۆى كوژرانى 3 سەرباز .

1982* شەوى 10\9 كەرتى تيپ و كەرتى 3 ى تيپى 55 ى قەرەداغ بۆسەيەكيان لەسەر جادەى دەربەنديخان سلێمانى لە گوندى چنارە دانا لە سەعات 11:30 لە ئەنجامدا سەيارەيەكى سەربە منظمەى بەعس سووتێنراو بووە هۆى بريندار بوونى ئەمنێك و 3 جاش .

1985* بۆمب بارانى ئۆردوگاى ئاوارەكان لە زێوێ كە لەئەنجامدا بووە هۆى شەهيدو برينداربوونى 200 هاووڵاتى .

1993* ئێران تۆپ بارانى زەڵێ ى كرد .

1970* دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان .

1979* گەلەجاشێکی زەڕایەن هێرشیان کردە سەر مەفرەزەیەکی شارەزوور لەئەنجامدا پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و ڕاویان نان و 2 پێشمەرگەش بریندار بوون .

1979* پێشمەرگەکانی کەرتی هەرێمی 1 نارنجۆکێکیان فڕێدایە ناو مەرکەزی پۆلیسی خورماڵ و لەبەردەم ژوری معاون ئەمن تەقیەوە .

1979* مەفرەزەیەکی کەرتی 1 ی هەرێمی 3 دوو گوللەی بازۆکەی تەوقیت کراویان نا بە سەربازگەی کەناروێ وە .

1979* شەوی 11\10 مەفرەزەیەکی کەرتی 1 ی هەرێمی 14 لوغمێکیان لەسەر ڕێگای ڕەبیەی (ئاسنگەران) داناو بووە هۆی کوژرانی 2 سەرباز .

1979* شەوی 11\10 مەفرەزەیەکی هەرێمی 3 پەلاماری ڕەبایەکانی پشتی کانی ساردیان دا.

1982* ئاهەنگی دامەزراندنی (ی.ن.ك) و کۆمەڵە لەلایەن تیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە و بەئامادەبوونی مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی .

1983* کەرتی 4 ی بەمۆ و کەرتی 3 ی دەربەندیخان و تیپی 51 و 55 شەڕێکی قارەمانانەیان کرد لە نزیك شاخی بەمۆ.

1984* ئاهەنگی 14هەمین ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە لە گوندی گورگەیەری شارباژێڕ .

1987* شەوی 11\10 تیپی 27 ی تۆکمەو 23 ی سورداش و 37 ی شارباژێڕ و مەڵبەندی 1 هێرشێکیان کردە سەر 5 ڕەبیە لە نزیك ئاغجەلەر ، لەئەنجامدا بووە هۆی شەهید بوونی 6 پێشمەرگە .

1987* هێزی پشتگیری و تیپی 27 ی تۆکمە پەلامارێکی دوژمنیان بۆسەر گوندی بیران تێکشکاندو شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو .

1989* ڕاگواستنی دانیشتوانی ناحیەی سەنگەسەر .

1995* تۆپ بارانی گوندی سێبەردان لەلایەن پارتیەوە کە بووە هۆی شەهید بوونی 4 هاووڵاتی و برینداربوونی 6 ی تر .

### ( 11 )ی حوزەیران

*1979 مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید هاواری هەرێمی 1 لەناوچەی سێتەپان لوغمێکیان داناو بووەهۆی کوژرانی 2 سەرباز .

*1979 فرۆکەکانی دوژمن 2 ماڵە خێڵەکی دۆڵی ڕۆستیان گوللەباران کردو لە ئـەنجامدا ژنێك بریندار بوو .

*1979 شەوی 11\12 مەفرەزەیەکی لیژنـەی ناوچـەی (ی.ن.ك) لـە ناوشـاری هەڵەبجـە تاوانبارێکیان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند.

*1979 شـەوی 11\12 مەفرەزەیـەکی کـەرتی 12 لـەناو تەوێڵـە مۆلگــای ئیســتخباراتی دوژمنیان گوللەباران کرد .

### ( 12 )ی حوزەیران

*1979 کەرتی 1 ی هەرێمی 3 لوغمێکیان دانا و بووە هۆی کوژرانی سەربازێك .

*1995 هـێزێکی پــارتی پــەلاماری ســەنگەرەکانی پێشــەوەی هــێزی پێشــمەرگەی کوردستانی دا لە شارەزوور و لەئەنجامدا تێك شکا .

*1995 هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری کانی قرژاڵە پـەلامارێکی دوژمنیـان تێکشکاند .

## ( 13) ى حوزەيران

1976* شـەڕی گونـدی (گەلـەژێر)ی ناوچـەی باڵەكايـەتیو شـەهيد بوونـی 4 هـاولاتیو برينداربونی پێشمەرگەيەك بەناوی حەمزە حەمەد عەبابەكر (يەكـەم برينـداری شۆڕی نویێ).

1979* مەفرەزەيەكی هەرێمی 7 بـە ئـارپیجی و سـاروخ و هـاوەنی 60 ملـم هێرشـيان بردە سەر ڕەبيەی پڵينگانی فەوجی دارەبەن لە ڕانيە .

1983* شەوی 13\14 تيپی 33 ی سلێمانی بۆسەيەكيان لەسەر جـادەی بەرزنجـە دانـاو بووە هۆی گرتنی چەند پارچەچەكێك لەسەربازەكانی سريەی 4 ی ليوای 404 .

1985* ڕۆژانی 13—6/15 دوژمن بە 1500 جاش و سەرباز و بەپاڵپشتی دەيان كۆپتەر و تـانك و تۆپــەوە هێرشـی هێنايـە سـەر مەڵبـــەندی 1 لـــە شـــارباژێڕ و لەلايـــەن (كەرتەكانی 1و2و3و4ی تيپی 31 ی بەرزنجە و تيپی مەڵبەند و كەرتەكانی 1و4ی تيپی 37) ەوە تێك شكێنراو ئەم داستانە بە خوێنی شەهيدان (جمال مەولود و رفيق محمد كريم ) تۆمار كرا .

1989* ڕاگەياندنی بەرەی كوردستانی عێراق لـە بـارەی ژەهـراوی كردنـی پەنابـەرانی كورد لە توركيا .

## ( 14) ى حوزەيران

1979* دوژمن ئينزالی كردە سەرناوچەكانی قەرەداغ لەشاخی (قەڵاقايمـەز و مەسـۆی) مەفرەزەيەكی ليژنەی ناوچەی 2 ی (ی.ن.ك) بەرەنگاريان بوونـــەوە و پـاش 2 سـەعات شـەڕ زيـانی دوژمـن بريتـی بـوو لـە كوژرانـــی 9 ســەرباز . قوربــانی پێشمەرگەش شەهيد بوونی اكرم عبدالقادر سعيدو محەمەد نەجات محەمەد.

1979* مەفرەزەيـەكی هـەرێمی پارێزگـاری بۆسـەيەكيان لەسـەر ڕێگـای تـەلانی نزيـك فـەوجی كۆمتـان نايـەوە زيـانی دوژمـن كوژرانـــی 8 ســەرباز و دەســكەوتيش ڕەشاشێكی ئار بیكەی .

1979* مەفرەزەيەكی كــەرتی 1 هـەرێمی 3 دوو گوللـەی تـەوقيتی ئاراسـتەی مۆڵگـای دوژمنی كرد لەچوارتا كە بووە هۆی كوژرانی 4 سەرباز .

## (15) ی حوزەیران

*1976 یەکەمین چالاکی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لەدۆڵی جافایەتی.

*1987 شەوی 15\16 ی تیپی 25 ی خاڵخاڵان هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی شاخی تەوەکەل و دەستیان بەسەردا گرت و 12 سەربازیشیان بەدیل گرت .

*1989 بەیاننامەی کۆمەڵە / ڕێکخراوی سلێمانی (هەڵوێستی شۆڕگێڕانەی جەماوەر داواکانی دوژمن پووچەڵ دەکاتەوە)

*1993 ئێران تۆپ بارانی ناوچەی قەسڵانی بناری بەمۆی کرد .

*1997 دەرچوونی ژمارە 1 ی ڕۆژنامەی ژیانەوەی (ی.ژ.ك) سەنتەری ڕاگەیاندن .

## (16) ی حوزەیران

*1977 ئیعدام کردنی خۆفرۆش (عوسمان محمد فایەق) لەناوجەرگەی بەغا بەدەستی پێشمەرگەکانی هەڵۆی سوور .

*1979 شەوی 16\17 مەفرەزەیەکی لقی 3 ی (ی.ن.ك) نارنجۆكێكیان خستە ناو دائیرەی گومرگی قەڵادزێ کە بووە هۆی کوژرانی مدیری گومرگ و پۆلیسێك .

*1983 تیپی 31 ی سلێمانی و کەرتی 3 شەوی 16\17و گرتنی ڕەبیەی سەر کەناروێ.

*1985 داستانی کەتو و شەهید بوونی 4 پێشمەرگە .

*1987 تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن بۆسەر ناوچەی شێخ بزەینیو کوژرانی دەیان سەرباز و قوربانی هێزی پێشمەرگەش 2 شەهیدی قارەمان بوو .

*1987 تیپی 53 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قۆرەتو خانەقین نایەوە و بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێك و چەند سەربازێك.

*1996 فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمان لەبەیاننامەیەکدا کارەساتی کەڵەکینی مەحکوم کردو داوای بەئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەکەی کرد.

*1999 هەردو وەفدی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بەسەرپەرشتی خاتوو جۆنز لە واشنتۆن کۆبوونەوە .

## (17) ی حوزەیران

1979* پێشمەرگەیەکی کەرتی 4 ی هەرێمی 1 نارنجۆکێکی خستە ناو ئیڤایەکی سەربازییەوە لەبەردەم ئوتێل سلێمانی لە ناوشاری سلێمانی .

1979* شەوی 17\18 مەفرەزەیەکی بارەگای هەرێمی 7 بەئارپیجی و کاتیۆشاو هاوەنی 60ملم هێرشیان کردە سەر فەوجی خانەقاو لەماوەی 6 سەعات شەڕ ئاگریان بەردایە ناو سەربازگەکەو دوژمن زیانێکی گەورەی لیٚ کەوت .

1987* شەوی 17\18 تیپی 87 ی کاروخ دەستیان بەسەر ڕەبیەی سەر گردی شاوریٚدا گرت و 9 جاشیشیان بەدیل گرت .

1987* مەفرەزەیەکی مەڵبەدی 3 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەریر شەقڵاوە نایەوە و سەربازێکیان بەدیل گرت .

1992* مام جەلال سەردانی نەمسای کردو لەلایەن (د. چلکی)یەوە مەدالیای شاری ڤیەنای پیٚ بەخشرا.

1998* لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری تەرخان کردنی (8000) پارچە زەوی بۆ کەسوکاری شەهیدانو پێشمەرگەو فەرمانبەران درا.

1979* مەفرەزەیەکی کەرتی هەرێمی 3 گوللەی بازوکەی تــەوقیت کراویـان ئاراسـتەی مەرکەزی (سووره دزێ) کرد.

1979* شەوی 18\19 مەفرەزەیەکی لیژنــەی ناوچــەی ڕانیــەی (ی.ن.ك) دوو سـاروخی تەوقیتیان نـا بـە معەسـکەری ڕانیـەوە کـە بـووە هـۆی کوژرانـی نـەقیبێك و 4 سەرباز .

1979* شەوی 18\19 هەرێمی 7 و کەرتی هەرێمی 1 هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لە دۆڵی خانەقا و شەڕ چەند سەعاتێکی خایاند ، زیـانی دوژمـن بریتـی بوو لەکوژرانی دەیان سەرباز .

1987* تیپی 59 ی حەمرین سەعات 6 ی ئێوارە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی کۆرمۆری سەرجادەی قادر کرم دوز لەئەنجامدا 7 سەرباز بەدیل گیران .

1987* تیپی 91 ی سەفین بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هـیران شـەقڵاوە نایـەوە ، 2 ئوتۆمبیل کەوتنە بۆسەکەوە و سوتێنران و 8 سەربازیش بەدیل گیران .

1987* شـەوی 18\19 تیپـی 91 ی سـەفین هێرشـیان کـردە ســـەر ڕبیــەی پونگینـــە و دەستیان بەسەردا گرت ، دەسکەوت (1 ئارپیجی ، 3 پارچە چەکی جۆراوجۆر ) و بەدیل گرتنی 3 سەرباز .

1987* پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 3 بۆسەیەکیان لەسـەر ڕێگـای شـەقڵاوە مامچڵکـە نایەوە و 3 سەربازیان بەدیل گرت .

1987* پێشمەرگەکانی تیپی 91 ی سەفین لەناوشاری هــەولێر ئەفسـەرێکیان بەسـزای گەل و شۆڕش گەیاند .

1997* ڕۆژانی 18 و 19 کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك).

**( 19) ی حوزەیران**

*1978 کۆتایی شەڕی هەکاری و بەدیل گرتنی چەند هەڤالێکی سەرکردەکانی (ی.ن.ك) .

*1987 تیپی 91 ی سەفین هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی شەقلاوە هەیران و 11 جاشیان بەدیل گرت .

*1987 تیپی 59 ی حەمرین هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی ڕەشانیان و دەسکەوتیان 1 بیکەیسی بوو .

*1987 یادداشتی (ی.ن.ك) بۆ حزبە کوردستانیەکان لەبارەی تەجمید کردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ حشع .

*1993 (ی.ن.ك) و بزوتنەوەی کوردستانییەکان یەکیان گرت .

*1995 ڕۆژانی 19 و 20 پارتی لە میحوەری کەس نەزانەوە بەخەستی بۆردومانی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد و پاشان زنجیرە هێرشێکی کرد و تێك شکێنرا 0

*1997 سەعات 6ی ئێوارە شەشە فڕۆکەی جەنگی تورکیا بۆ ماوەی 40 دەقیقە بۆردومانی شاخی (دۆلکی، بەرخێوەند، پێرس، سەری ئەسحابە، گەمان سۆل)ی ناوچەی بالاکایەتییان کرد.

**( 20) ی حوزەیران**

*1979 تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بۆسەر گوندی گولان لەلایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی (14)ـەوە، شەڕ لە سەعات 5 ی بەیانییەوە تاوەکو 12 ی نیوەڕۆ درێژەی کێشا ، زیانی دوژمن کوژرانی 5 جاش.

*1979 شەوی 20\21 مەفرەزەیەکی هەرێمی 3 چوونە ناوبەرزنجەو بە ئارپیجی لە مەرکەز پۆلیسی بەرزنجەیان دا .

*1986 دوژمن گوندی تەگەرانی لە ناوچەی شارباژێر بە شۆفڵ تەخت کرد .

*1986 دەعوەت کردنی (ی.ن.ك) و مام جەلال بۆ بەشدار بوون لە کۆنگرەی سالانەی حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسا .

*1987 تیپی سەفین و گرتنی 2 ڕەبیە لەسەر جادەی هەیران شەقلاوە و 18 سەرباز بەدیل گیران .

*1988 منع التجول و پشکنینی شارەکانی دووز ، داقوق ، تازەخورماتوو .

## ( 21) ی حوزەیران

1978* شەڕی گوندی (دڕی) لە ناحیەی ماوەت شەڕ لە 5 ی بەیانی 4 ی ئێوارە بەردەوام بوو ، شەهید بوونی 5 پێشمەرگە (ئەحمەد فەتحولا ، فەرەیدون حاجی برایم ، خانەی موعینی ) .

1983* مام جەلال گەیشتە دۆڵی بالیسان و لە گوندی خەتێ جێگیر بوو .

1983* سەربازەکانی دوژمن جووتیارێکی تەمەن 50 ساڵیان بە ناوی حاجی محمد لەسەر دێراوە تووتنەکەی لە کەناروێ شەهید کرد .

1987* شەوی 21\22 تیپەکانی (15 ، 55 ، 35 ) و گرتنی مەقەر فەوجی مغاویر نزیك عەرەبەت نێوان عەرەبەت و سەید صادق ، 2 پێشمەرگەش شەهید بوو .

1987* مەفرەزەیەکی مەڵبەندی 2 لەسەرجادەی عەرەبەت سەید صادق پەلاماری فەوجی 2ی لیوای مغاویری فەیلەقی 1 یان دا .

1987* پێشمەرگەیەکی تیپی 21 لە ناو شاری کەرکوك نارنجۆکێکی فڕێ دایە ناو دائیرەی ئەمنی کەرکوکەوە .

1997* دەرچونی ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی ژیانەوەی سەنتەری ڕاگەیاندنی (ی.ژ.ك).

## ( 22)ی حوزەیران

1983* کەرتی 1ی تیپی 86 چوونە ناو باداوای هەولێر و 3 جاشیان بەدیل گرت .

## ( 23)ی حوزەیران

1979* مەفرەزەیەکی هەرێمی 11 پەلاماری کەمینێکی دەوروبەری قەڵادزێ و (گردەسیان)یان دا بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێك و چەند سەربازێك.

1979* 2 پێشمەرگەی هەرێمی دەشتی کۆیە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کۆیە لە نێوان شیلە دار و داربەڕولە دانا ، 150 کەسیان ڕاگرت هێزی دوژمن پەلاماری دان و پاش یەك سەعات شەڕ 2 پێشمەرگەکە بەسەلامەتی دەرباز بوون .

1979* مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری ئۆردوگای زۆرەملێی چوار قوڕنە .

1981* شەهید بوونی 6 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لە گوندی گەڕەدێ بەدەستی پاسۆك .

1983* تیپی 33 سلێمانی تێکشاکندنی هێرشێکی دوژمن بۆ سەر گوندی مۆریاس .

1987* تیپی 59 و بۆسەی جادەی کەرکوك سلێمانی لە نزیك قەرەهەنجیر.

1993* پاش سەفەرێکی چەند مانگی مام جەلال گەڕایەوە کوردستان.

## (24) ی حوزەیران

*1982 شەوی 24\25 مەفرەزەیەکی تیپی 31 ی بەرزنجە پەلاماری بنکەیەکی پۆلیسیان دا لە ئیسکان و گومان لێکراوێکیان دەستگیر کرد.

*1987 پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 3 لەسەر جادەی هەریر شەقڵاوە ئەفسەرێکیان کوشت و سەربازێکیان بەدیل گرت .

*1992 رۆژانی 24 تا 26 دوژمن بە بەردەوامی گوندەکانی دەلۆ، رەحیمە قوتەو کلاو قوتی ناوچەی شوانی تۆپ باران کرد.

## (25)ی حوزەیران

*1976 چالاکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (ی.ن.ك) لەگوندی قولە رەیسی هێنانی 700 سەر مەڕی تعاونی دەوڵەت.

*1994 3 کۆپتەری دوژمن گوندەکانی (قەرە وەیسو شیرە دەرە)ی ناوچەی جەبارییان بۆردومان کرد.

*1996 لەڕێو رەسمێکدا مام جەلال نەخۆشخانەی گشتی چوارتای کردەوە.

## (26)ی حوزەیران

*1976 پێکهێنانی یەکەمین مەفرەزەی چەکداری شۆڕشی نوێ لەناوچەی سۆران (شارەزوور) بەڕابەرایەتی شێخ علی (خولە کەشکۆڵ) .

*1980 داستانە مەزنەکەی بناری ژاڵە .

*1983 چەند چەکدارێکی عەشیرەتە عەرەبەکان لە شارۆچکەی دیبەگە 4 هاووڵاتی کوردیان شەهید کرد .

*1987 تیپی 49 ی سارا و تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن کە لە 2 قۆڵەوە بۆ سەر شاخی قەرەسەرد و قەڵەم پاشا.

*1995 پارتی لە کەسنەزانەوە بە کاتیۆشا بۆردومانی بنەسڵاوە و سێبەردانی کرد کە بووە هۆی بریندار بوونی 7 هاووڵاتی .

*1995 تێکشاندنی هێرشێکی پارتی لەشەوی 26\27 لە میحوەری هیرانەوە.

## ( 27) ی حوزەیران

1982* شەوی 27\28 لەناو هەڵەبجە کەرتی شەهید فەیسەڵ و کەرتی شـەهید ئەحمـەد ی تیپی 11 هێرشیان کردە سەر جاشەکان.

1987* دوژمن کیمیا بارانی گونـدی زێـوێی پیرەمـەگرونی کـردو بـووە هـۆی برینـدار بوونی 35 هاووڵاتی .

1993* ڕۆژانی 27/6–3/7 (6) ڕۆژ کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەردەوام بوو .

1995* دوژمن لە بان مەقانەوە بۆردومانی ناو چەمچەماڵی کرد کە بووە هـۆی شـەهید بوونی هاووڵاتییەك و بریندار بوونی 11ی تر .

## ( 28)ی حوزەیران

1983* شەوی 28\29 (17) پێشمەرگە لەقرگە لە نـاو 2 ترکتـۆردا بەدەسـتی جاشـەکان شەهید کران.

1992* پـاش تێپـەڕبوونی 120 سـەعات بەسـەر مانگرتنەکـەی رۆژی 23/6 نوێنـەری UN بەڵێنی دا داواکاری مانگرتووەکان جێبەجێ بکات.

## ( 29)ی حوزەیران

1982* کەرتی 1و2 ی تیپی 37 ی شاربازێر شەوی 29\30 سەعات 11 پەلاماری ڕەبیـەی مۆکەبەیان دا لە کارێزە لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 11 سەرباز .

1987* شەوی 29\30 هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی 86و87 لەهەڵمـەتێکدا دەسـتیان گـرت بەسەر قاعیدەیەکی جەیشی شەعبی و 2 ڕەبیە لەسەر ڕێگای هەولێر کەرکوك .

1987* بەیاننامـەی هاوبەشـی ڕێکەوتننامـەی دووقۆڵـی (ی.ن.ك) و بزوتنـەوەی موسوڵمانانی کوردی فەیلی .

1983* تیپی 86 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کەرکوك هەولێر دانا و لە کاروانێکی سەربازیان دا ، کە بووە هۆی کوژرانی 4 سەرباز و بەدیل گرتنی 8 سەرباز و سەووتاندنی 3 ئوتۆمبێلی سەربازی . هەمان شەو لەسەر ڕێگای مەخمور هەولێر بۆسەیەکی تریان نایەوە و کاروانێکی تری سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و بووە هۆی سووتاندنی 6 ئوتۆمبێل و کوژرانی 8 سەرباز .

1987* شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان سەرداری سەعید سۆفی لە چیای کێشکە

1987* تیپی 85 ڕووبەڕوی هێزەکانی دوژمن بوونەوە لە نزیك گوندی زیارەت ، پاش شەڕێکی سەخت دوژمن چەند سەرباز و جاشێکی لێ کوژرا .

1994* لەدوای روداوەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتنی خۆی دەست پێکردەوە.

1996* بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال زانکۆی سلێمانی ئاهەنگی دەرچووانی خولی (کوردستانی ئازاد)ی گێڕا.

1998* بە ئامادە بوونی مام جەلال و سەرۆکی حکومەت و ئەندامانی مەکتەبی سیایی (ی.ن.ك) زانکۆی سلێمانی ئاهەنگی دەرچوانی (خولی هیوا)ی گێڕا، کەتیایدا 369 خوێنکار بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان پێ درا.

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی حوزەیراندا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

- 1976 دەرچوونی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان ./ نووسینی شەهید ئارام لیژنەی سەرکردایەتی دەستە چەکدارەکان .
- 1978 شەهید کردنی (عەلی عەسکەری ، د.خالد ، حسین بابە شێخ ) لەلایەن قیادە موەقەتەوە .
- 1987 نامەی جێگری سکرتێری گشتی بەڕێز (نەوشیروان مستەفا) بۆ کۆمیتەی جیهانی خاچی سوور بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی کورد .
- 1987 یادداشتی حزبە کوردستانییەکان بۆ کۆنگرەی ڤینیسیا و سۆڤیەت و فەرەنسا لەمەڕ پشتیوانی گەلی کورد .
- 1987 بروسکەی (اتحاد الدیمقراطیین العراقیین) بۆ بەڕێز مام جەلال لەبارەی ئیدانە کردنی کیمیا بارانی گوندەکانی کوردستان.
- 1989 حکومەتی عێراق دەستی کرد بە تەقاندنەوەو وێران کردنی شاری هەڵەبجە.
- 1991 دامەزراندنی کۆمەڵەی منداڵ پارێزی کوردستان.

# تەمموز

## (1)ی تەمموز

*1976 دەرچوونی بەیاننامەی (باری ئێستای کوردستان) لەلایەن لیژنەی سەرکردایەتی دەستە چەکدارەکان / نووسینی شەهید ئارام .

*1986 هێرشی ئاسمانی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی دۆڵی جافەتی و شەهید بوونی 5 هاووڵاتی و بریندار بوونی 8ی تر .

*1987 پێشمەرگەکانی تیپی 15 ی شارەزوور 2 ڕەبیەی سەر شاخی سورێنیان گرت .

*1987 تیپی 53 ی شێروانە و بۆسەی ڕێگای کەلار تیلەکۆ و سووتاندنی 2 سەیارەو شەهید بوونی 2 پێشمەرگە .

*1988 تیپی 12 ی سۆران و تێکشکاندنی تانکێك بە ئارپیجی لە زیخی گەرەوان .

*1997 بە بەشداری 190 پێشمەرگەی ژن یەکەمین مانۆڕی مەشقی سەربازی (هـ.پ.ژ) لەسلێمانییەوە بەرەو ناوچەی شارباژێڕ دەستی پێکرد.

## (2)ی تەمموز

*1980 لەچالاکییەکی ناو شاری سلێمانیدا لەگەڕەکی حاجی ئاوا 4 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) شەهید بوون بەناوی (ڕەئوفو بەختیارو هوشیار) کەهەرسێکیان برا بون لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی فەرهاد سەعید ئیبراهیم.

*1982 شەهید بوونی فەرماندەی تیپی 47 ی پیرەمەگرون (سەلاحی موهەندیس) لە بەرگەلۆ.

*1984 سێ یەم کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە مێرگە پان کانیسێو بەسترا.

*1985 شەوی 3\2 چالاکی هێزی هاوبەشی تیپەکانی (12و57و25و53) لە دۆڵی ئاکۆییان نێوان هەندرێن و کۆڕەك .

*1987 شەوی 3\2 بۆسەی تیپی 21 ی کەرکوك لەسەر جادەی کەرکوك سلێمانی .

*1993 ڕۆژانی 2—4/7 حزبی سۆشیالیستی فەرەنسا کۆنگرەی ئاسایی خۆی بەستو (ی.ن.ك)یش بەوەفدێك بەشداری کرد.

*1982 تیپی شانۆی شۆڕش بە هاوکاری تیپی 74 ی باڵەك و لیژنەی ناوچەی ڕەواندوز و باڵەك ئاهەنگێکی گەورەیان لە گوندی دەرگەڵە ساز کرد و شانۆگەری (فایلی 67 ) یان نمایش کرد .

*1987 گرتنی 3ئەندازیاری فلیپینــی لەسـەر ڕێگـای کـەرکوك بـەغدا .لـەم بارەیـەوە قسەکەرێکی ڕەسمی (ی.ن.ك) لە 7/7 ڕوونکردنوەیەکی دەرکرد .

*1987 تیپەکانی 59و51 و کەمینی سەر جادەی نەوجول دووز.

*1987 تیپی 93 ی کۆیە و بۆسەی ڕێگای ڕانیە خەلەکان.

*1987 تیپی 51 ی گەرمیان لەسەر ڕێگای کفری دووز 5 سەربازبان بەچەکەوە بەدیل گرت و هەرهەمان تیپ لەسەر جادەی کەلار جەلەولا بۆسەیەکی تریان نایـەوە و 3 سەربازی تریان بەچەکەوە بەدیل گرت .

*1987 تیپی 23 ی سورداش چوونە ناو بەکرەجۆ و 7 خۆفرۆشیان بەدیل گرت و لەگەڵ 3 پارچە چەك .

*1988 بۆسـەی کـەرتی 5 ی تیپـی 78 ی کـارووخ لــە (باسـکەڕوا) نزیـك دەرگەڵــە و لەئەنجامدا 2 جاشیان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند .

*1989 ڕاگەیاندنی هاوبەشی (ی.ن.ك) و بزوتنەوەی کوردە موسوڵمانە فەیلیەکان.

*1993 فڕۆکەکانی ئێران بۆردومانی بناری قەندیلیان کرد .

*1995 پارتی بۆردومانی حەسارۆك و سێ بەردانی کرد کە بووە هۆی بریندار بوونی 2 هاووڵاتی .

**( 4)ی تەممووز**

1985* چالاکی تیپی 47 پیرەمەگرون و کوشتنی 4 تاوانبار بەناوی (سەید کەریم جەمال کەریم کامیل سەعید) .

1986* پێشمەرگەکانی تیپی 47 لەناو شاری سلێمانی لەسەر جادەی مەولەوی توانیان 2 مفەوەزی ئەمن بە سزای گەل بگەیەنن .

1987* تیپی 51و59 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کفری دووز نزیک سلێمان بەگ نایەوە و لەئەنجامدا 23 کەسیان لە پیاوانی دوژمن بەدیل گرت .

1987* تیپی 91 ی سەفین و 85 ی بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی (پدك) بۆسەیەکیان لەسەر جادەی شەقڵاوە هیران نایەوە.

1987* ڕۆژانی 4 8 تیپی تایبەتی مەڵبەندی 2 موشەك بارانی ڕێگای سلێمانی سوسێ و معەسکەری سوسێیان کرد .

1992* لە دانیشتێکی پەرلەماندا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا و وەزیرەکان سوێندی یاساییان خوارد .

1993* هاتنی خاتوو دانیال میتران بۆ کوردستان .

1995* ڕژێم دەستی بە ڕووخاندنی قەڵای دێرینی کەرکوك کرد .

1998* تێکۆشەری دێرین مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف) بە نەخۆشییەکی کتوپڕ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد .

1999* هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد و لەلایەن سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکانەوە پێشوازی لێکرا .

**( 5)ی تەممووز**

1987* تیپی 17 ی زمناکۆ کەمینێکیان لەسەر جادەی سلێمانی دەربەندیخان نایەوە و لە ئەنجامدا 3 سەربازیان بەچەکەوە بەدیل گرت .

1992* دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا .

1995* ڕۆژانی 5و6 لە دوو قۆڵەوە پارتی لە دامێنی چیای کڵاوقاسم هێرشی کرد و پەلاماری گوندی بلەی خواروی دا و لە هەردوو قۆڵەکەدا تێك شکێنرا .

1998* بە ئامادە بوونی مام جەلال و سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بە ڕێزەکان، تەرمی حیلمی عەلی شەریف لە سلێمانی بەخاك سپێردرا.

*1986 دوژمن هێرشی هێنایە سەر کارێزەی کۆن و لەلایەن تیپەکانی 57و47 ەوە تێک شکێنرا.

*1987 شەوی 6\7 تیپی 85 بەڕانەتی پەلاماری 2 ڕەبیەیان دا لە هاوینە هەواری سەڵاحەدین و سەری ڕەش.

*1988 هێرشی سێ قۆڵی دوژمن بۆ سەر سوورقاوشان و چەمی ڕێزان لەلایەن تیپەکانی 25 و 23 ەوە بەر پەرچ درانەوە و زیاتر لە 50 کوژراویان بەجێ هێشت .

*1988 تیپی 47 ی پیرەمەگرون هێرشێکی دوژمنیان تێکشکاند لە ناوچەی دۆڵی باڵەییان .

*1988 بەشداری کردنی وەفدی بەرەی کوردستانی بەسەرۆکایەتی مام جەلال لە کۆنفراسی سۆسیال ئینتەر ناسیۆناڵ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا .

*1989 گەڕانەوەی پۆلێ پێشمەرگەی پارتیزان بۆ ناوچەکانی باڵەکایەتی و خۆشناوەتی بە فەرماندەیی جەلال حاجی .

*1990 شەوی 6\7 پارتیزانەکانی گەرمیان پەلاماری حیمایەی بیرە نەوتەکانی مارداری یان دا.

*1992 تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بەمین چێنراو لەسەر ڕێگای سلێمانی هەڵەبجە لە کاتی ڕۆشتنی کەژاوەی خاتوو دانیاڵ میتران بۆ هەڵبجەی شەهید.

*1992 یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی د. فواد مەعصوم.

*1995 مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) یاداشتی حەوت حیزبی کوردستانی بۆ وەستانی شەڕی ناوخۆ پەسەند کرد .

*1995 تێکشکاندنی هێرشێکی بەربڵاوی پارتی لە نزیك گوندی بیوکە .

*1995 دوژمن تۆپ بارانی ناوچەی شێخ لەنگەر و دەور و بەری کرد کە بووە هۆی شەهید بوونی پێشمەرگەیەك و بریندار بوونی 2 پێشمەرگەی تر .

### (7)ی تەمموز

*1978 موصادەقە لەسەر بڕیاری ئیعدام کردنـی عـەلی عەسـکەری و د.خـالد و حسـین بابە شێخ لەلایەن پارتیـیەوە.

*1979 دەرچوونی پەیڕەوی ناوخۆی (ه.پ.ك) مەکتەبی عەسکەری .

*1986 شەوی 7\8 تیپی 55 ی قەرەداغ لەسـەر ڕێگـای عەربـەت   سلێمانی دەسـتیان بەسەر 2 مقەر فەوجدا گرت و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن .

*1987 تیپـی 87 و 86 و مەفرەزەیـەکی پـارتی لـە دەشـتی هـەولێر دوای شـەڕێکی قارەمانانە توانیان 2 کۆپتەر و فڕۆکەیەکی پیلاتۆز بخەنە خوارەوە .

*1987 شـەوی 7\8 مەفرەزەیـەکی تیپـی 19 ی کـۆڕەك چوونـە نـاو شـاری هـەریر و 8 جاشیان بەدیل گرت .

*1988 کۆنگرەی قەدەغە کردنی چەکی کیمیاوی لە پاریس .

### (8)ی تەمموز

*1995 (ه.پ.ك) لە میحوەری شەقڵاوە   هەریر هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی و چەند شوێنێکیان کۆنترۆڵ کرد (سولاوك، گردی گەورەو گردی جاسوسان).

### (9)ی تەمموز

*1980 هەشت فڕۆکەی جەنگی عیراقی بارەگاکانی سەرکردایەتـییان بۆردومان کرد و 2 پێشمەرگەش شەهید بوون (مامۆستا محەمەد/ سکرتاریەت ، بورهان مسـتەفا/ ڕاگەیاندن) .

*1986 تیپـی 57 سـەگرمە و گرتنـی ڕەبیـەی جـادەی کـەرکوك   سـلێمانی، پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو

*1987 تیپەکانی 55و53وم1 و هیبّرشیان کردە سەر سەربازگەی دووداره لەسەر ڕێگای دەربەندیخان ، شەهید بوونی 11 پێشمەرگە .

*1987 تیپی 87 ی کـارووخ و پـەلاماری چادرگـەی دائـیرەی ئیشـغال لەسـەر جـادەی قەسرێ   شێخ ناسر و سووتاندنی کەل و پەلەکانیان .

1987* تیپی 87 لەناوچەی قەراج هێرشیان کردە سەر جاشە تەعریبەکانی خێڵی شومەر کە ڕژێم لە سعودیەوە بۆ تەعریب کردن هێنا بوونی .

1995* سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەوڵێکی تیرۆریستانە ڕزگاری بوو ، لەم ڕووداوەدا 2 پێشمەرگە شەهید و 6 ی تر بریندار بوون .

1995* پارتی تۆپ بارانی پیرزین و سێ بەردان و شاوەیسی کرد و چەند هاوولاتی‌یەك شەهید و بریندار بوون .

1997* لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پتر لە (5) ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆو کۆنکرێتکردنی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی.

## (10)ی تەمموز

1982* لە بۆسەیەکی جاشەکان لە ئۆردوگای بەستەسێن ئەندامی پێشکەوتوی کۆمەڵە و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پشدەری (ی.ن.ك) هاوار جەلال شەهید بوو .

1986* دوژمن بەکۆپتەرو تانكو زرێپۆشەوە هێرشی کردە سەر گوندی (سێ گردکان)ی دەشتی کۆیەو پاش نەبەردێکی قارەمانانەی (ه.پ.ك) دوژمن زیانی زۆری لێکەوتو (3) پێشمەرگەش بەناوی (رەنجدەر، یاسین معلم، شاکر سۆربەش) شەهید بوون.

1987* تیپی 53 شێروانە و بۆسەی جادەی قۆرەتوو خانەقین و کوشتنی موقەدەم و مولازمێك لە لیوای 68 .

1987* بەشی فارسی ڕادیۆی BBC دیدارێکی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا سازدا لەمەڕ دەست تێوەردانی تورکیا لە کار و باری کوردستان .

1989* دوانزە هاوولاتی لە مەیدانی ڕەمی قیادەی جەیشی شەعبی عەین کاوە گوللە باران کران .

1995* (ه.پ.ك) کەپکی حەمەد ئاغاو ئالانە و بناری کۆڕەك و گوندی کەلەکانی کۆنترۆڵ کرد.

1995* فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمانی کوردستان یاداشتنامەیەکی دا بە UN و ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان سەبارەت بەدەرکردنی (14) هەزار خێزانی کورد لەناوچەکانی کەرکوكو خانەقین.

*1976 دادگایی کردنی هاوڕێیانی کۆمەڵە و دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی خاڵە شیهاب و ئەنوەر و جەعفەر لەلایەن رژێمی عێراقەوە.

*1986 ڕۆژانی 11–13 کۆبوونەوەی هاوبەشی (ی.ن.ك) و حسك بۆ پتەو کردن و گەشەکردنی پەیوەندی دووقۆڵی، لەم بارەیەوە لە 7/14 بەیاننامەی هاوبەش دەرکرا .

*1987 شەوی 11\12 تیپەکانی 57 و59ومەفرەزەیەکی پاسۆك هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی ئۆردوگای چەمچەماڵ و 3000 خانووی ئۆردوگاکەیان سووتاند .

*1987 تیپەکانی 17 و 55 و57و51و35و15 ئۆردوگای تازەدامەزراوی نەسر و باریکەیان سووتاند.

*1987 پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 1 و گرتنی چەند ڕەبیەیەکی ئۆردوگای قەرەگۆل (کوژرانی 6 جاش و بەدیل گرتنی 63 جاش) .

*1988 شەوی 11\12 تیپی 35 و گرتنی 2 ڕەبیەی دوژمن لەبناری چیای تەرخین .

*1995 تۆپخانەی پارتی بە خەستی بۆردومانی ڕەواندوزی کرد .

*1995 ڕۆژانی 11و12 (هـ.پ.ك) چەندین هێرشی پارتی بۆسەر گوندی گامێش تەپە تێکشکاند .

## (12)ی تەمموز

1985* مەفرەزەیەکی تیپی 53 ی شێروانە دەستی گرت بەسەر ڕەبیەی پشتی سەیتەرەی جەلەولا .

1987* تیپی 87 و بۆسەی جادەی موسڵ هەولێر و کوشتنی ئەفسەرێك .

1989* ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی عێراق لە بارەی باری خراپی پەنابەرانی کورد لە تورکیا .

1989* تیپی 83 ی هەورێ و بۆسەی ڕێگای هەریر شەقڵاوە (بەدیل گرتنی 5 کەس)

1992* وەفدی (ی.ن.ك) بەشداری کۆنگرەی حزبی سۆشیالیستی فەرەنسای کرد .

1994* شەوی 13/12 (د. بەشیر محی‌الدین مەحمود) ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) لەبێگۆڤە بەدەستی پارتی شەهید کرا.

1995* ڕۆژانی 12و13 تێکشکاندنی هێرشی 2000 چەکداری پارتی لە چوار قۆڵەوە بۆسەر ناوچەی باڵەییان .

## (13)ی تەمموز

1977* تێکشکاندنی هێرشی دوژمن بۆسەر گوندی باوزێی پشت قەڵادزێ و پاش شەڕێکی خوێناوی 5 پێشمەرگەی قارەمان (عبدالله حەمە حسن ، محمود احمد ، احمد عبدالله ، بابکر اسود ، رسول محمود احمد )شەهید بوون .

1985* مەفرەزەیەکی تیپی 53 و گرتنی ڕەبیەی حیمایەی کارەبای کەلار .

1987* تیپی 59 و بۆسەی جادەی کوڵەجۆ جەلەول.

1989* شەهید بوونی (د.عبدالرحمن قاسملۆ) لە نەمسا، لەم بارەیەوە (م.س)ی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکە دەرکرد.

1992* بەشدار بوونی وەفدی (ی.ن.ك) لە 41 مین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی ئەمریکا

1993* تەقینەوەی بۆمبێکی تەوقیت کراو لەبەردەم یانەی فەرمانبەرانی کەلار بوە هۆی بریندار بونی (3) هاوڵاتی.

## (14) ی تەممووز

*1983 مامۆستا جەمال تاهیر بە کارەساتی ئوتومبێل لە بالیسان شەهید بوو .

*1986 دەرچووونی بەلاغی کۆبوونەوەی هاوبەشی (ی.ن.ک) و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان

*1987 لە سێدارە دانی سێ مامۆستای شۆڕشگێڕی کورد خەڵکی کەرکوک (عەبدول قادر مەلا عومەر ، شێرزاد شێخ حسین ، ڕەئوف عبدول ڕەزاق) .

*1987 تیپی 59 و مەفرەزەیەکی پاسۆک 5 ڕەبیەی ناو ئۆردوگای چەمچەماڵیان گرت.

## (15) ی تەممووز

*1976 بەدیل گرتنی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانی لە گوندی نیروە لەلایەن عەشایەرەکانی سەر بە قیادە موەقەتە.

*1985 دوژمن بەهێزێکی گەورەوە هێرشی هێنایەسەر گوندی جەلالی لەسەر جادەی دوز قادر کرم و هێزێکی تیپی 51 ی گەرمیان بەرەنگاریان بوونەوە و هێرشەکەیان تێکشکاند و پێشمەرگەیەك بەناوی (سەیوانی حاجی عەزیز) شەهید بوو .

*1987 بەیانی هاوبەشی اتحاد الدیمقراطیین العراقیین و (ی.ن.ك) .

*1987 تیپی 51 ی گەرمیان و گرتنی ڕەبیەی شارۆچکەی دووز .

*1995 ڕۆژانی 15و16 پارتی بەخەستی بۆردومانی ڕەواندوزی کرد و چەند هاووڵاتییەکیش بریندار بوون .

## (16) ی تەممووز

*1987 شەوی 16\17 مەفرەزەیەکی هاوبەشی تیپەکانی 83و78 چوونە ناو ئۆردوگای هەریر و 4 جاشیان بەدیل گرت .

*1994 پوچەڵ کردنەوەی پیلانێکی پاراستنی پارتی بۆ تەقاندنەوەی مەڵبەندی 8 ی ڕاپەڕینی (ی.ن.ك) .

*1995 (هـ.پ.ك) کلاوقاسم و زەرتکان و شاخەسووریان کۆنترۆڵ کرد .

## (17)ی تەمموز

*1995 تێکشکاندنی هێرشێکی پارتی لە حەوزی خندۆری ناوچەی ڕەواندوز .

*1995 لەیادی 17 تەمموزدا پارتی و ڕژێم بە دووقۆڵی هێرشیان کردە سەر کانی قرژاڵە و تێك شکێنران ، پاشان ناوشاری هەولێریان تۆپ باران کرد و بووە هۆی شەهید بوونی 6 هاووڵاتی و بریندار بوونی 24 ی تر .

*1995 ڕۆژانی 17و18 لە میحوەری شارەزوور (ھ.پ.ك) چەند هێرشێکی پارتی تێکشکاند .

## (18)ی تەمموز

*1980 شەهید کردنی دێوانە مەجید لە شاری پێنجوێن کە بوو بە سەرەتای ڕاپەڕینی ئەو شارە و تا 7/23 بەردەوام بوو .

*1987 پەردەلادان لەسەر پەیکەری سەرەتا لە گوندی یاخسەمەر کەلەلایەن هونەرمەندی پێشمەرگە زاهیر سدیق ەوە دروست کرابوو .

*1987 شەوی 18\19 تیپی 93 و 99 سێ ڕەبیەی سەر جادەی دوکان خەلەکانیان کۆنترۆڵ کرد .

*1987 مەفەرزەیەکی شەهید سەردار لەناو شاری هەولێر لەبەردەم (مقر القيادة العامة للجيش الشعبى) تاوانبار ڕائد (مدحت) یان بەسزای گەل گەیاند .

*1987 مەفرەزەیەکی تیپی 19 ی کۆڕەك چوونە ناو شاری ڕەواندوز و 4 سەربازیان بەدیل گرت

*1987 مەفرەزەیەکی تیپی 87 و گرتنی ڕەبیەی گردی زێوە .

*1991 ڕاپەڕینی دووەمی شاری سلێمانی .

*1994 هێرشی بەربڵاوی پارتیو هاوپەیمانەکانی بۆ سەنگەرەکانی (ی.ن.ك) لەناوچەی قەڵادزێ.

*1995 ڕۆژانی 18و19 پارتی لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری ڕەواندوزی داو تێك شکا .

*1998 دیڤید وێڵش جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەیاوەری وەفدێکی باڵای ئەمریکا گەیشتە شاری سلێمانی .

*1980 هێرشی گەورەی دوژمن بۆسەر گوندی (بێسەڵمێن)ی شارەزوور شەهید بوونی پێشمەرگەیەك بەناوی (عزەت مدحت عەلی) .

*1980 لەتۆڵەی شەهید دێوانە مەجید جەماوەری شـاری پێنجوێـن لـەدژی دامودەزگا سەركوتكەرەكانی دوژمن راپەڕین.

*1983 كەرتی 1ی ساڵەیی تیپی 21 كەركوك لە پشت گوندی تولْكی لەسەعات 4 6 ی ئێوارە شەڕێكی دەستەو یەخەی لەگەڵ هێزەكانی دوژمن كرد.

*1983 لە تۆڵەی چالاكی كەرتی 1 ی ساڵەیی تیپی 21 ، دوژمن بـە كۆپتـەر و پیلاتـۆز بۆردومانی گوندەكـانی( سـێگرتكان ، دەرمانـاو ، قەرەسـالم ، تولْكـی)یكـرد لەئەنجامدا 6 هاووڵاتی شەهید بوون .

*1986 تەقینەوەی مەشجەبەكانی چەك و تەقەمەنی تاسلۆجە .

*1986 دوژمن گوندی (تەپیسەفا) ی شارەزووری تەخت كرد .

*1987 تیپی 87 ی قەرەچووغ هێرشی كردە سەر تەعریبیەكانی عەشیرەتی (شمر) .

*1988 ڕوونكردنەی مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لەمەڕ ڕاگرتنی شەڕی ئێران عێراق .

*1992 سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ دوژمن بـۆ مـاوەی یـەك سـەعات ناوچـەكانی شـیوە سورو كانی رەشی تۆپ باران كرد.

*1995 دوای 30 سـەعات تـۆپ بـاران پـارتی هێرشـی هێنـا بـۆ ڕەوانـدوز و تێكشـكا و سەدانی لێ كوژرا .

*1995 دوژمن لە بان مەقانەوە چەمچەماڵی بۆردومان كرد .

*1997 6 فڕۆكەی توركیا بۆ ماوەی 40 دەقیقە ناوچەی باڵەكایەتی‌یان بۆردومان كرد

**(20) تەمموز**

*1977 گەیشتنی هەڤاڵ مام جەلال بۆ گوندی (ماسی ڕۆ) لەسەر سنووری تورکیا عێراق .

*1979 بەستنی کۆنگرەی گەلانی ئێران لە تاران ، مادەی هەشتەمی بڕیار نامەی پەسەند کراوی وەفدی کوردستان لەو کۆنگرێسەدا داوای دەرکردنی قیادە موەقەتەی ئەکرد لە ئێراندا.

*1992 ناردنە دەرەوەی 30 تەن بەڵگەنامەی بەعس بۆ دەرەوەی وڵات .

*1992 سەعات 7.45 دەقیقەی سەر لەبەیانی لەبەردەم بارەگای پۆلیسی نێودەوڵەتی لەسلێمانی ئۆتۆمبێلێك تەقیەوەو لەئەنجامدا (2) پۆلیسی نێودەوڵەتی بریندار بوون.

*1992 پاش دانیشتنێکی چەند رۆژی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقی پەسەند کرد.

*1992 دوژمن گوندەکانی خالۆ بازیانیو باش بلاغی ناوچەی قەرە حەسەنی تۆپ باران کرد.

*1995 تێکشکاندنی هێرشێکی پارتی لە گردی کنێرێ و گەروی شێران لە ڕەواندوز .

*1997 مام جەلال بەگەشتێکی ڕەسمی بەرە و ئێران و چەند وڵاتێکی تر بەڕێ کەوت

**(21)ی تەمموز**

*1988 هێرشی کەرتی 1و2ی تیپی 12 ی سۆران بۆسەر ڕەبیەی شاخی سەری ڕەش وپاشان گرتنی.

*1978 شه‌هید كردنی تێكۆشه‌ری ناسراوی ئێرانی ( به‌شیری خوسره‌وی ) كه‌سه‌ر به‌ سازمانی ئینقلابی ئێران بوو به‌ده‌ستی قیاده مۆقه‌ته له‌ سه‌ر زێی دیجله .

*1979 شه‌وی 22\23 حسین مه‌ولود (مه‌لا عه‌لی) له‌ قه‌سابخانه‌ی موسڵ له‌ سێداره‌ درا .

*1983 تیپی 37 شاربازێڕ چوونه‌ ناو قه‌ڵاچوالان و تاوان بار عزت حسین ئیسماعیل یان به‌ سزای گه‌ل گه‌یاند ، تاوانبار ده‌ستی هه‌بوو له‌ شه‌هید كردنی 17 شه‌هیده‌كه‌ی قڕگه‌دا.

*1987 تیپی 19 ی كۆڕه‌ك هه‌ڵمه‌تیان برده‌ سه‌ر مۆڵگاكانی دوژمن له‌ جوندیان.

*1988 شه‌وی 22\23 تیپی 63 ی جوتیاران به‌رپه‌رچی هێرشێكی گه‌وره‌ی دوژمنی دایه‌وه‌ بۆ سه‌ر شاخی سادر .

*1992 له‌سه‌ر بانگێشتی حكومه‌تی ئه‌مریكا مام جه‌لال له‌ڕێگای توركیاوه‌ بۆ ئه‌و وڵاته‌ به‌ڕێ كه‌وت.

*1993 شه‌هید بوونی( غه‌ریب هه‌ڵه‌دنی) پێشمه‌رگه‌ی دێرین و فه‌رمانده‌ی پارتیزان و ئامر لیوای 22 ی مه‌نتیقه‌ی سلێمانی له‌ دوكان .

*1994 هه‌ردوو مه‌كته‌بی سیاسی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) له‌باره‌ی ڕاگرتنی شه‌ڕی ناوخۆوه‌ ووتووێژیان كرد و ڕێكه‌وتنێكی گرنگیان له‌ پاریس به‌چاودێری (فرانسۆ میتران) گه‌ڵاڵه‌ كرد .

*1994 ڕاگه‌یاندنی به‌ڕێز مام جه‌لال بۆ گشت (هـ.پ.ك)ی (ی.ن.ك) له‌مه‌ڕ پاكسازی ریزه‌كانیان له‌و گێره‌ شێوێنانه‌ی كه‌خزاونه‌ته‌ ریزه‌كانیانه‌وه‌.

*1995 (هـ.پ.ك) ڕه‌بیه‌كانی شاخه‌سوور و گونده‌كانی دامێنی له‌ پارتی پاك كرده‌وه‌ .

## (23)ی تەممووز

*1977 شەهید کردنی مامۆستا غەفور ئاغجەلەری و 6 پێشمەرگەی تر لە گوندی (کانی بی) لەلایەن تەحسین شاوەیس و قالە فەرەجەوە کە پاشان تەسلیم بە دوژمن بوونەوە.

*1979 مام جەلال لەسەر داوەتی ئێران سەردانی تارانی کرد.

*1980 شەهید کردنی نووسەری پێشکەوتن خواز (محرم محمد ئەمین) بەدەستی سیخوڕەکانی ڕژێم .

*1983 تیپی 51 و کەرتی 3 ی تیپی 55 و شەڕی 10 سەعاتەی بانی خێڵان.

*1994 هێزێکی پڕ چەکی پارتی پەلاماری خەڵکی بێ دیفاعی باداوایان داو ژمارەیەکیان لێ برینداز کردن.

*1995 تێکشکاندنی هێرشێکی پارتی بۆ سەر گوندی گامێش تەپە .

*1995 ڕۆژانی 23و24 (هـ.پ.ك) پەلامارێکی پارتی بۆسەر گردی گەورە تێکشکاند.

*1999 لە شاری ( دری بێرگن) لە هۆڵەندا ، کۆنفرانسی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) لەدەرەوەی وڵات بەسترا .

## (24)ی تەممووز

*1980 شەوی 25\24 کەرتەکانی (3و4و5و11) ی هەرێمی یەك و کەرتەکانی (2و3) ی هەرێمی سێ بۆ پشتیوانی ڕاپەڕینی جەماوەری پێنجوێن لە سەعات 10 ی شەو تا 4 بەیانی شاری پێنجوێنیان کۆنترۆڵ کرد.

*1985 هێزێکی تیپی 57 ی سەگرمەو گرتنی ڕەبیەی تاوێر بەرزی سەر جادەی گشتی کەرکوك قادر کرم و شەهید بوونی پێشمەرگە (رحمان تۆفیق) .

*1987 ڕۆژانی 24 26 /7 تیپی 74 ی باڵەك چەندین هێرشی دوژمنیان بۆ سەر شاخی گماسوول تێکشکاند .

*1992 مام جەلال لەسەرتای سەفەرێکی بۆدەرەوەی وڵات لەگەڵ تورکۆت ئۆزالی سەرکۆماری تورکیا کۆبۆوە .

*1993 یەکگرتنەوەی حیزبی زەحمەتکێشان (پەیڕەوی یەکگرتن) لەگەڵ (ی.ن.ك) .

*1994 تەقینەوەی بۆمبێك لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی بوە هۆی شەهید بوونی مفەوەزێکی ئاسایش بەناوی (هونەر کەمال).

### ( 25)ی تەمموز

1982* کەرتی (3)ی دەربەندیخان، تیپی (55)ی قەرەداغ شەڕی سەر جادەی دەربەندیخان کانی سارد، بۆ یەکەم جار بە RBG ناقیلە تێکشکێندرا.

1983* بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) دەربارەی ئەو شەڕانەی لە کوردستاندا هەڵگیرسابوون (شەڕی جود) .

### ( 26)ی تەمموز

1987* تیپی 25 ی خاڵخاڵان و گرتنی ڕەبیەی سەر شاخی چنار توو ( 5 دیل) .

1994* پوچەڵ کردنەوەی پیلانی تیرۆر کردنی هەڤاڵ مەلا بەختیار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتی (ی.ن.ك) .

### ( 27)ی تەمموز

1995* تێکشکاندنی پەلاماری پارتی بۆ سەر کەپکی حەمەد ئاغا و کلاّوقاسم و باخچە لە ڕۆژانی 27و28 .

1999* هەڤاڵ مام جەلال نەخۆشخانەی گشتی قەلاّچوالانی کردەوە کە تایبەتە بوو بە کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە.

### ( 28)ی تەمموز

1987* کۆبوونەوەی هاوبەشی حشع و (ی.ن.ك) لەسەر خاکی نیشتمان لەبارەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی دووقۆڵی و لەم باریەوە لە 7/29 ڕوونکردنەوەیەك دەرچوو.

1990* بەیاننامەی هاوبەشی یەکێتی نووسەران و کۆمەڵەی نووسەران بۆ یەکبوون و بەستنی کۆنگرە .

1993* دوژمن ڕۆژانی 28و 29 بەخەستی تۆپ بارانی گوندەکانی ناوچەی شوانی کرد.

1995* پارتی بە ڕاجیمە بۆردومانی بنەسلاّوەی کرد و 8 هاووڵاتیش بریندار بوون .

1998* مام جەلال لەگەڵ وەفدێکی بالاّی UN بە سەرۆکایەتی براکاش شاە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی UN کۆبووەوە .

**(29)ی تەممووز**

*1987 تیپی 51 و هێزێکی حسك لەسەر جادەی دووز نەوجول لە هێزێکی دوژمنیان داو 2 جاش کوژران .

*1987 تیپی 87 هێرشیان کردە سەر جاشە تەعریبیەکانی گوندەکانی (مشار و ئەدیلغورا).

*1989 یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە سەقز شانۆگەری (کۆتری سپی )پێشکەش کرد .

**(30)ی تەممووز**

*1983 بێ سەروشوێن کردنی 8000 هەشت هەزار بارزانی لە قوشتەپە و بەحرکە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە .

*1987 بەیاننامەی هاوبەشی 5 حیزبی کوردستانی بۆ پێکهێنانی لیژنەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی .

*1987 تۆپ خانەی شۆڕش تۆپ بارانی سەربازگەی سوسێی کرد.

*1987 پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 3 لەناو هاوینە هەواری سەلاحەدین 3 ئەفسەریان بەدیل گرت .

*1988 سەعات 6:30 ئێوارە 10 فڕۆکەی عێراقی دۆڵی سماقوڵی و گەرەوانیان کیمیا باران کرد .

*1993 شەوی 30/31 تۆپخانەی ئێران بەخەستی ناوچەی دۆڵی باڵەیانی تۆپ باران کرد.

*1995 پارتی ناو شاری هەولێر و شاوەیس و پیرزین و بنەسلاوەی بۆردومان کرد ، 8 هاووڵاتی شەهید بوون و 8یش بریندار .

*1995 (8) حیزبی کوردستانی یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی هەڤاڵ مام جەلالو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)یان کرد سەبارەت بەڕاگرتنی شەڕ.

*1998 لەسەر بانگهێشتی کۆماری ئیسلامی ئێران مام جەلال گەیشتە تاران .

*1999 دەرچوونی خولی لەشکرە تایبەتەکانی هەریەکە لە فەرماندەییەکانی (3و4و5و6و7و14) .

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی تەمموزدا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

- 1977 گەیشتنی یەکەم وەجبەی چەك لە سووریاوە بۆ کوردستان .
- 1977 دەرچوونی یەکەمین بەلاغی عەسکەری .
- 1982 دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕاپەڕین مەڵبەندی 3ی هەولێر .
- 1985 هێرشی جاشەکانی زەڕایەن بۆ سەر گوندی دسکەرە و تێکشکانیان .
- 1985 ڕوونکردنەوەی ناوەندی کۆمەڵە دەربارەی بێ بەری بوون لەوانەی لە دەرەوەی وولات بەناوی کۆمەڵەوە بڵاو کراوەیان دەرکردووە .
- 1987 ڕونکردنەوەی قسە کەڕێکی ڕەسمی (ی.ن.ك) دەربارەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی شەڕی ئێران عێراق
- 1987 بانگەوازی (ی.ن.ك) بۆ ڕای گشتی جیهانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق .
- 1987 نامەی جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ك) بۆ جێگری سکرتێری گشتی خاچی سووری دەوڵەتان .
- ڕاگەیاندنی قسەکەرێکی ڕەسمی بەناوی (ی.ن.ك) ەوە لە وەڵامی قسەکەرێکی ئیعلامی سەرکردایەتی هەریمی عیراقی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی .
- 1989 بروسکەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بۆ دەفتەری سیاسی (حدکا) بە بۆنەی شەهید بوونی د.عەبدول ڕەحمان قاسملۆوە .
- 1990 ڕژێم وەفاتنامەی 4 هاووڵاتی لە شاری سلێمانی دایەوە کەس و کاریان .

# ئاب

**ئاب (1)ی**

1976* یەکگرتنـەوەی پاشماوەی هێزەکـەی ئیـبراهیم عـەزۆ لـە گونـدی (ڕوبــوزك) و شـەهید کردنـی عـیزەت و عومـەر ئیـبراهیم و قاسـم محمد بەدەســتی قیــادە موەقەتە.

1993* تۆپخانەی ئێران بۆردومانی گوندی پاش قۆتەڵی دۆڵی ئاکۆیانی کرد.

1997* وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕی (4ملیۆن) دۆلاری وەکو کۆمــەکی مرۆیـی بـۆ ناوچەکانی (سلێمانی و کەرکوك) تەرخان کرد .

1999* لەهۆڵی پەیمانگای کادێرانی مەکتەبی ڕێکخستندا، خولی (2000) بۆ پێگـەیاندنی کادری رۆژنامەنوسی کەرۆژنامەی کوردستانی نوێ سازی کردبوو دەســتی پــێ کرد.

**ئاب (2)ی**

1987* تیپەکانی 23 و 27 بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە لە نزیك گونـدی کـرژە و تا جادەی تاسلۆجە ڕاویان نان .

1988* دوژمن گوندەکانی (ئاری ، سیرو ، زەروە)ی ناوچەی هەولێری بۆردومــان کـرد کە بووە هۆی بریندار بوونی 63 هاووڵاتی .

1993* ســەرکرادیەتی ئــاڵای شــۆڕش بڕیــاریدا لەگــەڵ (ی.ن.ك)دا یەکبگرێتــەوەو ڕێکخستنەکانیشی تێکەڵاوی (ی.ن.ك) بکاتەوە.

1993* تۆپخانەی ئێران گوندەکانی (زینوە، رایات، مێرگـە درێـژان، بـەردە سـپیان)ی قەزای چۆمان تۆپ باران کرد.

1994* پەیامی مام جەلال بۆ گشت دەزگاکـانی راگـەیاندنی (ی.ن.ك) لەمـەڕ راگرتنـی هێرشی راگەیاندن لەدژی پارتی.

## ( 3)ی ئاب

*1979 6–3 کۆبوونـــەوەکانی کۆمیتـــەی هاوبەشــــی ئامــــادە کـــردن و ڕاگـــەیاندنی دامەزراندنی (حسیك) .

*1987 تیپـەکانی 23و37و27 پـەلاماری بارەگـای فـەوجی حەمـە خـان و 7 ڕەبیـەی دەوروبەری گوندی (شووك) یان دا.

*1992 مـام جـەلال لەگـەڵ (هـنری کیسـنجەر) وەزیـری پێشـووی دەرەوەی ئـەمریکا کۆبووەوە .

*1993 لەهۆڵی میدیـای شـاری هـەولێر هونەرمـەندانی کوردسـتان یەکـەمین کۆنگـرەی خۆیان بەست.

*1995 پارتی بۆ ماوەی 4 سەعات ڕەواندوزی بۆردومان کرد و 4 هاوولاتی بریندار کرد

*1999 سەعات 6.30 ی ئێوارە بەچاودێری هەڤاڵ مام جەلال ئاهـــەنگی کۆتـایی هـاتنی خولی لەشەکرە تایبەتی‌یەکانی مەشقی کۆلیجی سەربازی لەقەلاچوالان بـەڕێوە چوو.

## ( 4)ی ئاب

*1980 گرتنی 11 خەبیری سۆڤیەتی‌و چەند سەربازێك لە نزیك شاری کەرکوك .

*1987 تیپەکانی 21 و 31 و گرتنی 12 ڕەبیەی سەر شاخی تەوەکەڵ .

*1995 (هـ.پ.ك) دوو هێرشی پارتی لە هیران و شارەزوور تێکشکاند.

## ( 5)ی ئاب

*1975 سوپاسـنامەی (ی.ن.ك) بـۆ (التجمـع الوطـني العراقـــي) لـەبارەی پشـتیوانی کردنیان بۆ بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ك)

*1997 مام جەلال لە نیویۆرك چاوی بە نوێنەرانی ئەمریکا و بـەریتانیا و فەرەنسا لـە UN کەوت.

## (6)ی ئاب

1980* بەياننامەی (ی.ن.ك) دەربارەی مانگرتنەكەی شاری پێنجوێنی قارەمان .

1985* شەوی 6\7 تیپی 51 ی گەرمیان و بۆسەی سێ سەعاتەی سەر جادەی كەركوك بەغا لە نزيك دووزخورماتوو .

1994* پارتی بۆردومانی شاری قەڵادزێ ی كردوو بووە هۆی شەهيد بوونی 22 هاووڵاتی .

1995* گۆڕستانی شەهيدانی كارەساتی 6ی ئابی 1994 ی قەڵادزێ تەقێنرايەوە .

1995* سەرۆكی حكومەتی هەرێم بڕیاری ئازاد كردنی ئەفسەرە دیلەكانی سووپای عێراقی دەركرد .

1997* مام جەلال چاوی بە كۆفی ئەنان سكرتێری گشتی نەتەوە يەكگرتوەكان كەوت

1997* هەردوو وەزيری ئەوقاف و داد كەسەر بە بزوتنەوەی ئيسلامی كوردستان بوون لەبەردەم سەرۆكی حكومەت سوێندی ياساييان خوارد .

## (7)ی ئاب

1985* شەوی 7\8 تيپەكانی 21و25 دەستيان بەسەر فەوجی مەنصور و فەوجی 44 ی سووك و مقەر سريە و 9 ڕەبيەيان دا گرت.

1986* هێرشی ئاسمانی فڕۆكەكانی عێراقی لە ڕۆژانی 7و8و24ی ئاب بۆسەر گوندەكانی دۆڵی جافەتی و شەهيد كردنی 9 هاووڵاتی و پێشمەرگەيەك و بريندار بوونی 27ی تر .

1996* سەعات (9)ی سەرلەبەيانی هێزەكانی پارتی لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەكانی (هـ.پ.ك)يان دا لەنزيك گوندەكانی (بنە سڵاوەی بچوك، بێوكە، باخچە).

**( 8)هی ئاب**

1976* یەکەمین چالاکی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ لەناوچەی شارەزوور .

1979* (هـ.پ.ك) له کاتژمێر 6 ی بەیانییەوە تا 7 ی ئێوارە چەندین هێرشی دوژمنی بۆسەر ناوچەی سووورداش تێکشکاند .

1981* دوژمن (400) خانوی ناحیەی گەلاڵەی تەخت کردو خەڵکەکەشی بۆ ئۆردوگای سۆران گواستەوە.

1982* شەهید بوونی 3 پێشمەرگە لە نزیك گوندی ئاومالّ (هوشیار ، ئارام ، ڕێبان) .

1986* سەعات 5:30 ی ئێوارە مەفرەزەیەکی تیپی 85 و کوشتنی 2 ڕەفیق حیزبی لەبەردەم مونەزەمەی عەفلەقیەکان له عەین کاوە .

1988* بەیاننامەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەبارەی ڕاوەستانی شەڕی عێراق ئێران

1994* تێکشکاندنی هێرشێکی هاوبەشی پارتیو بزوتنەوە بۆ سەر ناوچەی پشدەر کەبەپاڵپشتی تۆپخانەی ئێران کرا.

**( 9)هی ئاب**

1978* مەفرەزەیەکی هەرێمی 3 بە ئارپیجی تەقەیان لەماڵی قایمقامی چوارتا کرد.

1978* مەفرەزەیەکی کەرتی 2ی هەرێمی 8 لە نزیك شەقڵاوە 3 ئەندازیاریان بەدیل گرت پاش 7 ڕۆژ ئازاد کران ئەوایش پاکستانیەك و 2 عێراقی بوون .

1981* بۆسەی جاشەکان لە کلکەی چۆڵیاوای ڕانیە و شەهید بوونی 8 پێشمەرگە لەناو تراکتۆرێکدا .

1981* لەتۆڵەی راگواستنی گەلاڵە قارەمانەکانی هەرێمی (7) داستانێکی پڕ سەروەریان لەگرتنی مقر فەوجێك دا تۆمار کرد.

1982* کەرتی بەمۆ و چالاکییەك لەسەر تەکی بەمۆو.

1985* تیپی 57 ی سەگرمە و گرتنی ڕەبیەی هەکز .

1986* شەوی 10\9 پێشمەرگەکانی 21و25 لەناو شاری کەکوك 13 پسپۆڕی بیانی کۆمپانیای (هۆندا ئینجنێرین کۆنت کێشن) ی هۆڵەندییان بەدیل گرت .

1995* ڕۆژانی 9 11 گفت و گۆکانی ئاشتی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە دبلن .

***(10)ی ئاب***

*1980 شەڕی گوندی هۆمەر قەلاو شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەك .

*1980 شـەڕی قارەمانانـەی بنـاری شـاخی (خـاوێ) و شـەهید بوونـــی پێشـــمەرگەی مەفرەزەی سەرەتاییەکانی (ی.ن.ك) حسێن حاجی حسن ناسراو بە (گۆران) و دکتور علی قادر شریف .

*1988 لە سێدارە دانی هاوولاتی شوکر رحیم خەڵکی گوندی باخی سەروی قەرەداغ .

***(11) ی ئاب***

*1979 داسـتانی گونـدی قـوڕە بـەرازە و شـەڕی 12 سـەعاتەو شـەهید بوونـی 18 پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە .

*1985 شـەوی 11\12 تیپـی 57 ی سـەگرمە هێرشـیان کـردە سـەر ڕەبیـەی قـاعیدەی سەرەکی گۆپاڵـەو دەسـتیان بەسـەردا گـرتو 2 پێشـمەرگەش شـەهید بـوون (جەمال فەوزی کاکە برا ، عومەر کەریم ساڵح (عومەر کێلە سپی).

*1985 شـەوی 11\12 تیپـی 23 ی سـورداش پـەلاماری ڕەبیـەی خـڕی زێوێـیـان داو 4 پێشمەرگە شەهید بوون .

*1986 تیپی 53 و تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن بۆسەر گوندی زەماوەنگـەی کـەلار و کوژرانی 15 چەکدار .

*1989 پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 1 پەلاماری ڕەبیەکانی دەراو سەریاز شـیرە یـان دا .

*1992 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری یەکخستنی (ه.پ.ك)ی دەرکرد.

***(12) ی ئاب***

*1978 مەفرەزەیـەکی هـەرێمی 1 پـەلاماری هـێزێکی دوژمنـی دا لـەنزیك قـالی جـو قوماش بووە هۆی کوژرانی 8 سەرباز .

*1983 شەوی 12\13 هێزە دلێرەکانی (ی.ن.ك) لە سێ قۆڵەوە بۆ ئەو شوێنانە کشـان کە چەکدارەکانی جودی بۆ هاتبوون .

*1987 کۆمیتەی شێخان و پارتی و گرتنی 8 ڕەبیە لەناوچەی ئەتروش.

**( 13) ی ئاب**

*1978 مەفرەزەیەکی کەرتی 2 هەرێمی 8 پەلاماری کاروانێکی سەربازیان دا لە حوجرانی نێوان شەقلاوە کوڕە.

*1983 دەست پێکردنی شەڕی دووەمی قەندیل لە گەڵ بەرەی جود.

*1985 تیپی 55 ی قەرەداغ پەلاماری قاعیدەی جیش شعبی (المسیب) یان دا لە زڕگوێزەڵەو دەستیان بەسەردا گرت .

*1987 تیپی 55 ی قەرەداغ پەلاماری ڕەبیەی زڕگوێزیان داو دەستیان بەسەردا گرت

*1993 مام جەلال لەقەلاچوالان چاوی بەسیناتۆر (کیلیبۆرت پیلْ) سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی پیران و (نیک کاسی) باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنقەرە کەوت .

*1997 لەسەر بانگهێشتی تورکیا مام جەلال گەیشتە ئەنقەرەو ڕۆژی 8/14 لەگەڵ ئیسماعیل جەمی وەزیری دەرەوە کۆبووەوە .

**( 14) ی ئاب**

*1976 نامەی مام جەلال بۆ عەلی عبداللە لەمەڕ دەست درێژیەکانی قیادە موەقەتە بۆ سەر پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك).

*1976 نامەی مام جەلال بۆ ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی لەمەڕ دەست درێژیەکانی قیادە موەقەتە.

*1978 مەفرەزەیەکی کەرتی 2 ی هەرێمی 8 پەلاماری کاروانێکی سەربازیان دا لەنزیك گوندی بانەمان و 2 سەرباز کوژرا .

*1983 بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی لەبارەی هێرش و پەلاماری چەکدارەکانی بەرەی جود بۆسەر مەڵبەندی 3 .

*1987 شەوی 14\15 تیپەکانی 21 و 23 و 25 و 93 بۆجاری دووەم دەستیان بەسەر ناحیەی تەق تەق دا گرت.

*1988 شەهید بوونی پێشمەرگەی چالاك و پارتیزان (عبدالمسیح پۆڵس سڵیوە) ناسراو بەسۆران بە پیلانێکی وردی ئەمنی هەولێر و شەقڵاوە .

*1993 سەعات 12.20 ی شەوی 15/14 هێزەکانی ئێران موشەك بارانی گوندەکانی ناوچەی بتوێنیان کرد.

***( 15) ی ئاب***

*1976 شەهید کردنی 18 پێشمەرگە لە ئەشکەوتی باڤێ لەلایەن قیادە موەقەتەوە کە پاش ماوەی هێزەکەی ئیبراهیم عەزۆ بوون.

*1977 شەڕی بارۆیی گەورە لــە نێـوان 8 پێشـمەرگەی (ی.ن.ك) و هـێزێکی گـەورەی جاش و سەرباز کە بۆماوەی چەند سەعاتێك درێژەی هەبوو لە ئەنجامدا چــەند چەکدارێکی دوژمن کوژران ئەم نەبەردیە بــە خوێنــی ئـاڵی (کـاك ڕێبـوار احمـد طابو) ناسراو بەجوتیار تۆمار کرا .

*1978 مەفرەزەیـەکی هــەرێمی 5 بـەئارپی‌جی لەسـەنگەرێکی دوژمنیـان دا لــە نزیــك دەربەند باسەڕەی بازیان.

*1985 شەوی 15\16 تیپەکانی 87 و 91 و 85 پەلاماری ڕەبیـەی سـەرجادەی هـەولێر کۆیەیان داو دەستیان بەسەردا گرت .

*1993 پێکهاتنی کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) لە ئوسترالیا .

*1994 بـەئامادەبونی بـەڕێزان مـام جـەلالو مەسـعود بــەرزانیو وەفــدی پەرلــەمانی بەریتانیا، پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوەیەکی نائاسایی بەست.

*1994 لەبەیاننامەیـەکی هاوبەشـی مـام جـەلالو مەسـعود بـەرزانی بڕیــاری ڕاگرتنــی سەرتاسەری شەڕ درا.

*1994 هاوکات لەگەڵ بڕیاری ڕاگرتنی شــەری سەرتاســەری هێزەکـانی پـارتی لەچـەند قۆڵێکەوە پەلاماری شەقڵاوەیان دا.

*1999 بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال فەرماندەی گشـتی (ه.پ.ك) ، سـەرۆکایەتی ئەرکان ئاهەنگی کۆتایی خولی فەرماندەکانی گێڕا.

***( 16) ی ئاب***

*1977 دەست گیر کردنی ملازم جوامێرو هاوڕێکانی لە هۆڵـی زانکـۆی مسـتنصریە لـە بەغدا .

*1987 تیپی 11 ی هەورامان پەلاماری مقر سریەیەکیان دا لەشاخی کامالە و دەستیان بەسەردا گرت.

*1995 پارتی بۆردومانی سێبەردان و دەوروبەری کرد .

**(17) ی ئاب**

*1978 چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی 1 گەلەجاشێکیان ڕاونا لە نزیک پالانیای هەڵەبجەو گوندی بەڵخە .

*1980 لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکەمین دادگای شۆڕش دامەزرا.

*1987 شەڕێکی سەخت لەنێوان پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 2 و هێزەکانی دوژمن لە دەوروبەری سورداش کە بووە هۆی کوژرانی 62 سەرباز و گرتنی 2 ڕەبیەی گوندی سپیلك .

*1987 پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 3 لەناوشاری هەولێردا تاوانبارێکیان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند .

*1987 پێشمەرگەکانی کەرتی پارێزگاری لەدۆڵی شەهیدان سەربازگەی سەنگەسەریان تۆپ باران کرد .

*1990 شەوی 17\18 دابەزینی یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی شارباژێڕ بە فەرماندەیی پێشمەرگەی قارەمان کاك کامل نوری .

*1992 لەسەر راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران یاسای حزبەکانو ڕۆژنامەگەری دەرکرد.

*1998 بەڕێز (پاتریاك مار ڕۆفائیل بیداویت) سەرۆکی ئەساقیفەی کلدان لە جیهان و وەفدەهاوڕێکەی گەیشتنە سلێمانی .

**(18) ی ئاب**

*1985 تۆپ باران و ڕەشە کوژی گوندەکانی بناری شارەزوور لە تۆڵەی چالاکی قاعیدەی المسیب و شەهید بوونی 11 هاووڵاتی .

*1987 تیپەکانی 37 و 47 و تیپی مەڵبەندی 2 و تیپی پارێزگاری و مەفرەزەیەکی پارتی هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لە سپیلك.

*1994 سەعات (3)ی سەر لەبەیانی بزوتنەوەی ئیسلامیو هاوپەیمانەکانی لەناوچەی پشدەر جارێکی تر شەڕیان هەڵگیرساندەوە.

## ی ئاب (19)

*1987 تۆپخانەی شۆڕش تۆپ بارانی سەنگەرەکانی دوژمنی کرد لە سپیلك .

*1987 شەڕی گوندی کۆکە لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی 23 ی سورداش هێزێکی دوژمن.

*1988 راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) سەبارەت بەهێرشەکانی ئەنفالی (1) لەرادیۆی دەنگی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە.

*1989 ئێوارەی 19\20 شەهید بوونی دکتور ئازاد احمد حەمە صاڵح ناسراو بە (دکتور هێمن)و پزیشککار فەرەیدون حەمە امین لە نزیك گوندی داودئاوا.

*1992 مام جەلال و مەسعود بارزانی لە کۆشکی (ئەلیزێ) لە پاریس لەگەڵ فرانسۆ میتران کۆبوونەوە .

*1993 یەکگرتنەوەی شیوعیە کوردستانیەکان لەگەڵ (ی.ن.ك) .

*1995 پارتی بۆردومانی کانی قرژاڵەی کردو لەهەمان رۆژ پەلاماری کەرتی رێکخستنی شارەزوریان دا.

## ی ئاب (20)

*1981 شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (جەمالی عەلی باپیر) فەرماندەی هەرێمی 4 و پێشمەرگەی یەکەمین دەستەی سەرەتایی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش .

*1982 (22) پێشمەرگەی قارەمان پاش (14) سەعات شەڕ داستانی گوندی (باویان)یان تۆمار کردو بێ زیان بون.

*1985 شەوی 20\21 تیپەکانی 57 و 51 پەلاماری ڕەبیەی خدری سەریان داو دەستیان بەسەردا گرت لە ئەنجامدا 9 پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون .

*1986 شەوی 20\21 ڕەبیەیەکی دوژمن کە ژمارەیان 15 کەس بوو بە 6 چەکی زیادەوە پەیوەندیان کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە .

*1990 کۆنگرەی یەکگرتنەوەی نووسەرانی کوردستان .

*1993 یەکگرتنی بزوتنەوەی کوردستانیەکان لەگەڵ (ی.ن.ك) دا.

*1997 پاش گەشتێکی ڕەسمی بۆ ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیاو ئێران هەڤاڵ مام جەلال گەیشتەوە خاکی کوردستان .

***( 21) ی ئاب***

1978* چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی 5 نارنجۆکێکیان خستەناو ماڵی سەرەك جاشێك لە دەربەندیخان کە بووەهۆی بریندار بوونی 10 جاش.

1982* بەئامادەبونی (222) ئەندام لەهۆڵی شەهید شیهاب لەناوزەنگ دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ساز کرا.

1985* شەوی 21\22 شەهید بوونی مەلای مزگەوتی حەفتا چەشمە کە بەتەنیا بەرەنگاری جاشەکان بووەوە بەناوی مەلا عبدالكريم .

1985* شەهید کردنی 5 هاووڵاتی بێ دیفاع لە دورپیانی واژەی لای قەلاچوالان لەناو ئوتۆمبیلێکی لادای مەدەنیدا.

1987* تیپی 23 سورداش پەلاماری ڕەبیەی خڕی زێوێیان دا لەئەنجامدا دەستیان بەسەردا گرت.

1993* تۆپخانەی ئێران سەرچاوەی هەڵشۆو گوندەکانی ناوچەی پێنجوێنیان بۆردومان کرد.

1994* دوژمن شارەکانی چەمچەماڵو کفری تۆپ باران کردو لەئەنجامدا هاوڵاتیەك شەهیدو ژمارەیەکیش بریندار بوون.

1994* لەئەنجامی تۆپ بارانی گوندی (نورالدین) فلەلایەن پارتیو بزوتنەوەوە هەڤاڵ (حەمید کەریم شانە) قایمقامی کۆیەو دوو هاوڵاتی شەهید بوون.

1999* بە ئامادە بوونی مام جەلال ئاهەنگی دەرچوونی خولی سێیەمی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە سازکرا .

***( 22) ی ئاب***

1978* مەفرەزەیەکی هەرێمی 1 بۆسەیەکیان لەگوندی قەیەفەری نایەوە و هێزێکی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە.

1986* تیپەکانی 86 و 87 بۆسەیەکیان لەگوندی قوڵتەپە نایەوە کە پاشان 6 ئۆتۆمبیل کەوتنە بۆسەکەوە.

1988* تۆپ باران کردنی سەربازگەی چوارقوڕنە لەلایەن (ە.پ.ك) .

1994* 3 هێلی کۆپتەر و 8 فڕۆکەی جەنگی بۆماوەی یەك سەعات بناری کۆسرەت و دۆڵی خۆرانیان بۆردومان کرد .

1995* ڕژێم کارەبای دایەوە بەشاری دهۆك .

## ( 23) ی ئاب

*1978 مەفرەزەیەکی هەرێمی 8 ڕووبەڕووی گەلەجاشێك بوونەوە پاش شەڕێکی 5 سەعاتی 3 جاش کوژران .

*1978 مەفرەزەیەکی هەرێمی 7 چوونە ناو چۆمان و چەند چالاکییەکیان ئەنجام دا .

*1984 پێشمەرگەکانی 61 ی کۆڕش ڕووبەڕووی گەلە جاشێك بوونەوە لەژاراوە شەڕ لە سەعات 9 ی بەیانی تا 1 ی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بوو ، 9 جاش کوژراو 15 بریندار بوو ، قوربانی پێشمەرگەش شەهیدێکی قارەمان بەناوی (علی سستە) و بریندار بوونی 5 پێشمەرگەی تر .

## ( 24) ی ئاب

*1978 مەفرەزەیەکی کەرتی 2 ی هەرێمی 8 پەلاماری گەلەجاشێکیان دا لەنزیك گوندی بابە جیك .

*1978 مەفرەزەیەکی هەرێمی 7 بۆسەیەکیان لەسەرجادەی وەڵزی قەسرێ لە نزیك چۆمان نایەوە و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی ئامر فەوجی قەسرێ و چەند سەربازێك .

*1978 مەفرەزەیەکی هەرێمی 1 پەلاماری هێزێکی دوژمنیان دا لە گردی خدر نێوان خورماڵ پردی زەڵم .

*1985 پیشمەرگەکانی (ی0ن0ك)سەعات 8ی ئیوارە لەشەقامی (پیرەمیرد) ی شاری سلێمانی هەردوو تاوانبار (ئاسۆی قومری و نورە کۆپەیان) بەسزای گەل گەیاند .

*1986 هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی عێراق بۆ سەر گوندەکانی دۆڵی جافەتی لە ڕۆژانی 7و8.

*1987 گرتنی سەربازگەی کەندەشینە.

*1989 هێرشی فرقەی 24 ی سوپای بەعس بۆسەر دەریاچەی دوکان و بناری کۆسرەت و سووتاندنی بەلەمەکان .

*1999 لەمەراسیمێکی تایبەتدا مام جەلال (دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان)ی کردەوە.

**ی ئاب (25)**

*1978 مەفرەزەیەکی هێزی پارێزگاری دوو بۆسەیان لەسەر جادەی ئینـدزی ناوچـەی چۆمان نایەوە.هەمان مەفرەزە لەنزیك کۆمتان لە بۆسەیەکی دوژمنیان دا.

*1978 چەند جاشێکی قالە فەرەج کە بەتاکتیك هاتبوونە ناو پێشمەرگەوە لە گونـدی مالومە 3 پێشمەرگەیان شەهید کرد و تەسلیم بوونەوە .

*1981 دەرچونی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لەمەڕ شـەهید بونـی جـەمالی عەلی باپیر.

*1983 تۆپخانەی ئێران شاری قەڵادزێ تۆپ باران کرد و 4 هاووڵاتی شەهید بوو .

*1983 دەرچوونی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی جـەمالی عـەلی باپیر و هاوڕێکانی‌یەوە .

*1987 تیپی 17 ی زمناکۆ لە ناوشاری سلێمانی دا 9 جاشیان گرت .

*1987 بەیاننامەی ڕێکخراوی دەولی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە عـێراقدا بـۆ هەفتـەی هاوکاری لەگەڵ زیندانیە سیاسی‌یەکانی عێراق

*1987 تۆپ باران کردنی هەردوو سەربازگەی سەنگاو لەلایەن تۆپخانەی (هـ.پ.ك) .

*1988 تەخت کردن و کاول کردنی 46 گوندی ناوچەی ئامێدی / بادینان (ئەنفالی 8) .

*1994 بروسکەی مام جەلالو مەسعود بەرزانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەمەڕ راگرتنی شەڕ.

**ی ئاب (26)**

*1985 تیپـی 85 ی بەڕانـــەتی بۆســەیەکیان لەســـەرجادەی ئاشــگە و گــۆڕی دانـــاو لەئەنجامدا 10 جاش کوژران .

**ی ئاب (27)**

*1988 کیمیا بارانی بەرواری باڵا .

*1995 تێکشکاندنی هێرشێکی دوژمن بـۆ سـەر گوندەکـانی سـەیدان و برایـم ئاغـا لـە ناوچەی شوان .

**( 28) ی ئاب**

*1988 هێرشی دڕندانەو بەربڵاوی دوژمن بۆ سەر کوردستان پاش وەستانی شەڕی ئێران عێراق .

1988 دوژمن (8) کەس لەخێزانی شەهید عبدالمسیح پۆڵس سلێوە ناسراو بە(سۆران) لەسێدارە دا.

*1991 دەرچوونی دەورەی پێشمەرگە هەیئەی ئەرکان / مانۆڕی پێنجوێن .

*1992 مام جەلال لەسەردانێکی‌دا بۆ ئەڵمانیا لەگەڵ (کلاوس گینگڵ) کۆبووەوە .

**( 29) ی ئاب**

*1987 تەخت کردنی 8 دوکان لەشەقامی مەولەوی‌ی شاری سلێمانی .

*1991 وتاری بەڕێز مام جەلال بۆ پتر لە 150هەزار کەس لە دانیشتوی شاری هەولێر دەربارەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێم .

*1994 دوژمن بۆ ماوەی یەك سەعات بەخەستی ناوچەی شیوە سورو گوندەکانی دەوروبەری بۆردومان کرد.

**( 30) ی ئاب**

*1976 کەمینی قیادە موەقەتە بۆ مەفرەزەی جبار مەلا غەنی لەسەر کانی‌یەك لە ناوچەی سندی و پاشان شەهید بوونی جەبار و 3 پێشمەرگەی تر.

*1985 تیپەکانی 57 و 47 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی چەمچەماڵ سەنگاو نایەوە نزیك پردی مەحکەمە.

*1986 دەست پێکردنی داستانی (102) رۆژەی قەیوان ماوەت کە لە 86/8/30 تا 87/1/10 بەردەوام بوو.

*1987 دەستپێکردنی داستانی 102 ڕۆژەی قیوان ماوەت .

*1990 مام جەلال نامەیەکی ئاراستەی دیکویلار کرد لە بارەی وەزعی پەنابەرانی کورد لە پاکستان .

## (31)ی ئاب

*1977 یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە 31 ی ئاب–12 ی ئەیلول لە برادۆست .

*1985 تیپی 21 ی کەرکوك و تێکشکاندنی هێزێکی گەورەی دوژمن لە (ساتی ، گۆران ، هەیبە)ی سەر خاسە .

*1988 شەڕی بناری قەندیل کە تیایدا ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئازاد هەورامی شەهید بوو.

*1988 دوژمن 12 سەربازی هەڵاتووی لەسەربازگەی هەولێردا گوللەباران کرد .

*1996 دوای 16 سەعات لە بەرەنگاری ئازایانەو بێ وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان،پایتەختی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان لەلایەن دەبابەکانی سوپای بەعسو لەسەر داوەتی مسعود بەرزانی داگیرکرا.

*1997 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کە 6 تەرمی تێدا بوو .

*1997 سەعات 10ی سەرلەبەیانی بەئامادەبونی کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو ئەندامانی (م.س)و سەرکردایەتیو حزبەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستانو سەدان هەزار کەس لەجەماوەری شاری سلێمانی ساڵ رۆژی 31ی ئاب کرایەوە.

ئەو ڕوداوانەی لە مانگی ئاب دا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

—1977 بەیاننامـــەی (ی.ن.ك) كۆمیتـــەی ســـەركردایەتی وولآت (شۆڕشـــی كوردســـتان سەركەوتوانە سالێك لەتەمەنی تەواو دەكات) ئـابی 1977 نووسـینی شـەهید ئارام .

—1978 لەم مانگەدا دەست كرا بەڕاگوێزانی گوندەكانی كوردستان .

—1981 دەرچوونی ژمارە یەكی گۆڤاری نووسەری كوردستان .

—1983 هێرش بۆ سەر ناحیەی قەرەداغ ،150 پێشمەرگەی تیپی 55 ی قەرەداغ بەسەرپەرشتی فەرماندەی تیپ حامی حاجی غالی .

—1985 دەرچوونی ژمارە یەكی گۆڤاری ڕزگاری (ی.ش.ك) .

—1985 پەلاماردان و گرتنی 6 ڕەبیەی دۆڵی خەلەكان لەلایەن تیپەكانی بتوێن و خەلەكانەوە.

—1987 وەفدێكی بزوتنەوەی ئیسلامی لە كوردستانی عێراق سەردانی كوردستانی كرد و لەگەڵ مەكتـەبی سیاسـی (ی.ن.ك) زنجیرەیـەك كۆبونـەوەیان كـرد و بەیاننامەیـەكی هاوبەشیان دەركرد .

—1989 یادداشتی هەڤاڵ مام جەلال بۆ كۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی سۆڤیەت و ئێران .

—1989 بروسكەی پیرۆزبایی هەڤاڵ مام جەلال بۆ رەفسنجانیی سەركۆماری ئـێران بـە بۆنـەی هەڵبژرادنیەوە بۆ پۆستی سەركۆمار .

# ئەیلوول

**( 1) ی ئەیلوول**

1976* بەیاننامەی دامــەزراندنی (ی.ن.ك) دەســتەی دامەزرێنــەر (وولاّت) / نووســینی شەهید ئارام .

1977* شەڕی قازان قایە و شەهید بوونی هەردوو پێشمەرگەی قارەمان (سمكـۆ عـەلی مستەفا و شوان عەلی) .

1983* كۆتـایی شـەڕی قـەندیلی دووەم   شـەڕ نـاخۆو شـەهید بوونـی نـازمی حمـەی سلێمان فەرماندەی تیپی 23 ی سورداش.

1986* تێكشـكاندنی هێرشـێكی گـەورە و بـــەربلاّوی دوژمـــن بۆســـەر ســـەركردایەتی (ی.ن.ك) لە دۆڵی جافەتی .

1987* تیپی 19 ی كۆڕەك و گرتنی 7 ڕەبیە لە چیای چەقەڵ سپی و گومێیان .

1987* مەفەرزەیەكی تیپی 59ی حەمرین دەستیان بەسەر ڕەبیەیەكیانی سەر جادەی كەركوك   بەغدا نزیك سلێمان بەگدا گرت.

1998* لە ڕێ و ڕەسمێكدا پرۆسەی گۆڕینەوەی دیلەكانی نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) ئەنجام درا .

1999* لە یادی شۆڕشی (فــاتح) ســەرۆكی حكومــەتی هــەرێمی كوردســتان كۆڕەپــانی برای سەركردە (معمر القذافي)ی لە دەروازەی شاری سلێمانی كردەوە .

**( 2)ی ئەیلوول**

1978* مەفرەزەیەكی كەرتی 2 ی هەریمی 7 بەرەنگاری هـێزێكی دوژمـن بوونـەوە لـە سینگورەی چۆمان و 7 جاشیان كوشت .

1986* گرتنی ناحیەی كارێزە لە درێژەی داستانی قەیوان   ماوەتدا .

1987* هێزێكی هاوبەشی تیپی 59 بۆسـەیەكیان لەسـەر جـادەی سـەنگاو چەمچـەماڵ نایەوە كە بووە هۆی كوژرانی 11 كەس .

1987* تیپی 55 ی قــەرەداغ بۆســەیەكیان لەســەر جــادەی بێســتان ســوور   عەربــەت نایەوە و جاشێكیان كوشت .

1992* پەرلـەمانی كوردسـتان پارێزگـارانی (هــەولێر ، ســلێمانی ، دهــۆك)ی دانــا و پارێزگاران سوێندی یاساییان خوارد .

## ( 3)ی ئەیلوول

*1977 یەکەمین پەلاماری جاشەکان بۆسەر پێشمەرگە لە گوندی قازان قایە کە بووە هۆی شەهید بوونی 7 پێشمەرگەی قارەمان .

*1978 مەفرەزەیەکی هێزی پارێزگاری بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای ڕانیە دەربەند نایەوە و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی یەك سەرباز .

*1983 بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بە بۆنەی سەرکەوتنی (ه.پ.ك) بەسەر پەلاماری جاشەکانی جودا.

*1983 بروسکەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بۆ کاك نەوشیروان بە بۆنەی سەرکەوتنی (ه.پ.ك) بەسەر پەلاماری جاشەکانی جود و بەشدارانی داگیرکەری ئێرانی .

*1984 بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە سەبارەت بە لێبوردنی گشتی لەوانەی شەڕی یەکێتییان کردووە .

*1987 کیمیا بارانی یاخسەمەر و دۆڵی جافەتی کە بووە هۆی شەهید بوونی 4 پێشمەرگە .

*1987 داستانە مەزنەکەی دێگەڵەو هیران و بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بەم بۆنەیەوە .

*1987 لە 3—23 ڕژێم 23 گوندی لەسەرتاسەری کوردستان بۆردومان کرد لەوانە 3 گوندیان بەگازی کیمیاوی .

*1987 تیپی 51 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سەرقەڵا کفری نایەوە.

*1988 شەوی 3\4 تیپی 91 ی سەفین هێرشیان کردە سەر ڕەبیەیەکی دوژمن لە گردسۆران و 2 جاشیان کوشت .

*1988 ئەحمەد بن بلە ئیدانەی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی کرد لەلایەن عێراقەوە .

*1989 ڕۆژانی 3و4 کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لە زەڵێ .

## ( 4)س ئەيلوول

*1988 شەوی 5\4 پارتیزانەکانی گەرمیان پەلاماری ڕەبیەیەکی دوژمنیان دا .

*1988 یادداشتی بەڕێز مام جەلال بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێکخراوی (عـدم الانحیـاز) لەبارەی شەڕی لە ناو بردنی گەلی کوردوە.

*1989 دامەزراندنی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان .

*1992 ڕۆژانی 4 6 لەشـاری (زیسـت) ی هۆڵـەندا گۆنگـرەی یەکـەمی نێـو دەوڵـەتی ئاوەدان کردنەوە و گەشە پێدانی کوردستان ئەنجام درا .

*1993 (هـ.پ.ك) هێرشێکی دوژمنی لە ناوچەی شوان تێکشکاند .

## ( 5)س ئەيلوول

*1982 تیپـی 57 ی سـەگرمە و کـەرتی 4 ی جـەباری پـــەلاماری ڕەبیەیـــەکیان دا لـــە قەرەهەنجیر.

*1985 شەوی 6\5 کەرتی 2ی بازیان و تیپی57 ی سەگرمە ڕەبیەی گشتی سەر ڕێگـای سلێمانی کەرکوکیان گرت. ئەم نەبەردیە بە خوێنی گەشی (فەریق ڕەئوف و عوسمان عەلی میرزا – ) و بریندار بوونی 4 پێشمەرگەی تر تۆمار کرا .

*1987 ئازاد کردنی ناحیـــەی هـیران و داسـتانی 10 ڕۆژەی تێکشـکاندنی هێرشـە یـەك لەدوای یەکەکانی دوژمن لە 4 قۆڵەوە .

*1988 دەست پێکردنی هێرشەکانی ئەنفالی (8) لەقەندیل.

*1995 لە بازگەی کەرکوك چەمچەماڵ پیاوانی ڕژێم ئاگریان لە ئوتومبێلێـك بـەردا و 4 هاووڵاتی گیانیان لەدەست دا .

## (6)ی ئەیلوول

*1987 تیپی 51 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی نێوان دووزخورماتوو کفری نایەوە و 14 سەربازیان بەدیل گرت .

*1987 تۆپ خانەی مەڵبەندی 2 تۆپ بارانی معەسکەری سوسـێی کرد و بووە هۆی سووتاندنی جبەخانەیەکی چەك.

*1987 دوژمن بەسەر پەرشتی عەلی حەسەن مەجید لە 4 قۆڵەوە هێرشـی کردە سـەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هیران .

*1988 بەیانی لێبوردنی گشتی ڕژێم بۆ هاوولاتیانی کورد .

*1988 نامەی هەڤاڵ مام جەلال لە جیاتی بەرەی کوردستانی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لەندەن دەربارەی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە .

*1995 لـەئاکامی تەقینـەوەی بۆمبێك لـە نزیـك کۆمیتـەی شـەهید (نـوری نانەکـەلی) هاوولاتی‌یەك شەهید بوو .

## (7)ی ئەیلوول

*1979 دەستگیر کردنی پێشمەرگەی قارەمانی ناو شاری سلێمانی (ئاسـۆی دەلاك)و پاشان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهید کرا .

*1987 شـەوی 8\7 تیپـەکانی 12 و 78 و 19 دەسـتیان گـرت بەسـەر مقەرفـەوجێكو 10 رەبیە لەدۆڵی خانەقا.

*1987 تیپی 25 ی خاڵخالان بۆسەیەکیان لەسەر جادەی تەکیە ئاغجەلەر نایەوە.

*1987 دوژمن بە هێزێکی بەربلاوەوە هێرشی کردە سەرسەنگەرەکانی پێشـمەرگە لـە هیرانو لەو شەڕەدا دوژمن بۆمبی هێشوویی بەکار هێنا .

*1991 بۆمبارانی گوندەکانی کوچەك کـانی لەلـەو سـێگرتکان ئۆردوگـای دارمانـە لەلایەن دوژمنەوە .

*1993 دوژمن لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەی شـوانی داو لەلایـەن (ه.پ.ك)ـەوە تێکشکێندرا.

*1995 سـەعات (9)ی سـەر لەبـەیانی برێـك TNT لەسـەر ڕێگـای کـەژاوەی سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران لەسـەر شـەقامی شەسـت مـەتری چوارپـیانی عـەین کـاوە تەقییەوەو بوە هۆی شەهید بونی (4) پێشمەگە.

**( 8)ى ئەيلوول**

*1982 کەرتی سێی تیپی 57و گرتنی ڕەبیەی کەلەڕەش.

*1987 تیپی 59ی حەمرین بۆسەیەکیان لەسەر جادەی سەنگاو چەمچەماڵ نزیك کانی شیرینەکە نایەوە.

*1987 تیپی 53 ی شێروانە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کەلار باوەنوور نایەوە.

*1992 ئەنجومەنی وەزیران حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ژمارە (1227)ی دەرکرد سەبارەت بەگەڕاندنەوەی زانکۆی سلێمانی.

*1992 ڕۆژانی 8–10 دوژمن بەتۆپی قورس و کۆمپتەر ناوچەکانی (گەڕاوی و قادر کەرەم)ی بۆردومان کرد.

*1993 مام جەلال لە قەڵاچوالان پێشوازی کرد لە میستەر (تۆنی) نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لەکوردستان .

**( 9)ى ئەيلوول**

*1978 تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بەمەبەستی ڕاگواستنی گوندەکانی لای پشدەر .لەلایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی شەشەوە و 40 سەرباز و سێ ئەفسەر کوژران .

*1986 تیپی 37 ی شاربازێڕ لە ناحیەی ماوەت هێرشێکی دوژمنیان تێکشکاند .

*1987 تیپی 15 ی شارەزوور چوونە ناو شارۆچکەی خورماڵ و لە ئەنجامدا 5 جاشیان بەدیل گرت .

*1987 دوژمن بە لیوایەکی حەرەس جمهوریەوە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هیران .

*1995 لە شیلادزێ پارتی 3 هاووڵاتی لایەنگری (ی.ن.ك)ی گوللە باران کرد .

*1995 جەماوەری هەولێر و ئۆردوگاکانی دەور و بەر بۆ ڕیسوا کردنی تیرۆر و تیرۆریستان ڕێپێوانێکی فراوانیان بۆبەردەم پارێزگاری هەولێر ساز کرد .

*1998 هێزێکی دوژمن لە نزیك قادر کەرەم بەتۆپی 75 ملم بۆردومانی ناوچەکەی کرد.

**ئەیلوول(10 )**

1986* 7 فڕۆکەی دوژمن بۆردومانی شەڕگەی قەیوان ماوەتیـان کـردو لەئـەنجامدا (2) پێشمەرگە شەهیدو (17)ی تر بریندار بوون .

1987* تیپی 39 پەلامارێکی دوژمنیان تێکشکاند کەبـە مەبەسـتی سـووتاندنی گونـدی قەواڵی هاتبوون.

1995* بۆ ڕیسوا کردنی تیرۆر و تیرۆریستان جـەماوەری شـاری سـلێمانی ڕێپێوانێکـی فروانیان لەبەردەم سەراوە بۆ بەردەم دیوانی پارێزگا ساز کرد .

1997* بـەئامادەبونی مـام جـەلال سـەعات 10ی بـەیانی فارمـاندەیی (7)ی سـلێمانی ئاهـەنگی دەرچوانـی خـولی یەکـەمی مەشـقی سـەربازی لەبنکـەی مەشـقی فەرماندەیی لەبەکرەجۆ گێڕا.

1998* هـەڤاڵ مـام جـەلال لەلـەندەن سـەردانی (لویـس ئـەیالا) ی سـکرتێری گشـتی سۆسیالیست ئەنتەر ناسیۆنالی کرد .

**ئەیلوول(11 )**

1975* بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) بەبۆنەی یادی 14 ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولەوە .

1991* دەسـت پێکردنـی یەکـەمین پەخشـی PUK.TV بـەووتاری مـام جـەلال لـە مەلعەبەکەی سلێمانی.

**ئەیلوول(12 )**

1987* تیپی 87 ومەفرەزەیەکی شیوعی و سۆشیالیست لەناو ئۆردوگای دارەتوو چەند خۆفرۆشیکیان بەدیل گرت 0

1995* رۆژانی 12—15 گفتوگۆکانی ئاشتی لە(درۆگیدا) ی نیوان (ی0ن0ك) و (پ.د.ك).

1999* لـەهۆڵی پەلکـە زێڕینـەی مناڵـە ئاوارەکـانی کـەرکوك لەسـلێمانی مـام جـەلال پێشانگایەکی گـەورەی کتێبـی کـردەوە کـە بـەهاوکاری (دار المدى)و بنکـەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ ساز کرابوو.

**ئەیلوول(13 )**

1978* مەفرەزەیەکی هەرێمی 3 پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمنیان دا لە بەردە سپیانی ماوەت.

1985* پەلاماری جاشەکانی زەڕایەن بۆ سەر پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی 55 ی قەرەداغ لە گوندی باریکە و تێك شکان .

1986* تیپی 51 و مەفرەزەیەکی حشع بۆسەیەکیان لەسەر جادەی دووز قادر کەرەم نایەوە.

1987* هێزی هاوبەشی مەڵبەندی بادینان پەلاماری مقەر فەوجێکیان داو دەستیان بەسەردا گرت و زیانی دوژمن بریتی بوو لە (143 دیل ، 8 ئارپیجی و 15چەکی جۆراو جۆر و زیانی زۆری تر ).

1988* تیپی 21و87 هێرشێکی بەر بڵاوی دوژمنیان بۆ سەر سنووری شێخ بزەینی خوارووی تێکشکاند ، شەڕەکە 7 سەعاتی خایاند.

1992* پەرلەمانی کوردستان پارێزگاری کەرکوکی دانا .

1995* لەبەر ئەوەی پارتی ئامادە نەبوو داهاتی ئیبراهیم خەلیل بگەڕێتەوە خەزێنەی هەرێم خولی دووەمی وتووێژەکانی دبلن بەئاکام نەگەیشت.

1999* بەسەر پەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ مام جەلال کۆنفرانسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجام درا .

*(14)ی ئەیلوول*

1981* بۆردومـانی مەرکـەز ناحیـەی هـیران . لـە لایـەن کـەرتی 5 ی کۆمیتـەی سەرکردایەتی هەولێرەوە .

1984* لەئـەنجامی بۆسـەیەکی کـەرتی (1)ی ساڵەیی تیپی (21) پـتر لـە (20) جـاش کوژران.

1986* حەوت فڕۆکەی سۆخۆی دوژمن لە داستانی قـەیوان ماوەت پـەلاماری دۆڵـی جافـەتی‌یان داو یـەکێکیان پێکرا و لـە سـەر ئاسمـانی قەرەهـەنجیر کەوتـە خوارەوە .

1987* تیپەکانی 21و23و25 و93 لە چوار قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ناحیەی تەق تەق و دەستیان بەسەردا گرت .

1987* تۆپ خانەی شۆڕش تـۆپ بـارانی سـەربازگەی سوسـێی کـرد کـە بـووە هـۆی تێکشکاندنی 2 تانك و تۆپێك و شۆڤلێك .

1987* تیپی 87 چوونە ناو شاری موسڵ و پسپۆڕێکی ئیتاڵیان دەست گیر کرد .

1987* ڕژێمی عێراق کیمیا بارنی دۆڵی مێرگەپانی کرد .

1988* هێزەکـانی دوژمـن چـەند گونـد و بـاخ و مەزرایـەکیان لـە ناوچـەکانی دەشـتی زرارەتی وێران کرد .

1993* شەوی 15/14 تۆپخانەی ئـێران بـۆ مـاوەی (1) سـەعات بەخەسـتی بۆردومـانی گوندەکانی پێنجوێنی کرد.

1998* مام جەلال و وەفدە یاوەرەکەی لە لایەن خاتوو (مادلین ئۆلبرایت) ی وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا لـە نووسـینگەی ڕەسمـی خـۆی لـە وەزارەتـی دەرروە پێشوازیان لێکرا.

## *(15)ی ئەیلوول*

1977* بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) .

1984* شەهید کردنی ملازم سەید کەریم لەسەر ڕێگـای تاسـڵوجه سـلێمانی لـەکاتی گفتوگۆدا.لەم بارەیەوە مەکتەبی سیاسی لە 9/16 بەیاننامەیەکی دەرکرد .

1987* شکانی یەکجارەکی هێرشی هێزەکانی دوژمن بۆسەر هیران .

1988* ڕژێم ئاگادرای گوندەکانی (بێستان سوور ، زەڕایەنی کۆن ، قەرەگۆل ) ی کرد بۆ ڕاگواستن .

1991* دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە هەولێر کە 25 تەرمی تێدا بوو.

1993* بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ یەك خستنی (هـ.پ.ك).

1993* شەوی 16/15 دوژمن گوندەکانی تۆمارو گورگانی سەر بەناحیـەی شـوانی تـۆپ باران کرد.

## *(16)ی ئەیلوول*

1978* تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن لە دۆڵی باڵەییان.

1984* بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لـەبارەی شـەهید کردنـی مـلازم سـەید کەریمەوە.

1984* تیپی 57 ی سەگرمە چوونە سەر جادەی ئالآیی و پەلاماری تاقمێك جاشیان دا ، 6 جاش کوژراو ئۆتۆمبێلێکیش سوتێنرا .

1984* تیپی 37ی سلێمانی و کوژرانی 6 جاش و سوتاندنی سەیارەیەك .

1987* تیپی 11 هەورامان پەلاماری سریەی مغاویریان دا لە کازان.

1992* مام جەلال لە سەردانێکی بۆ ئوردون لەگەڵ مەلیك حوسەین کۆبۆوە .

1999* بە ئامادە بوونی مام جـەلال چوارەمـین کۆنگـرەی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیسلامی کوردستان بەسترا.

**(17)ی ئەیلوول**

1975* (10) هەڤاڵی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە بەغدا دەسگیرکران.

1978* دوژمن ئابڵۆقەی گوندی کاموسەکی داو پاش شەڕێکی دەستەو یەخە پێشمەرگەکان دەرباز بونو پێشمەرگەیەك بەناوی (حەوێز هیرانی) شەهید بوو.

1984* پێشمەرگەکانی تیپی 55ی قەرەداغ چوونە سەرجادەی سلێمانی عەربەت نزیك گوندی قەرەگۆل بۆسەیەکیان داناو پەلاماری گەلە جاشێکیان دا.

1985* هێرشی دوژمن بۆ سەرد گوندی کانی بەردینە و پاشان سووتاندنی .

1985* شەوی 17\18 پێشمەرگەکانی تیپی 47 ی پیرەمەگرون چوونە ناو شاری سلێمانی و لە تۆڵەی سووتاندنی کانی بەردینەدا 4 ئوتۆمبێلی سەربازیان سووتاند و 24 کەسیشیان لە پیاوانی ڕژێم بە سزای گەل و شۆڕش گەیاند .

1987* تیپی 21 ی کەرکوك لەسەر جادەی شیوە سوور 10 جاشیان بەدیل گرت .

1987* تیپی 21 ی کەرکوك لەسەر جادەی تەق تەق ڕێدار دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەی گەڵەبیان دا .

1989* شەوی 17\18 هێرشی گەورەی دوژمن بۆ سەر شاخی چەکوچ و سادر .

1998* مۆر کردنی ڕێکەوتننامەی مێژوویی واشنتۆن لە نێوان هەردوو وەفدی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە واشنتۆن .

**(18)ی ئەیلوول**

1978* مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری پەلاماری فەوجی کۆمتانی دا و چەند زیانێکیان پێ گەیاندن .

1991* دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە عەین کاوە تەرمی 5 هاووڵاتی مەسیحی تێدا بوو کە لە 8 ی ئابی 1988 دا گیرا بوون .

1991* وەفدی پەرلەمانی ئەوروپا سەردانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ی کرد .

1991* دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لەسەر ڕێگای هەولێر مەخمور ، تەرمی 25 هاووڵاتی قوربانی کیمیا بارانی بالیسانی تێدا بوو .

1993* ڕۆژنی 18و 19 تۆپخانەی ئێران گوندەکانی ناوچەی قەڵادزێو پێنجوێنی تۆپ باران کرد.

**(19)ی ئەیلوول**

*1978 مەفەرزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لەسەر چیای ساوێن کەوتە بۆسەی دوژمنەوە و پاش یەك سەعات شەڕ پێشمەرگەکان بێ زیان دەرباز بوون .

*1980 مـانگرتنی جـەماوەری کوردسـتان و بەشـداری نـەکردنیان لـە هەڵبژرادنـە ساختەکەی بەناو ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی .

*1986 هێزێکی مەڵبەندی یەك و لقی سۆشیالیست و هێزی پشتگیری هەڵمەتیان بـردە سەر مقەر فەوجی قادر کەرەم.

*1987 مەفەرزەیـەکی تیپـی 55 ی قـەرەداغ لەسـەر پـردی عـەزیز ئـاوای سـلێمانی بۆسەیەکیان نایەوە و 6 سەربازیان بەچەکەکانیانەوە بەدیل گرت .

*1988 پارتیزانـەکانی گـەرمیان هـەڵیان کوتایـە سـەر مۆڵگایـەکی دوژمـن لــە قۆپــی قەرەداغ .

*1990 حکومەتی فەرەنسا پێشوازی کرد لە وەفدی بەرەیکوردستانی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال .

*1992 بەبۆنـەی شـەهید بونـی (د. صـادقی شـەرەف کـەندی)، حکومــەتی هــەرێمی کوردستان لەسەرتاسەری هەرێمدا (3) رۆژ پرسەو ماتەمینی راگەیاند.

*1996 بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە زەڵێ پاش 31 ی ئاب .

*1998 مام جەلال لەگەڵ سەرۆکی فدراسیۆنی جیهانی ئاشـوری و کۆمـەڵێك ئاشـووری عێراق لە ئەمریکا کۆبۆوە .

**(20)ی ئەیلوول**

*1985 کەرتی 1و2ی تیپی 55 لە شەوی 20\21 کۆنترۆڵی 2 ڕەبیەی کەناری تانجـەرۆیان کرد.

*1987 مەفەرزەیەکی تیپی 83 ی هەورێ چووە ناو قەزای سدیق و خۆفرۆشـێکیان بـە سزای گەل گەیاند .

*1987 تیپی 51 ی گەرمیان بەهاوەن بۆردومانی مەعەسکەری دووزیان کرد .

*1990 کۆنگرەی یەکگرتنەوەی نووسەران لەبارەگای بەرەی کوردستانی .

*1993 کۆمەڵەی چەپە کوردستانییەکان کە بریتـی بـوون لـە دەسـتەیەك ئـەندامان و کادرانی حیزبی شیوعی عێراقی پەیوەندییان بە(ی.ن.ك) هوە کرد.

### ( 21)ی ئەیلوول

1984* هێرشی 6 کۆپتەر بۆ سەر 3 پێشمەرگە لە کەماڵانی خواروو بووە هۆی شەهید بوونی پێشمەرگەیەك بەناوی (پێشڕەو حەسەن) ناسراو بە گرژە .

1987* هێزی هاوبەشی کۆمیتەی زاخۆ کۆنترۆڵی مقەر فەوجی شەرانش و 14 ڕەبیەیان کرد .

1996* کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە زەڵێ بە ئامادەبوونی فەرماندە سەربازییەکان بۆ داڕشتنی نەخشەی گەردەلوولی تۆڵە .

1997* مام جەلال لەبارەگای خۆی لەسلێمانی پێشوازی کرد لەهەردوو فەرماندەی نوێو پێشوی هێزی چاودێری ئلشتی (PMF).

### ( 22)ی ئەیلوول

1975* خالە شیهاب و هاوڕێیانی تری کۆمەڵە لەلایەن ڕژێمی شاهنشاهییەوە لە ئێران دەستگیر کران .

1978* تێکشکاندنی هێزێکی دوژمن لەلایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی سێوە کە بەمەبەستی سووتاندنی ڕەز و باخەکانی مەروێ و ئالان هاتبوون .

1987 مینێکی تیپی 59 لە ژێر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە جادەی سەنگاو چەمچەماڵ تەقیەوە و بووە هۆی کوژرانی 11 سەرباز .

1987* تیپی 57و59 هێرشێکی دوژمنیان لەسەر ڕێگای سەنگاو چەمچەماڵ تێکشکاند کە بەرەو گوندی زنانە هاتبوون لە ئەنجامدا 70 سەرباز کوژران .

### ( 23)ی ئەیلوول

1995* ڕۆژانی 23و24 دوژمن بۆردومانی کێڵگە نەوتییەکانی دەور و بەری تەق تەقی کرد .

1997* سەد تانك و زرێپۆشی تورکیا لە ڕێگای زاخۆوە هاتنە ناو خاکی کوردستانی عێراق .

## (24)ی ئەیلوول

1984* شەڕی (گەزنە) لای هەولێر لە ماوەی گفتوگۆدا .

1985* شەوی 24\25 پێشمەرگەكانی 57 ی سەگرمە دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەی (قۆچەری) لەسەر جادەی لەیلان قادر كەرەم .

1987* 24—29 كۆبوونەوەی نوێنەرانی پاتی گەل و (ی.ن.ك) لە یاخسەمەر .

1987* شەوی 24\25 مەفرەزەیەكی تیپی 19 ی كۆڕەك چووە ناو ئۆردوگای هەریر و چەند تاونبارێكیان بەدیل گرت .

1988* تەقینەوەی مینێكی تیپی 21 لە ژێر ئوتۆمبێلێكی پڕ لە جاش لە نێوان توركمان باخ و ئۆمەرمەندان .

1988* شەوی 24\25 بۆسەی تیپی 91 ی سەفین لەسەر جادەی سەروچاوە چوارقوڕنە و كوژرانی 4 جاش .

1992* وەفدێكی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بۆ كاروباری لێقەوماوان و مرۆڤایەتی هاتە كوردستان .

1994* چەند گۆڕێكی بەكۆمەڵ لە دەور و بەری شاری سلێمانی دۆزرانەوە .

1999* هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە واشنتۆن ، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە پێشوازییەكی گەرمی لێ كرا .

## (25)ی ئەیلوول

1976* دەرچوونی بەیاننامەی (ئەركەكانمان لەم پلەیەی خەباتدا) لەلایەن كۆمیتەی هەرێمەكانی كۆمەڵەوە نووسینی شەهید ئارام .

1982* بۆسەی تیپی 55 ی قەرەداغ لەسەر جادەی سلێمانی دەربەندیخان لەئاست گوندی چنارە.

1989* ڕژێم 4 هاووڵاتی لە شاری هەولێر گوللە باران كرد .

**(26)ی ئەیلوول**

1978* شکاندنی پلامارێکی دوژمن بۆ سەر شاخی کەوتاوی لای دوکان لەلایەن هەرێمی چوارەوە ، شەڕی 4 سەعاتە و کوژرانی 2 سەرباز .

1991* دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لەسەر ڕێگای هەولێر مەخمور تەرمی 4 کەسی تێدا بوو کە لە 1989/9/25 گوللە باران کرا بوون .

1999* تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان یەکەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی ساز کرد.

**(27)ی ئەیلوول**

1986* لە 27–29 قارەمانەکانی تیپی 31و23و چەندین هێرشی دوژمنیان بۆ سەر کەلکی قەیوان تێکشکاند .

1987* شەوی 27\28 مەفرەزەیەکی تیپی 47 لەسەرچنار 3 خۆفرۆشیان بەدیل گرت.

1987* تیپی 93 و بۆسەیەك لەسەر جادەی کۆیە خەلەکان و کوژرانی 8 جاش .

1987* تیپی 59 و بۆسەی جادەی قادر کەرەم.

1992* کۆبوونەوەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە شەقلاوە کۆتایی پێ هات .

1993* شەوی 27/28 ئێران تۆپ بارانی گوندەکانی شیوە رەزو سونێو شێنێو دەوروبەری کرد.

## (28)ی ئەیلوول

1984* مەفرەزەیەکی تیپی 63 ی جوتیاران لەسەر قەیاغی دەربەند ڕوبەڕوی گەلە جاشێك بوونەوەو پاش شەڕێکی قارەمانانە زیانێکی زۆریان لێدان و سەیارەیەکیان بە سەرنشینەکانەوە سووتان و لە ئەنجامدا 2 پێشمەرگە شەهید بوو بەناوی (مەلا خدر باوزێی و بەختیار قەمچوغەیی) .

1987* تیپەکانی 51 و 53 و 57 و 59 و تیپی مەڵبەند و داستانی پڕ سەروەری گرتنی زنجیرە شاخی دارە ڕەشیان تۆمار کرد ، لەم داستانەدا وژمن زۆری لێ کوژرا و دەستکەوتێکی زۆریش هەبوو ، ئەم داستانە بە خوێنی 17 شەهید تۆمار کرا .

1988* ڕۆژانی 28 و29 و30 دوژمن 7 گوندی لە پشدەر تەخت کرد .

1991* دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە مەعەسکەر سارداوی سلێمانی، تەرمی 9 هاوولاتی تێدا بوو کە ڕۆژی 1985/10/17 گولله باران کرابوون .

1994* بەسەرپەرشتی مام جەلال بارەگاکانی پارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەسلێمانیو دەربەندیخان کرانەوە.

1995* هێزێکی سەربازی دوژمن پەلاماری گوندەکانی چەمی خاسەی چەمچەماڵی داو (هـ.پ.ك)و دانیشتوانی ناوچەکە راویان نانو (4) سەربازیشیان لێ کوژرا.

1999* مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد دەربارەی لێکۆڵینەوە لەو بۆمبە کیمیاویەی کە لەهەڵبجەی شەهید دۆزرایەوە.

## (29)ی ئەیلوول

1982* کەرتی 2 ی تیپی 51 و بۆسەی جادەی جەلەولا کولەجۆ لە سەعات 3 ی پاشنیوەڕۆ ، سووتاندنی ئیڤایەك.

1983* شەوی 29\30 تیپی 57 ی سەگرمە لە نێوان ڕانیە و چوار قوڕنە دەستیان بەسەر ڕەبیەیەکدا گرت (11 دیل کە سەر بەوەحدەی 5003 بوون هەروەها گرتنی چەند پارچە چەکێك).

1992* پەرلەمانی کوردستان یاسای یەکخستنی (هـ.پ.ك) ی پەسەند کرد .

1998* 22 حیزب و لایەنی سیاسی لە سلێمانی ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە پشتگیری خۆیان لە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن دەربڕی .

**( 30)ی ئەیلوول**

1987* ڕاگەیاندنی هاوبەشی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و (ی.ن.ك) .

1991* دیداری وەفدی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئیدوارد گورگیان یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن .

1994* سووپای تورکیا سنووری هەرێمی بەزاند و لە ناوچەی (نیروە و ڕێکانی) دەستی بەسەر 15 گوندی ناوچەکەدا گرت .

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی ئەیلوول دا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

– 1983 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری دەنگی شۆڕشی عێراق (ڕادیۆ)

– 1985 تیپی 53 و 51 و تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن لەمیلان و کوژرانی زیاتر لە 150 کەس .

– 1985 سێیەمین کۆنگرەی (ی.م.ک) لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا بەسترا .

– 1985ڕاگەیاندنی قسە کەرێکی ڕەسمی (ی.ن.ک) بۆ بەدرۆ خستنەوەی هەواڵی 16/9/ 1985ی ڕادیۆی BBC لەمەڕ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی (ی.ن.ک) و عێراق .

– 1987 لە سێدارە دانی 3 هاووڵاتی خەڵکی بەکرەجۆ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە.

– 1987 بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی دەربارەی داستانە مەزنەکەی دێگەڵە و هیران.

# تشرینی یەکەم

## (1)ی تشرینی یەکەم

*1981 دامەزراندنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەلایەن کۆمەڵێ پێشمەرگەوە.

*1986 پیرۆزبایی یەکێتی نووسەرانی کوردستان بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی (هـ.پ.ك) لە قەیوان ماوەت .

*1988 دوژمن گوندەکانی (سکتان ، کانی توو، سەردۆڵ، کودە) کاولکرد.

*1988 پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان (ڕەمزی قطب الدین ، عوسمان قادر ، ئەردەڵان حسین ، ڕێبوار سعید) لەمەیدانی ئازادی تاران .

*1996 هێزێکی پارتیزان لە نێوان میراوێ و کوڕەداوێ بۆسەیەکیان بۆ پارتی نایەوە لە ئەنجامدا 3 ی چەکدار کوژرا (یەکەمین شەڕی پاش 31 ی ئاب).

*1999 بۆ لێکۆڵینەوە لە بۆمبێکی کیمیایی کە لەهەڵەبجە دۆزرایەوە ، ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ، نامەیەکی (ی.ن.ك) ی تاووتوێ کرد .

## (2)ی تشرینی یەکەم

*1982 کەرتی 2و4 ی تیپی 57 پەلاماری دوژمنیان دا لە ڕەبیەی قەلەقەتە.

*1982 کەرتی تیپی 57 لە شەوی 2\3 چوونە ناو بەکرە جۆ و گوللە بارانی عەینەی بەکرەجۆیان کرد و چەند تاوانبارێکیشیان بەدیل گرت .

*1982 کەرتی 2 ی تیپی 21 سەعات 6 ی ئێوارە لەسەر ڕێگای تاسلۆجە تەقەیان لە کاروانێکی سەربازی کرد.

*1986 شەوی 2\3 مەفرەزەیەکی تیپی 57 ڕەبیەیەکی سەر جادەی سلێمانی کەرکوك لە نزیك بازیان گرت (5 دیل) .

*1987 پێشمەرگەکانی تیپی 51 ی گەرمیان لەسەر جادەی قادر کەرەم دووز 2 پسپۆڕی ئیتاڵیان گرت .

*1993 سەعات 10ی سەرلەبەیتانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی ناوچەی سەناتو گوندی ئاڤاگوێزیان کردو هەروەها سوپای تورکیا لەهەردوو قۆڵی دەشتاتەختو بلەوە سنوری هەرێمی بڕیو بەرو ناوچەی سەنات هاتە ناوەوە.

*1995 لەهەڵوێستێکی مرۆڤانەدا (ی.ن.ك) (21) سەربازی عێراقی کە لەشەڕەکانی بەهاری 1994دا گیرابون ئازاد کرد.

## (3)ی تشرینی یەکەم

*1994 لەنمایشێکی ڕەسمیدا (270) پۆلیسی کوردستان خولی یاسایان تەواو کرد.

*1995 هێزەکانی دوژمن بەتانو کۆپتەر هێرشیان کردە سەر (4) گوندی ناوچەی جەباری (سەوزکە، جافان، تەکیە، کولەبانی) لەئەنجامدا زیانێکی زۆری مالّی بەهاوڵاتیان گەیشت.

## (4)ی تشرینی یەکەم

*1977 بەیاننامەی (م.س) دەربارەی لە سێدارە دان و زیندانی کردنی تێکۆشەرانی گەلەکەمان .

*1982 شەوی 5\4 کەرتی تیپ و کەرتی 2 ی تیپی 86 ئاگر بارانی مالّە جەیشی شەعبیەکانی گوندی عازەبانیان کرد و سەرەك جاشێکیشیان کوشت.

*1991 لە 4—8 داستانی قارەمانانەی (هـ.پ.ك) لە ناوچەی کفری ، کەلار ، سەرقەڵا و بەدیل گرتنی سەدان سەرباز و 200 ئەفسەر .

*1992 دەرچوونی بڕیاری فیدرالّەیەت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە .

*1993 بانگەوازی هەڤالّ مام جەلال بۆ کۆمەڵانی خەلّکی کوردستان کەپێشوازی لەتەرمی بارزانی ئیدریس بارزانی بکەن لەکاتی هێنانەوەی بۆ شاری سلێمانی.

*1998 دەرچوونی خولی دووەمی فەرماندەیی لە کولیەی عەسکەری قەڵاچوالان .

## (5)ی تشرینی یەکەم

*1982 شەڕی کانی ساردی دەربەندیخان لەلایەن کەرتی 3 ی تیپی 55 و گرتنی یەکەم بیکەیسی لە شۆڕشدا .

*1982 کەرتی 3 ی تیپی 21 سەعات 4 ی پاشنیوەڕۆ پەلامارێکی دوژمنیان بۆ سەر گوندی سێکانیان تێکشکاند .

*1982 شەوی 5\6 کەرتی تیپ و کەرتی 1و3و6 ی تیپی 33 سلێمانی بۆماوەی 4 سەعات لەناو شاری سلێمانی مانەوە و 2 تاوانباریان بەدیل گرت.

*1985 تیپی 86 و گرتنی 2 سۆڤیەتی لەسەر جادەی مەخمور گەیارە لەم بارەیەوە قسەکەرێکی ڕەسمی بەناوی (ی.ن.ك) ەوە ڕاگەیاندنێکی دەرکرد.

### (6)ی تشرینی یەکەم

*1976 شەڕی گوندی (قاینجە)ی شارەزوور فاتیح شێخ حەیدەر بەریندار خۆی شەهید کرد ، یەکەمین شەهیدی (ی.ن.ك) لە شۆڕشی نوێدا.

*1978 لێدوانێکی رۆژنامەگەری (ی.ن.ك) بۆ بەدرۆخستنەوەی بەیاننامەی حکومەتی عێراق لەمەڕ ناردنی هێزی سەربازی بۆ الجبهه الشماليه.

*1979 وەفدێکی (ی.ن.ك) لە گوندی نیشکۆڵان وەکو ناوبژی کەر بەشداری گفتوگۆکانی وەفدی حکومەتی ئێران و حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی کرد .

*1997 ڕۆژانی 6و7 خولێکی دیکەی دانوستان لە نێوان پارتی و یەکێتی ، ئەم خولەش بەسەر نەکەتوویی کۆتایی پێ هات .

*1999 وەفدێکی (ی.ن.ك) بەشداری لە کۆنگرەی 12ی (پ.د.ك) دا کرد لە هەولێر.

### (7)ی تشرینی یەکەم

*1978 شەوی 7\8 شەهید بوونی مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ئەندامی لقی یەکی (ی.ن.ك) و کادری پێشکەوتوی بزوتنەوەی سۆشیالیست و جێگری هەرێمی 3 ی شارباژێڕ.

*1991 ڕاپەڕینی سێیەمی سلێمانی .

## ( 8)ی تشرینی یەکەم

*1982 گەلە جاشێك پەلاماری پێشمەرگەیان دا لەگوندی کەڵکانی قەڵادزێ لەئەنجامدا 3 پێشمەرگە شەهید بوو .

*1987 تیپی 21 ی کەرکوك لەسەعات 6:30 بەیانییەوە لە دووری 25کم لە کەرکوکەوە بۆسەیەکیان نایەوە.

## ( 9)ی تشرینی یەکەم

*1981 دوژمن بەبڕیارێکی چەپەڵانە زانکۆی سلێمانی گواستەوە.

*1985 کەرتی 2ی تیپی 55 و گرتنی سەیتەرەو ڕەبیەی قەرەگۆل.

*1994 20 فڕۆکەی تورکی 2 جار هێرشیان کردە سەر ناوچەی بۆتێ سەر بەقەزای ڕانیە .

*1996 دەست پێکردنی هەڵمەتەکانی گەردەلولی تۆڵە و ئازاد کردنی ناوچەی مەرگە .

*1999 مام جەلال بارەگای نوێی مەکتەبی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)ی لە تاران کردەوە.

## ( 10)ی تشرینی یەکەم

*1975 شەوی 11\10 سەعات 11:07 مەفەرزەیەکی (ی.ن.ك) هێرشی کردە سەر دائیرەی ئەمنی چۆمان، یەکەم شەڕی ئەو ناوچەیە .

*1983 شەوی 11\10 کەرتی 3 ی هەمەوەند ی تیپی 57 و گرتنی مەرکەز شورتەی سەنگا و شەهید بوونی شوانەی ڕێوف نووری فەرماندەی کەرتی 2 ی بازیان .

*1985 دوژمن گەڕەکی گردە شینی قەزای کۆیەی تەخت کرد .

*1986 شەوی 11\10 (ه.پ.ك) بەتۆپ و ڕاجیمە بیرە نەوتەکانی باوە گورگوڕی بۆردومان کرد.

*1986 ڕۆژانی 10—12 نوێنەرانی ڕێکخراوی ئەورووپای (ی.ن.ك) و پاسۆك و حسك لە ئەورووپا کۆبوونەوە بۆ بە عەمەلی کردنی ڕێککەوتننامەی وولات .

*1988 دوژمن شوێنەواری شارۆچکەی خەلەکانی بە شۆفڵ تەخت کرد .

*1989 بروسکەی پێشمەرگەکانی بەرەی سادر و چەکوچ لەوەڵامی بروسکەی پیرۆزبایی مام جەلالدا.

**(11)ی تشرینی یەکەم**

1986* بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەربارەی بۆردومان کردنی دامودەزگاکانی پترۆڵو بارەگای دەزگا ئەمنیو عەسکەرییەکانی رژێم لەکەرکوك.

1986* بروسکەی پیرۆزبایی هەڤاڵ مام جەلال بۆ هەڤالانی مەڵبەندی 1و2و4 لەبارەی چالاکی قارەمانانەی کەرکوك .

1987* تیپەکانی 86و87 لەناو شاری هەولێر چەند چالاکییەکی گەورەیان ئەنجامدا.

1988* 4 فڕۆکە سۆخۆی دوژمن گوندەکانی (شێخ بزێنی، حاویە تورکی ، قەرەسالم)یان کیمیا باران کرد .

1995* راگایەنادنی رێککەوتننامەی (ی.ن.ك، پ.د.ك) لەتاران بەچاودێری کۆماری ئیسلامی ئێران.

**(12)ی تشرینی یەکەم**

1980* شەهید بوونی پێشمەرگەی مەفرەزەی سەرەتایی و فەرماندەی کەرتی هەرێمی 3 تاهیری حاجی عەزیز .

1986* دەرچوونی ڕاگەیاندنی دەزگای پێشمەرگایەتی (ی.ن.ك) لەمەڕ هێرش کردنە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك .

1993* لەدیدارێکی (3) سەعاتیدا مام جەلالو مەسعود بەرزانی لەشەقلاوە لەگەڵ باریاراشیلو گەورە ئەفسەرانی MCC کۆبونەوە.

1993* رۆژانی 12–14 لەشاری (ئاخن)ی ئەڵمانیادا پارتی سەوزی ئەڵمانیا کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بەستو وەفدی (ی.ن.ك)یش لەو کۆنگرەیەدا میوانداری کرا.

1995* هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەر گوندی (قەرەوەیس)ی ناوچەی گەرمیانو پێشمەرگەکانی تیپی (216) لێیان هاتنە دەستو شەڕ لەسەعات 10ی بەیانی تا دەمەو ئێوارە درێژەی هەبوو.

1997* مانۆڕی سەربازی گەورەی (هـ.پ.ك) لە بتوێن .

1997* شەوی 12\13 قۆناغی دووەمی گەردەلولی تۆڵە و ڕزگار کردنی چەندین شوێنی ستراتیژی .

## (13)ی تشرینی یەکەم

*1977 شەهید کردنی مولازم حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی لە گوندی باویان بە دەستی قیادە موەقەتە .

*1982 یەکەمین کۆبوونەوەی وەفدی (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراقی لە گۆڕە شێر بە ئامادە بوونی د. عەبدول ڕەحمان قاسملۆ .

*1983 لە 13—23 داستانی قارەمانانەی بێتواتە و شەهید بوونی 10 پێشمەرگە .

*1987 بۆسەی تیپی 87 لەسەر جادەی تەق تەق شوان.

*1987 بۆسەی تیپی 57 لەسەر جادەی سەنگاو چەمچەماڵ و سووتاندنی ئیڤایەك.

*1988 بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بڕیارێکی دەرکرد کە هیچ قوتابخانەیەك هەڵبجەیی وەرنەگرێت .

*1996 ڕزگار کردنی شاری سلێمانی لە گەردەلوولی تۆڵەدا .

*1997 پاش سەردانێکی ڕەسمی بۆ ئێران و بەریتانیا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە کوردستان .

*1997 فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی سەنگەرەکانی (ه.پ.ك) یان کرد لە گردە زۆز و لەوە بەدواوە تا 11/11 ڕۆژانە بۆردومانی سەنگەرەکانی یەکێتی‌یان ئەکرد .

*1999 دوای سەرۆکایەتی کردنی وەفدی ئۆپۆزسیۆن لە کۆبوونەوەکانی ئەمریکادا مام جەلال گەڕایەوە هەرێمی کوردستان .

## (14)ی تشرینی یەکەم

*1983 دەست پێکردنی هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر بالیسان لە شەڕی بێتواتەدا .

*1987 تیپی مەڵبەندی 2 و گرتنی ڕەبیەی قەشقۆڵی .

*1988 چەکدارەکانی دوژمن تەقەیان لە ڕاگوێزراوەکانی شەبەك کرد لە ئۆردوگای دینا و هاوولاتی‌یەکیان شەهید کرد .

*1988 4 فڕۆکەی سۆخۆی چەمی ڕێزانیان کیمیا باران کرد و لە ئەنجامدا 47 ژن و منداڵ شەهید بوون .

*1996 ڕزگار کردنی کۆیە و تەواو بوونی گەردەلولی تۆڵە .

*1997 فڕۆکەکانی تورکیا بۆمبارانی (دۆڵی بالیسانو باڵەکایەتی)یان کرد کە لەئەنجامدا (8) هاوولاتی ژنو منداڵ شەهید بوونو (5) پێشمەرگەش شەهید بوون کەیەکێکیان فەرماندە (شێخ حسێنە سور) بوو.

*1997 سەبارت بەهێرشی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) یاداشتنانمەیەکی ئاراستەی کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەب کرد.

*1997 سەعات 5.30 ئێوارە هێزێکی میحوەری هیران–شەقڵاوە هێرشیان کردە سەر زنجیرە شاخی سەفینو کۆنترۆڵیان کرد.

## (15)ی تشرینی یەکەم

*1986 بەشداری (ی.ن.ك) لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی لە کۆبنهاگن دانیمارك .

*1987 تیپی مەڵبەندی 2 و بۆسەی جادەی سلێمانی دوکان و گرتنی 7 چەکدار .

*1991 15–17 کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە شەقڵاوە .

*1993 وەرگرتنی خوێنکارانی خوولی دووەمی کولیەی عەسکەری (خولی شەهید مولازم سەید کەریم ).

*1994 سەعات 1ی نیوەڕۆ لەئاهەنگێکی شایستەدا بەڕێزان مام جەلالو کاك نەوشیروان مەدالیای پێزانینو ریزلێنانیان بەپێشمەرگە پارتیزانەکان بەخشی کەژمارەی پارتیزانەکان (399) پارتیزان بوون.

*1997 لە درێژەی هەڵمەتەکانی گەردەلولی تۆڵە تەواوی ناوچەی باڵەکایەتی و حاجی ئۆمەران و گەلاڵە و چۆمان و قەسرێ ڕزگار کران .

## (16)ی تشرینی یەکەم

1983* بروسکەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ کاک ئازاد فەرماندەی تیپی 57 ی سەگرمە لەمەڕ گرتنی ناحیەی سەنگاو .

1987* ڕژێم 300 هاووڵاتی لە شەقلاوە دەستگیر کرد و ڕۆژی 11/14 25 کەسیان گوللە باران کرد 0

1993* ڕێو ڕەسمی پێشوازی کردن لەخولی دوەمی خوێنکارانی کۆلیژی سەربازی.

1994* پەرلەمان پرۆژەی بڕیاری زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی پەسەند کرد.

## (17)ی تشرینی یەکەم

1985* (منع التجول) لەسلێمانیو شالاوی گرتنی هاووڵاتیانو گولله باران کردنی (20) هاووڵاتی لەناو حامیەی شاری سلێمانی.

1988* دوژمن 12 هاووڵاتی لە دۆڵی ئاکۆییان دەستگیر کرد و پاشان بەبیانوی ئەوەی کە پێشمەرگەن لە معەسکەری ڕانیە گولله بارانی کردن.

1988* 6 سەربازی کورد لە سەربازگەی فەیدێ بەبەرچاوی سەربازەکانەوە گولله باران کران.

1991* شەوی 17\18 ئەمنەکانی ڕژێم بە هاوەن بۆردومانی کەرەکەکانی هەولێریان کرد .

1991* سیخوڕەکانی ڕژێم پەلاماریماڵی هاووڵاتی شەهید جەمشید کاکەییان دا لە خانەقین و 2 کەسیان لێ شەهید کردن .

1992* لەڕۆژانی 17و 18 دا یەکەم دیداری فیکری (عەرەبی کوردی) هاوبەش بە بەشدار بەنی زیاتر لە (50) کەسایەتی کوردو عەرەب لەمەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ساز کرا.

1993* حکومەتی هەرێمی کوردستان (300) هەزار دۆلارو (4) ملیۆن دیناری تەرخان کرد بۆ چاپکردنی کتێبی خوێنکاران.

1997* یەك لایەنە (ی.ن.ك) لە قۆناغی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا ئاگر بڕی ڕاگەیاند .

## (18)ی تشرینی یەکەم

*1982 شەوی 18\19 تیپی 93 ی کۆسرەتو گرتنی ڕەبیەی ژمارە 10 فەوجی 118ی کانی مازوو.

*1985 شەوی 18\19 تیپی 47 پیرەمەگرون ڕەبیەی ناو گردنی گوندی کەڵەکنی گرت

*1985 ڕژێم 9 هاووڵاتی شاری سلێمانی لە فولکەی نالی گوللە باران کرد .

*1986 شەوی 18\19 هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی (25 و 21) 4 ڕەبیەی خەتی دیفاعی بیرە نەوتیەکانی کەرکوکیان گرت .

*1988 دەستگای پێشمەرگایەتی 29 دیلی ئازاد کرد کە لەشەڕەکانی ناوچەی هەولێر دەست گیر کرا بوون .

*1994 سەرۆکی حکومەت بەئامادەبونی جەماوەرێکی زۆرو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پردی قەسرۆکی ناوچەی بادینانی کردەوە.

*1997 بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندانیان ساز کرد.

## (19)ی تشرینی یەکەم

*1976 شەهید کردنی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانی لەلایەن قیادە مۆقەتەوە .

*1980 هێرشی حکومەت بۆسەر شاخی مامەندە و تێکشکاندنی هێرشەکەی بەسەرکردایەتی مولازم عومەر و 3 پێشمەرگەش شەهید بوون .

*1983 شەوی 19\20 دەست پێکردنی هێرشی بەرپەرچ دانەوەی جاشەکان لە داستانی بێتواتە دا 0

*1985 بۆسەی تیپی 57 لەسەر جادەی سلێمانی کەرکوك و گرتنی چەند تاوانبارێك

*1987 دوژمن لە چوار لاوە هێرشی کردە سەر شارۆچکەی قەرەداغ و دەیان سەرباز و جاشی لێ کوژرا.

*1987 تیپی 85 بەڕانەتی و بۆسەیجادەی هەولێر سەلاحەدین.

*1988 ڕژێم بە ڕەسمی بەردی بناغەی شاری هەڵەبجەی تازەی دانا.

*1998 مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە سویسرا .

*1993 مام جەلال لەهەولێر چاوی بەخاتوو (هانیە المفتی) لێپرسراوی بەشی عێراق لەڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵتی کەوت.

## (20)ی تشرینی یەکەم

*1983 سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەشەڕەکانی بێتواتە.

*1987 شەوی 20\21 تیپی 85 بەڕانەتی 3 ڕەبیەی پێچەکانی سەلاحەدینی گرت .

*1987 تیپی 57و55 و گرتنی هەردوو ڕەبیەی میکائیل پاشا.

*1987 بۆسەی تیپی 78 لەسەر جادەی مەخمور گەیارە.

*1987 تیپی 17 ی زمناکۆ و شەڕی گوندی چەرمەگا و کوژرانی 10 سەرباز .

*1988 ڕۆژانی (20—24) 2 هاوولاتی لە بەردەرگای ماڵەکانیاندا لە داقوق گوللە باران کران .

*1992 وەفدی پەرلەمانی کوردستانی عێراق گەیشتە هانۆڤەری پایتەختی ئەڵمانیا.

*1993 دامەزراندنی ئیزگەی مەڵبەندی (6)ی سۆران.

*1999 بەسەرپەرشتی مام جەلال ، یەکێتی ژنانی کوردستان ، یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری سلێمانی دەست پێ کرد .

## (21)ی تشرینی یەکەم

*1993 لە هەولێر مام جەلال پێشوازی لە سەرۆکی K.N.C کرد .

## (22)ی تشرینی یەکەم

*1982 کەرتەکانی 2و3ی تیپی 21 و گرتنی ڕەبیەی حیمایەی فەوجی ئاغجەلەر و بەدیل گرتنی 7 کەس و گرتنی 1 دۆشکا (یەکەمین دۆشکا لە شۆڕش دا) .

*1986 تێکشکاندنی هێرشێکی 8 قۆڵی دوژمن بۆسەر سنووری تیپی 86 لەلایەن تیپەکانی مەڵبەندی چوارەوە و شەهید بوونی 5 پێشمەرگە و هاوولاتییەك 0.

*1993 وەفدی (ی.ن.ك) بەشداری کرد لەکۆنگرەی حزبی سۆشیالیستی فەرەنسا.

### (23)ی تشرینی یەکەم

1985* تیپی 51 سەعات 2 ی نیوەڕۆ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قادر کەرەم کەرکوك نایەوە.

1985* تیپی 51 ی گەرمیان و گرتنی ڕەبیەی گوندی عەلی مستەفا و کوژرانی جاشێك ، شەهید بوونی پێشمەرگەیەك بەناوی (سیروان کەریم ساڵح).

1987* شەوی 23\24 چەند خۆفرۆشێك لەناو هەولێر تەقەیان لە مەلا محەمەدی نێرەگێنی کرد و شەهیدیان کرد .

1991* رژێمی عێراق لەژێر گوشاری خەڵكو پێشمەرگەدا هەموو دامو دەزگاکانی خۆی لەشارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهوكو شارۆچکەکانی تر گواستەوە بۆ کەرکوكو موسڵو بەغدا.

1994* مام جەلال پرۆژەی هێڵی کارەبای دەربەندیخان سلێمانی کردەوە .

### (24)ی تشرینی یەکەم

1986* تیپی 87 و تێکشکاندنی هێرشێکی 3 قۆڵی دوژمن بۆسەر سنووری 87 و قەرەچووغ و کوژرانی 70 سەرباز .

1987* تیپی 87 و بۆسەی جادەی کەرکوك هەولێر و بەدیل گرتنی 11 سەرباز لەناویاندا 3 سەربازی میسری و سودانی هەبوون .

1989* ووتاری خاتوو دانیال میتران لەبەرامبەر کۆنگرێسی ئەمریکی لەبارەی مافی مرۆڤی کوردوە.

1992* دەرچوونی ژمارە (سفر) ی هەفتەنامەی (الاتحاد) لەهەولێر.

1993* لە هەولێر مام جەلال لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە کەمال بۆرقای کرد

## (25)ی تشرینی یەکەم

*1985 (ھ.پ.ك) لەشەڕی سوسێدا دوژمنی شکاندو لەئەنجامادا پێشمەرگەیەك بەناوی (مام مستەفا) شەھید بوو.

*1985 دوژمن گوندی باخانی قەرەداغی سووتاند و پێشمەرگەش بەرەنگاری بوونەوە.

*1987 دوژمن 5 ھاووڵاتی لە سلێمانی بەبەرچاوی خەڵکەوە گوللە باران کرد (کەمال مەحمود فەرەج ، تاریق قادر محەمەد ، بەرھەم عومەر سەعید ، جەلال عەبدوڵا ، عەلی ڕەحیم).

*1988 ھاووڵاتی ئەحمەد حەمە خان بەبەرچاوی خەڵکەوە لە سلێمانی گوللە باران کرا

*1988 تیپی 78 ی کاروخ و بۆسەی گوندی وەرتێ و کوژرانی 4 سەرباز .

*1993 رێککەوتن نامەی (ی.ن.ك)و بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان لەڕێگەی سیاسی‌یەوە.

*1999 مام جەلال سەرۆکی ھەرێمی کوردستان بڕیاردا بەدامەزراندنی دادگای تەمیزی ھەرێمی کوردستان.

## (26)ی تشرینی یەکەم

*1985 تیپی 23 ی سورداش و بۆسەی سەر پردی تابین لەسەعات 7:30 بەیانی.

*1985 بۆسەی تیپی 51 لەسەر جادەی دووز کفری.

*1985 بۆسەی (ھ.پ.ك) لەتابین بۆ دوژمن نرایەوەو لەئەنجامدا (11) جیش شعبی کوژراو دەستکەوتێکی زۆر ھەبوو

*1988 2 مەشجەب لە نێوان گوندی واژە و قشڵاغ تەقینەوە و بوونە ھۆی کوژرانی دەیان سەرباز .

## (27)ی تشرینی یەکەم

*1985 شەوی 27\28 پێشمەرگەیەکی تیپی 21 ی کەرکوك تاوانبار (قالە فەرەج) ی بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند .

*1985 تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن بۆ سەر گوندی گولیجە، پاش دە سەعات شەڕ پێشمەرگەکانی تیپی 23 و مەڵبەندی 2 و ھێزی پشتگیر دوژمنیان ڕاونا. پێشمەرگەیەکیش بەناوی (عوسمان عەلی ڕەشید) شەھید بوو.

*1987 بۆسەی تیپی 91 لەسەر جادەی شەقلاوە   بانەکوك.

*1987 بۆسەی تیپی 87 لەسەر جادەی تەق تەق   شوان و گرتنی 2 جەیشی شەعبی.

*1987 بۆسەی تیپی 93 ی کۆیە لەسەر جادەی ڕێدار   کەرکوك و بەدیل گرتنی 8 چەکدار.

*1987 تەقینەوەی مینێکی تیپی 59 لەجادەی سەنگا و چەمچەمال.

*1991 دۆزینەوەی کۆڕێکی بەکۆمەڵ لەسەر ڕێگای موسڵ   دهۆك کە تەرمی 70 کەسی تێدا بوو .

***(28)ی تشرینی یەکەم***

*1982 شەوی 28\29 تیپی 12 ی سۆران پەلاماری جاشەکانیان بۆسەر گوندی فەقێیان تێکشکاند (11 کوژراو ، 9 دیل).

*1985 دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە گوندی گولیجەی بە شۆڤڵ تەخت کرد .

***(29)ی تشرینی یەکەم***

*1985 شەوی 29\30 هێزێکی هاوبەشی تیپی 86 و 87 لە سەعات 8:45 دەقیقەی شەو گوندی شەمشولەیان لەجاش و سیخوڕ پاك کردەوە .

*1999 ڕۆژانی 29/10—1/11 کۆنگرەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەبەشداری (300) نوێنەری گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە نیویۆرك بەسترا ، وەفدێکی گەورەی (ی.ن.ك) بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال تێیدا بەشدار بوو ، لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا INC فیدراڵی بۆ کودستان سەلماند.

***(30)ی تشرینی یەکەم***

*1992 دەرچوونی ژمارە یەکی هەفتەنامەی (الاتحاد) .

***(31)ی تشرینی یەکەم***

*1988 هێرشی بەر بڵاوی دوژمن بۆ سەر پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر .

ئەو ڕوداوانەی کە لەمانگی تشرینی یەکەم دا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

- 1978 بانگەوازی (ی.ن.ك) بۆ ئازادیخوازانی دونیا بۆ ئازاد بونی هەڤالآن عەلی عەسکەری‌و هەڤاڵەکانی.
- 1982 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری خەباتی مامۆستا .
- 1983 پێشانگای شێوەکاری هونەرمەند (ڕەمزی قطب الدین) لە سەرگەڵو .
- 1984 بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەربارەی ڕێککەوتنەکە تورکیاو عێراق.
- 1984 بەیاننامەی (ی.ن.ك) لەبارەی ڕاگەیاندنەکـەی مەکتـەبی سیاسـی (پ.د.ك) بـەناوی 0مەرج دانان کۆسپ دەخاتە بەر یەکخستنی ریزەکانی کوردستان.
- 1988 دوژمن 80 هاوولآتی لە گوندەکانی دەوروبەری کۆیە لە نزیك دوبز گوللە باران کرد .
- 1988 (3500) هاوولآتی کورد لەقەرە هەنجیر بەرە و هەولێر و چەمچەماڵ ڕەوانە کران .
- 1988 کاول کردنی گوندەکانی شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسان .
- 1988 بـەپێی بڕیـاری (ی.ن.ك) پ.م ی مەڵبــەندی (3) هەریــەك لەســنورە خۆیــان پاشەکشێیان کرد.

# تشرینی دووەم

## ( 1 ) ی تشرینی دووەم

*1985 خستنە خوارەوەی کۆپتەرێکی دوژمن لەلایەن کەرتی 2 ی تیپی 55 ی قەرەداغ لای گوندی چەقەڵ ئاوا .

*1987 تیپەکانی 25و27و37 و بۆسەی جادەی دوکان سلێمانی .

*1987 گرتنی دوو پسپۆری چینی (وان سن جن ، چن خوسنگ) لەلایەن تیپی 86 لەنێوان هەولێر موصل .

*1988 ڕۆژانی 1–3 هێرشێکی بەربڵاوی دوژمن بۆ ناوچەی قەرەداغ، گەرمیان، بازیان بەمەبەستی سووتاندنو خاپورکردنی ناوچەکە .

*1988 سووتاندنی سەیارەیەکی زیلی عەسکەری لەناوشاری کەلار .

*1991 ناشتنی تەرمی شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر .

*1991 لەمەراسیمێکی شکۆمەندا کەژاوەی تەرمی (7) شەهیدەکەی ئەشکەوتی داری خلە مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی لەکەلار نێژران.

*1992 سەعات 9:45 لە بازاڕی شێخ الله ی هەولێر بۆمبێکی تەوقیت کراو تەقیەوە و بووە هۆی برینداربوونی (20) هاووڵاتی .

*1993 (ی.ن.ك) کۆلیجی سەربازی بەوەزارەتی (پ.م) ی حکومەتی هەرێم پێشکەش کرد.

*1994 لەبۆسەیەکدا لەسەر جادەی چەمچەماڵ–سلێمانی (8) هەڤاڵی (ی.ن.ك) بریندار بون.

*1995 بروسکەی سەرەخۆشی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بۆ ئەنجومەنی راپەڕندنی (INC) بەبۆنەی تەقینەوەی بارەگای (INC) لەپیرمام کوژرانی ژمارەیەك.

## ( 2 ) ی تشرینی دووەم

*1987 تیپی 85 ی بەڕانەتی بۆسەیەکیان لەسەرجادەی هەریر صلاح الدين نایەوە.

*1987 کۆمیتەی ئامێدی بۆسەیەکیان لەسەرجادەی کانی ماسی زاخۆ داناو جاشێك بەدیل گیرا .

*1991 هێرشی دوژمن بۆسەر بارەگای بەرەی کوردستانی لە نەوجول و تێکشکاندنی هێرشەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە .

## (3) ی تشرینی دووەم

1977* شەڕی دارۆغای قەرەداغ .

1978* ڕۆژانی 3–26 دووەمین کۆڕی کۆبونەوەی فراوانی هەندێ لە کادرانی کۆمەڵە لە گوندی شێنێ .

1988* بۆسەی تیپی 99 ی بتوێن لەسەرجادەی چوارقورنە ڕانیە.

1992* لەهۆڵی رۆشنبیری بەئامادەبونی هەڤاڵ مام جەلالو جەماوەرێکی زۆر ڤیستیڤاڵی یادی (70) ساڵەی حوکمدارێتی شێخ مەحمود دەستی پێکرد.

## (4) ی تشرینی دووەم

1983* یەکەمین بەرهەمی تۆمارکراوی سەر کاسێت تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەبەرگەلۆ بڵاوکرایەوە .

1985* شەوی 5\4 تیپی 43 ی ئاسۆس و پەلاماری گوندی سێوکانیان .

1986* ڕۆژانی 4و5 لەسەر بڕیاری دادگای بەرزی شۆڕش 9 جاسوس لە مەڵبەندی 1 و مەڵبەندی 2 ئیعدامی شۆڕشگێڕانە کران .

1987* دوژمن هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر دۆڵی ئاکۆیان .

1987* پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 1 و هێزی پشتگیری و ڕێکخراوی 4 و بۆسەی چەمچەماڵ سەنگاو و سووتاندنی 2 تانك و 1 ناقیلەو 3 زیل .

1989* دامەزراندنی (ی.ژ.ك) و لە 1989/11/14 بەیاننامەکە بڵاوکرایەوە .

## (5) ی تشرینی دووەم

1987* پێشمەرگەکانی تیپی 51 تۆپ بارانی سەربازگەی چەمچەماڵیان کرد .

1987* تیپی 87 و مەفرەزەیەکی سۆشیالیست بۆسەیەکیان لەسەرجادەی شوان تەق تەق نایەوە.

1992* لەسەر بانگێشتی پەرلەمانەکانی ئەوروپا، وەفدی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە جنێف.

1993* تۆپخانەی ئێران لەسەعات 5.15ی ئێوارە تۆپ بارانی ناوچەی دەربەندیخانی کردو بۆ شەوێش سەعات 11.40 هەمان ناوچەی تۆپ باران کردەوە.

*1983 هێزێکی هاوبەشی تیپی 21 و 23 هەڵمەتیان بردە سەر رەبیەی گوندی (کانی ماران)، 3 سەرباز بەدیل گیراو دەسکەوت (10 هاوەنی 60ملم بە 79 گوللەوە ، 1بی‌کەیسی ، 1 ئارپی‌جی ، 2 ئاربی‌کەی ، 4 کلاشینکۆف).

*1984 قسە کەرێکی مەکتەبی سیاسی ڕایگەیاند (ه.پ.ك ئامادەیە بچێتە بادینان بۆ بەرهەڵستی هێرشی حکومەتی تورکیا)

*1986 تیپی 55 ی قەرەداغ و تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بۆسەر شاخی بالۆسە دوژمن کوژراوێکی زۆری هەبوو ، قوربانی پێشمەرگەش 2 شەهیدی قارەمان بوو .

*1986 شەوی 7\6 تیپەکانی 65،63،43،47 و هێزی پشتگیری بەرەنگاری هێرشێکی گەورەی دوژمن بوونەوە بۆ سەر گوندی حسن بەگ لە ماوەت زیانێکی گەورەیان لێ دان قوربانی پێشمەرگەش 4 شەهیدی قارەمان بوون .

*1987 تیپی 12 و 83 پەلاماری 2 ڕەبیەی دۆڵی ئاکۆیانیان داو لەماوەی 10 دەقیقەدا دەستیان بەسەردا گرت.

*1987 بۆسەی تیپی 51 و هێزی پشتگیری لەسەرجادەی کفری دوز نایەوە.

*1987 تیپی 86و87 گرتنی چەند ڕەبیەیەك لە ناوچەی گیارەی باشوری موصل.

*1988 ڕژێم لاشەی 250 کەسی لەگەڕەکی امام قاسمی کەرکوك ناشت .

*1991 دیداری مام جەلال لەگەڵ ڕادیۆ و T.V سلێمانی و زاخۆ پاش گەڕانەوەی لە هەندەران .

*1992 وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەجنێف لەبارەگای UN لەگەڵ (UNHCR) کۆبونەوە.

*1993 سەعات 12.30 تۆپخانەی ئێران بۆ جاری سێهەم گوندەکانی ناوچەی دەربەندیخانی تۆپ باران کردەوە.

*1997 (6) حزبو ڕێکخراوی کوردستانی نامەیەکیان ئاراستەی (ی.ن.ك) کرد سەبارەت بەرکگرتنی شەڕ.

## (7) ی تشرینی دووەم

1984* دەرچونی دەفتەری سەروەری زنجیرە 2 چاپخانەی شەهید ابراهیم عەزۆ .

1985* بروسکەی پیرۆزبایی م.س (ی.ن.ك) بـۆ گۆربـاچۆڤ بەبۆنـەی یـادی شۆڕشـی ئۆکتۆبەر.

1986* بەلاغی کۆبوونەوەی هاوبەشی (ی.ن.ك) و پارتی.

1987* تیپی 27 ی تۆکمە بۆسەیەکیان لەسەرجادەی دوکـان– سـلێمانی دانـاو بـەدیل گرتنی 4 جاش و 2 سەرباز و 2 ئەفسەر .

1987* تیپی 51 و 57 تۆپ بارانی مقر لیوای چەمچەماڵیان کرد .

1992* وەفدی بالآی ئۆپۆزسـیۆنی عـێراقی کەپێکـهاتبون لـە (مسـعود بـەرزانیو لیـوا حسن النقیـبو د. احمـد چلبـی) بـۆ بەسـەرکردنەوەی خـولی یەکـەمی شـەهید مولازم جوامێر، سەردانی کۆلیژی سەربازیان کرد لەقەڵاچوالان.

## (8) ی تشرینی دووەم

1978* شـەوی 9\8 هێرشـی دوژمـن بـۆ سـەر گونـدی شـێنێ و تێکشـکاندنی لـە کـاتی کۆبوونەوەکانی کادرانی کۆمەڵەدا.

1980* هێرشی گەلە جاشێك بۆ سەر پێشمەرگە لە گونـدی شـوراوی چەمچـەماڵ و 16 پێشمەرگە شەهید بوون و پێمەرگەشەکیش بەدیل گیرا .

1981* هەڤاڵ مام جەلال بەناوی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ەوە بانگـەوازی کوردایـەتی لە ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە بڵاو کردەوە .

1985* شەوی 9\8 تیپی 51 ی گەرمیان و گرتنی ڕەبیەی غاباتی سەنگاو.

1987* ڕژێـم 7 هـاووڵاتی لـە شـاری زاخـۆ لــە سـێدارە دا کــە خــەڵکی دیهاتــەکانی دەوروبەری زاخۆ بوون .

1988* شـەوی 9/8 لەتۆڵەسـەندنەوەی شـــەهیدانی دوو دارە، شــەڕە خوێناوییەکــەی چەرمەگا لەلایەن (ھ.پ.ك)ـەوە رووی دا.

1997* لە شکری تورکو پارتی بەپاڵپشتی دەیان تانك و تۆپ و کۆماندۆوە هێرشـێکی گەورەیان کردە سەر (ھ.پ.ك) لەهیرانو شەقڵاوە.

## (9) ی تشرینی دووەم

*1988 تیپی 99 ی بتوێن و تەقاندنەوەی جبەخانەی معسکەری هێزەکانی معتصم لە چوارقوڕنە .

*1992 سەعات 1ی پاش نیوەڕۆ مام جەلال پێشوازی کرد لەلێپرسراوی بنکەی سەربازی ئنچەرلیك (جەنەراڵ هۆڵد)و وەفدە هاوکارەکەی.

*1995 سەرۆکی حکومەت هێڵی دووەمی کارەبای (132KV) دەربەندیخان–سلێمانی کردەوە.

*1995 ئیستخباراتی فەوجی (2)ی لیوای (104)ی دوژمن لەنزیك ناحیەی جەبارە (4) هاوڵاتیان گوللە باران کرد.

*1997 لە شکری تورك جارێکی تر پەلاماری (هـ.پ.ك) ی دایەوە لە شەقڵاوە و هیران.

*1999 لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ فەرەنسا ، مام جەلال لەگەڵ مەدام میتران و ڕاوێژکارانی ژۆسپان کۆبۆوە .

## (10) ی تشرینی دووەم

*1986 شەوی 11\10 تۆپخانەی مەڵبەندی 1 تۆپ بارانی بیرەنەوتەکانی جەبەل بۆرو زەنبوری کرد .

*1987 تیپی 17 ی زمناکۆو 11 ی هەورامان هێرشێکی سێ قۆڵەی دوژمنیان بۆسەر سنوری تیپی 17 ی زمناکۆ تێکشکاند.

*1989 بانگەوازی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان بۆ هەموو حقوقیيەکانی کوردستان لەدەرەوەی وولات بۆ پشتگیری و پشتیوانی ڕێکخراوەکە .

*1993 سەعات 2.30 نیوەڕۆ مام جەلال پێشوازی کرد لە (جاسمی وەزیر) راوێژکاری روناکبیری کورد لەپەرلەمانی گورجستانو (جەلالی جەلیل) رۆژنامە نوسو روناکبیری کورد.

## ( 11) ی تشرینی دووەم

*1986 شەوی 11\12 تیپی 51و57 و گرتنی 4 ڕەبیەی حیمایەی بیرە نەوتەکانی جەبەل بۆر.

*1987 لە تۆڵەی 11 شەهیدەکەی تەمموزی 1987 تیپەکانی 51و59و57و55و17و15و23و27وتیپی مەڵبەندی 2 و شەڕی پێنج سەعات و نیوی ئۆردوگای چەرمەگاو کوژرانی دەیان سەربازو جاش و بەدیل گرتنی 58 چەکدار .

*1987 تۆپخانەی شۆڕش تۆپ بارانی معەسکەری خێوەتەی کردو لەئەنجامدا قائد فرقەی 44 کوژرا .

*1989 بانگەوازی (ی.ژ.ك) بۆ گشت کچان و ژنانی کوردستان بە کۆبوونەوە لەژێر ئاڵاکەیدا .

*1991 دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە کانی گۆمەی سلێمانی .

*1992 لەیەر بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دادگای باڵای شۆڕش هەڵوەشایەوە.

*1996 دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان لە سلێمانی پاش خیانەتی 31 ئاب .

## ( 12) ی تشرینی دووەم

*1980 دامەزراندنی جوقد (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية)و بڵاوبونەوەی بەیاننامەی دامەزراندن .

*1987 قەساب خانەی دوژمن لە گوندی چیمەن و گوللەباران کردنی 15 هاووڵاتی .

*1987 (25) هاووڵاتی لە شەقڵاوە کەس و کاریان ئاگادار کرایەوە کە گوللە باران کراون لە کۆی 300 هاووڵاتی دەستگی کراوی ئەو شارە.

*1988 تەقینەوەی بۆمبێکی تیپی 99 ی لە گەراجی سەربازگەی چوار قوڕنە .

*1992 بەئامادەبونی وەزیری دارایی‌و ئابوری، پەرلەمان بودجەی جکومەتی کوردستانی پەسەند کرد.

*1992 سەعات 10—1.30 لەلایەن شارەوانی شاری لۆزانەوە پێشوازی لەوەفدی پەرلەمانی کوردستان کرا.

## ( 13) ی تشرینی دووەم

*1985 شەوی 13\14 تیپی 87 ی کاروخ و گرتنی ڕەبیەی 20 ی قاعیدەی (حضر)ی نەینەوا.

*1986 تیپی 87 و مەفرەزەیەکی حشع و تێکشکاندنی هێرشێکی سێ قۆڵی دوژمن بۆسەر ناوچەی شەمامك ، دوژمن کوژراوێکی زۆری هەبوو و پێشمەرگەیەکیش شەهید بوو .

*1987 تیپی 19 ی کۆڕەك لەناو ئۆردوگا زۆرەملێی دیانا خۆفرۆشێکیان بەسزای گەل گەیاند.

*1991 بروسکەی مام جەلال بۆ (ه.پ.ك) و جەماوەر لەبارەی شەڕ و پێکدادانەکان لە دژی ڕژێم و چۆڵ کردنی شارەکان لەچەکدار / 7 بڕگە .

*1994 تەرمی پیرۆزی شەهیدان (ڕێباز و مەلا سلێمان) گەیشتە هەولێر و لە گۆڕستانی گردە ڕەشەی هەولێر بەخاك سپێردران .

## ( 14) ی تشرینی دووەم

*1985 تیپی 87 و بۆسەی جادەی هەولێر کۆیە و کوشتنی 3 جاش .

*1987 دوژمن 22 هاوولاتی لە شەقلاوە گوللە باران کرد .

*1988 شەڕی 3 سەعاتی تیپی 21 ی کەرکوك و تێکشکاندنی هێرشی دوژمن لە نزیك گوندی کارێزەی خاڵخالان .

*1992 سەعات 10:30 ی بەیانی مام جەلال زانکۆی سلێمانی کردەوە.

*1995 ڕژێم زیاتر لە 200 منداڵی کوردی لە کەرکوك دەست گیر کرد .

*1995 پێشوازی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لەوەفدی حکومتی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی (رۆبەرت دویچ) لێپرسراوی بەشی بکوری کەنداو لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

### ( 15) ی تشرینی دووەم

*1977 بەیاننامەی (ی.ن.ک) لەبارەی شەهید بوونی ابراهیم عەزۆو هاوڕێکانی / لجنە الاعلام الخارجي .

*1983 کۆبوونەوەی مام جەلال لە گەڵ 30 کادری سیاسی و عەسکەری لەبارەی ڕا وەرگرتنیان لەسەر گفتوگۆ .

*1985 منع التجول لە شاری کەرکوك و گرتنی هەزاران هاووڵاتی .

*1985 شەوی 15\16 تیپی 12 ی سۆران و گرتنی ڕەبیەی کلکەی شەکرۆکی دەشتی هەولێر.

*1993 دەرچوونی ژمارە 1 ی گۆڤاری ڕوانگەی جیهانی لەلایەن پەیوەندیەکانی (ی.ن.ک)ـەوە.

*1995 هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی 3 کۆپتەر پەلاماری ناوچەی شێخ بزەینی دا .

### ( 16) ی تشرینی دووەم

*1982 خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدين لەهەولێر .

*1985 شەوی 16\17 تیپی 47 ی پیرەمەگرون و بۆسەی جادەی مامۆستایان مەجید بەگ.

*1987 پێشمەرگەکانی کۆمیتەی دهۆك نزیك شاری زاخۆ 2 جاشیان گرت .

*1987 چوار فرۆکەی سیخۆی دوژمن گوندی فریز و سپین دارەیان بۆردومان کردو 12 هاووڵاتیان شەهید کرد .

*1988 تیپی 78 ی کاروخ بۆسەیەکیان لەسەرجادەی خانەقادا نایەوە.

*1993 دوژمن تۆپ بارانی گوندی دوانزە ئیمامی کرد.

*1997 هێرشی گەورەی سوپای تورك بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و پاشەکشەی (ه.پ.ك) لەو ناوچانە .

### (17) ى تشرينى دووەم

*1987 پێشمەرگەکانی تیپی 51 لەسەرجادەی قادرکرم دوز سەربازێکیان بەدیل گرت .

*1988 ژەهراوی کردنی پەنابەرانی کورد لە تورکیا .

*1997 (ی.ن.ك) وەڵامی ئیجابی نامەیەکی (6) حزبو رێکخراوی کوردستانی دایەوە کە لەرۆژی 11/6 بەمەبەستی بەرقەرار بونی ئاشتی ئاراستەیان کردبوو.

*1999 لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیار درا ، سەنتەری کۆمپیوتەری نەتەوەیی دابمەزرێ و هەروەها بەشی ڕۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بکرێتەوە .

### (18) ى تشرینى دووەم

*1980 شەهید بوونی جەمیل ڕەنجبەر و هەڤاڵەکانی بەکۆپتەری دوژمن لەناوچەی پشدەرە ڕەقەی رانیە.

*1982 شەهید بوونی (بەرزان عوسمان)ی هونەرمەندو پێشمەرگە لەکارێزە.

*1987 تیپی 35 ی کوڕە کاژاو و 57 و تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بۆ گرتنی شاخی بەرانان .

*1987 تیپی 53 و 51 و هێزی پشتگیری بۆسەی سەنگاو چەمچەماڵ و سووتاندنی 4 ئوتۆمبیل.

*1990 لە سێدارە دانی هەڤاڵان (جبار حاجی رشید ، مامۆستا احمدی صناعە ، وەستا بکری دارتاش).

*1992 بزوتنەوەی ئیسلامی پشتیوانی خۆی لەپەرلەمانی کوردستان راگەیاند.

### (19) ى تشرینى دووەم

*1985 شەوی 19\20 تیپی 23 ی سورداش و کەمینی جادەی دوکانی سەرو خوار و بەدیل گرتنی 5 چەکداری دوژمن.

*1985 تیپی 93 ی کۆیە لەناو کەلاوەکانی کانی وەتمان و بۆسەیەکیان نایەوەو 13 ئیڤای سەربازییان تێکشکاند.

*1987 بۆ جارێکی تر دوژمن هێرشی هێنایەوە بۆ سەر شاخی بەرانان.

## (20) ى تشرينى دووەم

1987* سىَ‌هەمين هێرشى دوژمن بۆ سەرشاخى بەرانان .

1988* تيپى 90 ى باواجى‌و بۆسەى جادەى هەولێر  كۆيە كوژرانى 2 جاش .

1991* هێرشى دوژمن بۆسەر (دەربەندى تالَه) ى ناوچەى كفرى و تێكشكاندنى هێرشەكەى لەلايەن هێزى پێشمەرگەوە .

1991* هێرشى دوژمن بۆسەر ناوچەى شوان و تێكشكاندنى هێرشەكەى لەلايەن هێزى پێشمەرگەوە .

## (21) ى تشرينى دووەم

1976* حوكمى لە سێدارەدانى (خالَە شيهاب و انورو جعفەر) لە كات ژمێر 7:15 ى سەرلەبەيانى جىَ‌بەجێكرا.

1978* يادى دووەمين سالَ ڕۆژى شەهيدبوونى خالَەشيهاب و هاوڕێكانى لە مزگەوتى شێنىَ .

1980* شەهيد كردنى جەميل رەنجبەرو هاوڕێكانى.

1981* لەيادى پێنج هەمين سالَ ڕۆژى خالَەشيهاب و هاوڕێكانى يەكەمين كۆمەلَە بەرهەمى تيپى مۆسيقاى شەهيد كارزان لە هۆلَى خالَە شهاب لەناوزەنگ پێشكەش كرا .

1988* پارتيزانەكانى گەرميان و شەڕى گوندى خان و باوەكى سەر چەمى ئاوە سپى.

1992* بەبڕيارى پەرلەمانى كوردستان ڕۆژى 3/16 ى هەموو سالىَ كرا بەڕۆژى شەهيدى كورد .

1992* مام جەلال بەبۆنەى يادى لەسێدارەدانى (خالَە شيهابو ئەنوەرو جەعفەر)ەوە وتارێكى گرنگى بۆ كەنالَەكانى راگەياندن خوێندەوە.

1994* شەهيد كردنى حاكم شێرزاد لە هەولێر .

1994* ڕێككەوتن نامەى هاوپەيمانێتى نێوان (ى.ن.ك) و پارتى تا سالَى 2000 لە پيرمام مۆركرا .

1997* وەفدێكى بالاَى (ى.ن.ك) بەشدارى كۆنگرەى نيشتمانى حزبى سۆشياليستى فەرەنساى كرد .

## (22) ی تشرینی دووەم

1976* پەڕینەوەی بەشی دووەمی هێزەکـانی (ی.ن.ك) لـە سـوریاوە بـۆ وولاّت پـاش دەستەی ابراهیم عەزۆ .

1976* پێشوازی جەماوەری سلێمانی لە تەرمی خالە شیهاب .

1987* تیپـەکانی 43 و 63 و 44 و 65 و 86 و تێکشـکاندنی هێرشـێکی گـەورەی دوژمـن بۆسەر زینۆی سپی ، شەهید بوونی 2 پێشمەرگە .

1991* هێرشی هێزەکانی دوژمن بۆسەر گوندی (سەفیە) و تێکشـکاندنی هێرشـەکەش لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە .

1992* تەقینەوەی بڕێك T.N.T لە ئوتێل بغداد ی شاری سلێمانی لەشەقامی کـاوە کـە بووە هۆی شەهید بوونی 4 هاوولاّتی و برینداربونی 28 ی تر .

## (23) ی تشرینی دووەم

1976* پەڕینەوەی هێزی دووەم لـە وەجبـەی دووەمـی پێشـمەرگەکانی (ی.ن.ك) لـە سوریاوە بۆ بادینان .

1992* شەوی 24/23 تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان دەستی بەپەخش کرد بۆ ماوەی (1) سەعات لەشاری هەولێر لەسەعات 9–10ی شەو.

## (24) تشرینی دووەم

1987* بۆماوەی 4 ڕۆژ فڕۆکە پیلاتۆزەکانی دوژمن دۆڵی هیران و نازەنین و سماقوڵیان بۆردومان کرد .

1987* تیپی 86 بۆسەیەکیان لەسەرجادەی کەرکوك هەولێر نایەوە.

1987* تیپــی 86 بۆســەیەکیان لەســەرجادەی هــەولێر موصــل نایــەوە و گرتنــی لێپرسراوی منظمەی حزبی بەعسی خەلیفان و پۆلیسێك .

1987* پێشمەرگەکانی کۆمیتەی دهۆك لەناو ئۆردوگای زۆرەملیّی هێزاڤای نزیك زاخۆ 4 جاشیان گرت .

1994* کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی لەکار کێشایەوە .

## (25) ی تشرینی دووەم

*1976 پەڕینەوەی هـێزی سـێیەم لەوەجبـەی دووەمـی پێشـمەرگەکانی (ی.ن.ك) لـە سوریاوە بە سەرپەرشتی کاك نەوشیروان .

*1987 (هـ.پ.ك) شەوی 25\26 پەلاماری بنکـەی بـاڵامبۆی لای گوندی گـوڵان یـان داو بووەهۆی کوژرانی 4 سەرباز .

*1987 چەند فڕۆکەیەکی پیلاتۆز گوندی (ئەرماوان) ی لای مەصیف صلاح الدیـن یـان بۆردومان کردو لەئەنجامدا 5 هاووڵاتی شەهید بوون .

## (26) ی تشرینی دووەم

*1985 وەفدی (ی.ن.ك) بەشداری کۆنفرانسی میللەتانی بێ دەوڵەتی کرد کە لـە 26– 29 /11 درێژەی کێشا.

*1987 سەربازەکانی دوژمن بەبـەرچاوی خەڵکـەوە لاوێکیـان لەشـەقڵاوە گوللـەباران کرد.

*1988 هەلیکۆپتەرەکانی دوژمن بەخەستی بۆردومانی ناوچەکانی سەرقەڵاو هۆمەر بل یان کرد.

*1989 تیپەکانی 74 و 12 و 19 و پێشمەرگەکانی حشع هێرشیان کردە سەر مۆڵگاکانی دوژمن لە (گۆڕی چەکوچ).

*1994 شەهید کردنی مامۆستا مەلا عبدالرحمن گەناوی لە هەولێر .

*1994 پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بە بەڕێز (کۆسرەت رەسول عەلی و د. رۆژ) سپێر درا.

## (27) ی تشرینی دووەم

*1985 شەوی 27 \28 گرتنی ڕەبیەی ئارمانج لە سپیلك لەلایەن تیپی 85 ەوە .

*1985 شەوی 27\28 تیپی 21 ی کەکوك بۆجاری سێهەم ڕەبیەی سەر شیوەسوریان گرت .

*1987 تۆپخانەی دوژمن تۆپ بارانی ناوچەی سنوری تیپی 78 ی کاروخی کرد لەئەنجامدا منداڵێکی 8 ساڵە لەوەرتێ شەهید بوو .

*1990 بەیانی مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی بۆ بەخێرهاتنی حزبی زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بۆ ناو بەرە.

*1992 دەرچوونی ژمارە سفری ڕۆژنامەی هەرێم .

*1992 دەستپێکردنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق لەسەلاحەددین.

*1994 شەهید کردنی پارێزەر نوری نانە کەلی لەهەولێر .

## (28) ی تشرینی دووەم

*1985 پەلاماری دوژمن بۆسەر سنوری 93 ی کۆیەو سووتاندنی چەند گوندێك و شەهید کردنی 21 هاووڵاتی .

*1985 هێرشی دوژمن بۆسەر گوندی قۆریتان و شەهید بوونی 24 هاووڵاتی .

*1988 پشکنینی ئۆردوگای نەسر و گەڕان بەدوای ماڵە ئاوارەی هەڵەبجەیی دا .

*1988 پارتیزانەکانی هەولێر و تیپی 87 بۆسەو شەڕی گوندی پونگینە کە 7 کم لە هەولێرەوە دوورە .

## (29) ی تشرینی دووەم

*1987 سوپاس نامەی معمر القذافي بۆ مام جەلال لەبارەی وەرگێڕانی (الکتاب الاخضر) بۆ کوردی.

*1992 سەعات 7:30 ئێوارە 3 لۆری پڕ لەئارد لە کاروانێکی کۆمەکی U N بۆ کوردستان لە هەولێر تەقیەوە.

## (30) ی تشرینی دووەم

*1987 وەفدێکی سەرکردایەتی بزوتنـــەوەی ئیسـلامی لەکوردسـتانی عـێراق لـە دۆڵـی جافەتی سەردانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) یان کرد .

*1997 بەئامادەبونی مام جەلال لەسلێمانیو شـارەکانی تـری کوردسـتان، مەراسـیمی چلەی شەهیدانی گەردەلولی تۆڵە بەڕێوەچو.

## (31) ی کانوونی دووەم

*1981 شەوی 1\31 بۆماوەی 4 شەو تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە لە هۆڵی (شەهید شیهاب) لە نێوزەنگ ئاهەنگێکی ساز کرد .

ئەو روداوانەی لەمانگی تشرینی دووەم دا ڕویانداوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

1975— دەرچونی نامیلکەی ((ی.ن.ك) بۆچی؟).

1977— پرۆژەی کاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەکوردستانی عیراق لەلایەن مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)ـەوە پێشکەش بەحکومەتی عیراق کرا.

1977— شەهید عەلی عەسکەری بەکۆپتەر چوو بۆکەرکوك و لەوێ بۆ بەغداو یەکەمین گفتوگۆ لەنێوان (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراق دا .

1978— کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە .

1978— دەرچوونی ژمارە یەکی کۆمەڵە (ئۆرگانی کۆمەڵە)

1980— دەرچوونی ژمارە یەکی الخنادق .

1982— کۆبوونەوەی دووەمی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندەکان .

1984— بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەربارەی ڕێککەوتننامەی تورکیا و عێراق .

1985— کوشتنی 2 ئامر سریە لەدەربەندیخان.

# کانوونی یەکەم

## (1) ی کانونی یەکەم

*1979 بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان پاش کۆتایی کۆبوونەوەی فراوانی کادران ونوێنەرانی ڕێکخراوەکانی شارەوانی.

*1987 چوار فڕۆکەی پیلاتۆز گوندەکانی دەشتی هەولێریان بۆردومان کرد و ژنێکیان شەهید کرد .

*1987 شەوی 1\2 تیپی 17 ی زمناکۆ و 15 ی شارەزوور ڕەبیەی سەر ڕێگای کەلار دەربەندیخانیان گرت.

*1987 تیپی 85 بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەولێر کەرکوك نایەوە.

*1988 هێزەکانی دوژمن قلیاسانیان پشکنیو لەئەنجامدا 3 ماڵە هەڵەبجەییان دەستگیر کرد .

*1988 هێزێکی گەورەی دوژمن گوندەکانی (ڕەزگە ، سەرکەند ، بابەگسك ، ڕیبارۆك ، پلنگیانی) ناوچەی بەڕاەنەتیان ڕاگواست و پاشان تەختیان کرد .

*1990 پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی بەرپەرچی هێرشێکی دوژمنیان دایەوە بۆ سەر گوندە کاول کراوەکانی پاش بەرد و تیشەرۆ

*1997 مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) لە بەیاننامەیەکدا تەئکیدی لەسەر درێژە پێدانی ئاگر بڕ کردەوە .

## (2)ی کانوونی یەکەم

*1979 یەکەمین چالاکی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لەناوچەی خانەقین و ئەو بەری سیروان پاش ئاشبەتاڵ .

*1987 تیپی 85 ی بەڕانەتی لەناو بەستۆرە 2 جاشیان بە سزای گەل گەیاند .

*1987 تیپی 17 زمناکۆ و گرتنی ڕەبیەکەی پردی قەترە.

*1991 ووتاری بەڕێز مام جەلال بە بۆنەی یادی 15 ساڵەی شەهید خاڵە شیهاب لە سلێمانی و مانۆڕی لەشکری 1 .

*1992 تەقینەوەی ئوتۆمبێلێکی بەمین چێنرا و لەبەردەم بازاڕی ماردین لەشاری سلێمانی و بووە هۆی شەهید بوونی 1 کەس و بریندار بوونی 16 تر .

## (3)ی كانوونی یەكەم

*1983 ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ ڕژێم و دەست پێ كردنی گفتوگۆ .

*1987 پێشمەرگەكانی كۆمیتەی ئامێدی لەسەر جادەی سەرسەنگ سوارەتووكە ، كارەبای سوارەتووكە و سەسەنگ ئامێدی یان بڕی .

## (4)ی كانوونی یەكەم

*1992 پۆلیسی پاكستان خێوەتگەیەكی پەنابەرانی كوردی لە ئیسلام ئاباد تێك داو 400 پەنابەری كوردیشی دەستگیر كرد .

*1994 لەمەراسیمێكی شكۆداردا تەرمی پیرۆزی شەهیدی نەمر حەسەن كوێستانی لەگەڵاڵە بەخاك سپێردرا .

## (5)ی كانوونی یەكەم

*1979 شەڕەگەورەكەی بۆگد و شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەك / دەشتی كۆیە .

*1980 یەكەم كۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتی نووسەرانی كوردستان و دەرچوونی بەیانی ڕەسمی دامەزراندن لە شاخ.

*1987 پێشمەرگەكانی كۆمیتەی شێخان و بۆسەی جادەی سوارەتووكەو سەرسەنگ.

*1987 تیپی 55 چوونە ناو شاری سلێمانی و 13 خۆفرۆشیان بەدیل گرت .

*1987 كۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی باڵای یەكێتی پارتی لە ڕۆژانی 5و6و دەرچوونی بەلاغی كۆتایی .

*1991 مانگرتنی 5 لاوی شاری سلێمانی لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكان و پاشان مانگرتنی گەورە سەرتاسەری كوردستانی گرتەوە.

*1995 ڕژێم 100 خێزانی كوردی لە ئاڵتون كۆپری دەركرد .

*1996 پێكهێنانی هاوپەیمانیی دیموكراتیی كوردستان كەپێكهاتبون لەم حزبانە((ی.ن.ك)، زەحمەتكێشان، حسدك، پارتی پارێزگاران، بزوتنەوەی دیموكراسی خوازان).

## (6)ی کانوونی یەکەم

1987* تیپـی مەڵبـەندی 3 و تیپـی 19 بۆچـەند سـەعاتێك شـارۆچکەی هــەریریان کۆنترۆڵکرد .

1987* تیپـی 57 ی سـەگرمە لەسـەر جـادەی سـلێمانی عەربـەت جاشـێکیان دەستگیرکرد .

1987* پێشمەرگەکانی کۆمیتەی دهۆك لە گوندی دارائۆزانی 2 جاشیان بەدیل گرت .

1988* ڕۆژانـی 6ــ7 بەشـداری وەفـدی بـەرەی کوردسـتانی لـە کۆنگـرەی سۆشـیال دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال .

1994* لە دیدارێکی هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ وەفدێکی ڕێکخـراوی (4RSS) ی بـەریتانی ئامـادەیی (ی.ن.ك) ی دەربـڕی لـە پێشـوازی لـە پەناهـەندەکانی ئۆردوگــای ئەتروش .

## (7)ی کانوونی یەکەم

1988* بـەبیانوی عەسـکەری فـیرارەوە دوژمــن 7 هــاووڵاتی لەکــەرکوك بەبــەرچاوی خەڵکەوە گولله باران کرد.

1989* بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بەبۆنەی شـەهید بوونـی 2 تێکۆشـەری (تنظیم الشیوعیین العراقیـین) کـە لەشـەوی 24\25 /11/1989 بەدەسـتی بـەکرێ گیراوانی موخابەراتی عێراقی شەهید کران لەناوچە ئازاد کراوەکاندا.

1995* تەنکەرێکی هەڵگری سووتەمەنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لـە شـەقڵاەی تەقیەوە و لە ئەنجامدا 15 کەس کوژران .

1995* وەفدێکی باڵای (ی.ن.ك) بەرەو تورکیا بەڕێکەوت.

## (8)ی کانوونی یەکەم

1978* ڕۆژانــی 8و9 خۆپیشــاندانی جــەماوەری ئۆردوگــای کــەس نــــەزان لـــەدژی دامودەزگاکانی ڕژێمی عێراقی.

## (9)ی کانوونی یەکەم

*1982 کەرتی 3و4و5ی تیپی 51 و بۆسەی گوندی پیـازەخڕەیی تیلـەکۆ و کوژرانـی 5 سەرباز و بـەدیل گرتنـی 21 سـەربازی تـر و گرتنـی مودەڕەعەیـەك و چـەندین پارچە چەك .

*1987 تیپی 86 و بۆسەی جادەی هەولێر   کەرکوك و کوژرانی 4 جاش .

*1999 دوای گەشـتێکی سیاسـی و دبلۆماسـی فـراوان مـام جـەلال گەڕایـەوە هـەرێمی کوردستان.

## (10)ی کانوونی یەکەم

*1987 تەقینەوەی مینێك لە ژێر دەبابەیەك لەسـەر جـادەی تـەق تـەق   کۆیـە بـووە هۆی سووتاندنی دەبابەکە و کوژرانی مولازمێك و 4 سەرباز .

*1987 شـەوی 10\11 تیپـەکانی 51 و 59 لـەناو شـارۆچکەی قـادر کـەرەم پـەلاماری بارەگای ئیستخبارات و پۆلیسیان دا .

*1992 مام جەلال بەبۆنەی رۆژی جاڕدانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤەوە بەیاننامەیـەکی گرنگـی لەڕێگـەی دەزگاکـانی راگەیاندنـەوە ئاراسـتەی کۆمـەڵانی خوڵکـی کوردستان کرد.

*1995 ئاوارەکـانی کـەرکوك و گـەرمیان رێپێوانێکیـان بـۆ بـەردەم بارەگـای نەتـەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی ساز کرد .

## (11)ی کانوونی یەکەم

*1985 تیپی 37 شاربازێڕ و شکاننی پەلاماری دوژمن بۆ سەر شاخی گمۆ .

*1987 تیپەکانی 91 و 85 و گرتنی فەوجێکی سووك لەسەلاحەدین و کوژرانـی 4 جـاش بەدیل گرتنی 22 ی تر .

*1987 بەبۆنەی جەژنی برا ئێزیدیەکانەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاری ئازاد کردنی چەند دیلێکی یەزیدی دا کە لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا بوون .

*1999 مەکتـەبی سیاسـی و سـەرۆکی حکومـەت بـە جیـا پێشـوازیان لـە وەفدێکـی حکومەتی نەرویج کرد .

## (12)ی کانوونی یەکەم

*1980 ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی جوقد .

*1986 بەیانی مەکتەبی عەسکەری (ی.ن.ك) بۆ بەدرۆ خستنەوەی ڕاگەیاندنی ڕژێم لەمەڕ داگیر کردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی .

*1987 تیپی 93 و بۆسەی جادەی کۆیە – تەق تەق و لێدانی کاروانێکی سەربازی.

*1987 تیپی 85 و بۆسەی جادەی هەولێر کۆیە نزیك گوندی دلۆپە و بەدیل گرتنی 7 جاش .

*1988 ڕادیۆی دەنگی بەرەی کوردستانی دەستی بەپەخش کردن کرد، ئەم رادیۆیەش دیاری (ی.ن.ك) بوو بۆ بەرەی کوردستانی.

*1995 لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی دەستەیەك لاوی کەرکوك و گەرمیان بە شێوەیەکی کاتی مانیان گرت .

## (13)ی کانوونی یەکەم

*1987 شەوی 13\14 تیپی 55 و 17 لە ئۆردوگای قەرە گۆل 6 جاشیان بەدیل گرت .

*1993 سەعات 10ی سەر لەبەیانی تەقینەوەیەکی گەورە لەبینایەی ڕێکخراوی هانیکاپ ئینتەر ناسیونالٚ لەسلێمانی ڕوویدا، بوە هۆی کوژرانی 2 هاووڵاتیو بریندار بونی 6 هاوڵاتی تر.

*1993 جەماوەری سلێمانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی شەڕو پێکدادانی (پارتیو حسك) لەناو شاری سلێمانیدا ڕێپێوانێکی ئاشتیيانەيان بەرەو بەردەرکی سەراو پارێزگا لەلایەن پارتییەوە تەقەیان لیٚ کراو چەند هاوڵاتیەك برینداربوو.

## (14)ی کانوونی یەکەم

1977* ڕاگەیاندنی قسەکەرێکی مەکتەبی سیاسی بۆ پشتیوانی گەلی فەلەستین وئیدانە کردنی سەردانی سادات بۆ ئیسرائیل

1991* ووتاری هەڤاڵ مام جەلال بە بۆنەی شکاندنی مانگرتنەکانی سلێمانی و هەولێر

1991* سەعات 1 ی نیوەڕۆ کۆتایی مانگرتووەکانی شاری سلێمانی لە 5–12.

1992* کۆلۆنێل یۆنگ سەرکردەی مەکتەبی ڕێکخستنی هێزە هاوپەیمانەکانو نوێنەرێکی حکومەتی تورکی سەردانی کوردستانیان کرد.

1993* شەوی 14/15 لەبۆسەیەکی بەکرێ گیراوانی دوژمن لەسلێمانی (5) پێشمەرگەی (ی.ن.ك) شەهید کران (فەلاح حەمەکریم، شێخ حەسەن عیودالآنی، عوسمان شێخ ڕەووف، نەجاتی شێخ کامل، تارق حەمەتاڵ).

## (15)ی کانوونی یەکەم

1977* شەڕی قارەمانانەی گوندی کونە گورگ و شەهید بوونی پێشمەگە جەلال جەمال محەمەد .

1977* لەدادگاییەکی قەرەقوشی عیراقدا پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی هەڵۆی سور بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچوو.

1985* بەستنی پلنیۆمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەبەشدار بوونی 61 ئەندام لەبەرگەلۆ.

1985* تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بۆسەر گوندی زیارەت لەلایەن پێشمەرگەکانی مەڵبەندی 4 و تیپەکانی 83و85و87 ەوە .

1985* تیپی 43 ی ئاسۆس بۆسەیەکی لەسەر جادەی بنگرد–دوکاندا نایەوە.

1987* تیپی 43 ی ئاسۆس و بەدیل گرتنی سەربازێك لە نزیك شاری ڕانیە .

## (16) ی کانوونی یەکەم

*1987 تیپی 51 لە نیولن دووز و قادر کەرەم پــەلاماری ســەنگەرێکی دوژمنیــان دا و 8 جاشیان بەدیل گرت .

*1988 بۆسەی پارتیزانەکانی مەڵبەندی 3 لەسەر ڕێگای زیوی زارگەل لای وەرتێ .

*1992 لەسەر بانگێشتی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆبەنــەوەی هــێزە سیاسییەکانی کوردستان لەهەولێر بەسترا.

*1992 شەوی 17/16 سەعات 7ی شەو (5) ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کــە لەلایـەن (UN)ــەوە بۆ هێنانی ئازوقە بۆ کوردستان بــەکرێ گــیراون لــەکاتی گەڕانــەوەیاندا لەگــەڵ زاخۆ بەدەسیسەی موخابەراتی عیراقی تەقێندرانەوە.

*1994 شەوی 17/16 تەقاندنەوەو خاپور کردنی بارگــای ڕێکخســتنی (ی.ن.ك) بــە TNT لەناحیەی سیروان.

*1994 شــەوی 17/16 تــاڵانکردنی گونـدی مـام داوەی ئـاکرێو ڕاگواسـتنی خەڵکەکـەی لەلایەن پارتیەوە کەپاشان تەسلیم بەڕژێمی عێراق کرانو بەرەو موسڵ ڕاپێچ کران.

## (17)ی کانوونی یەکەم

*1985 گولله باران کردنی 3 لاوی شاری سلێمانی لەبەردەم ناوەندی ڕۆشنبیر ئەوانیش شەهیدان (ئارام ، سەردار ، هیوا) بوون.

*1987 شەوی 18/17 چالاکی تیپی 21 ی کەرکوك لەناو ســنووری پشـتێنەی ئاسایشــی کەرکوکدا و 5 جاشیان بەدیل گرت .

*1987 تیپی 25 و تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بۆسەر سنووری تیپەکە بــە 12 تانك و 3 کۆپتەر دوژمن دەیان کوژراوی لێ بەجێما .

## (18)ی کانوونی یەکەم

1983* تەقینەوەی مینێك لە ژێر ئوتۆمبێلی پێشمەرگەکان لە قولە بەرازەو شەهید بوونی 9 پێشمەرگە .

1987* شەوی 18\19 تیپی 59 ی حەمرین و مەفرەزەیەکی حشع پەلاماری ڕەبیەی بان مەقانیان داو دەستیان بەسەرداگرت و 3 جاش کوژرا .

1993* مۆرکردنو بڵاو بونەوەی ڕاگەیاندنی هاوبەشی رێککەوتنی ستراتیجی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك).

1994* چەکدارەکانی پارتی دەستیان گرت بەسەر شەقڵاوە بۆجاری دووەم شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە .

## (19)ی کانوونی یەکەم

## (20)ی کانوونی یەکەم

1985* تیپی 57 سەگرمە و بۆسەیەکی گەورەی جادەی سلێمانی کەرکوك نیوان تاسڵوجەو سلێمانی .

1986* تیپەکانی مەڵبەندی 1 گرتنی شاری سەنگاو ، قوربانی 3 پێشمەرگە .

1992* دەست پێکردنی کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان لە هەولێر .

1993* چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی پەلاماری کۆمیتەی ڕانیەی (ی.ن.ك) یان داو تێکۆشەر محەمەد سوڵتان کارگێڕی مەڵبەندی 6 ی سۆران و 5 پێشمەرگەی تریان شەهید کرد.

1993* پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر پێکهێنانی پرۆژەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دا.

1995* کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەهەولێر 4 ڕۆژی خایاند .

## ( 21)ی کانوونی یەکەم

1976* چالاکی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) لەناو شاری سلێمانی و تەقە کردن لە پارێزگاری سلێمانی لە سەعات 8:35 دەقیقەدا .

1993* هەڤاڵ مام جەلال لە سەفەرێکی بۆ دەرەوەی وولات گەیشتە سووریا .

1993* دوژمن لەبەرزایی‌یەکانی بانی مەقانەوە بۆ ماوەی (3) سەعات تۆپ بارانی ناوچەی تەکیەی جەباری کرد.

## ( 22)ی کانوونی یەکەم

1987* تیپی 27 ی تۆکمە بۆسەی جادەی سلێمانی دوکان و کوژرانی 1 ئەمن و 5 جاش .

1994* شەوی 23/22 سەعات 9.15 ی شەو پارتی (3) گوللە هاوەنی نا بەبارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)ـەوە لەناو شاری هەولێر کەبوە هۆی بریندار بونی پێشمەرگەیەك.

1994* سەر لەئێوارەی 23/22 پارتی دوای چەند رۆژ شەڕو پەلاماردان بۆ سەر بارەگاکانی (ی.ن.ك) لەشەقڵاوە، هێزەکانی (ی.ن.ك) دەستیان بەکشانەوە کردو پارتی کەوتنە تالآن کردنی بارەگاکانی (ی.ن.ك)و بەتایبەتی ماڵی مام جەلال.

## ( 23)ی کانوونی یەکەم

1983* پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ك) 2 ئوتۆمبێلی سەربازی لە (مدينة الثورة بغداد) سووتاند.

1985* تیپی 61 ی کۆڕش لەسەر جادەی بەردە قلّیش نزیك گوندی بەلك سەعات 4 ی نیوەڕۆ بۆسەیەکیان دانا و 7 کەسیان لەدوژمن کوشت .

1986* تیپەکانی 93 و87و86و99 و گرتنی هەموو ڕەبیەکانی کۆیە تەق تەق.

1994* کورت نەکرایەوە

1995* هەلیکۆپتەرێکی دوژمن لەجۆری (ئیرویك) بە دوو سەرنشینەوە خۆی تەسلیم بە هێزەکانی (ی.ن.ك) کرد لەشاری هەولێر .

## (24)ی کانوونی یەکەم

1987* ڕۆژانی 24—26 بەستنی کۆنگرەی (نصره الشعب العراقی) لـەتاران و بەشـداری وەفدی حیزبە کوردستانییەکان .

1992* دامەزراندنی کۆلیژی سەربازی لە قەڵاچوالان بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسـی (ی.ن.ك) .

1994* هێزەکانی سوپای بارزان لەناوچەی چۆمان پەلاماری هێزەکـانی (ی.ن.ك)یـان دا کە لەئەنجامدا (هـ.پ.ك) لێیان دانو توانیان راویان بنێنو (دار السلام)یشیان لیٚ سەندنەوە.

1994* 2 لیوای تایبەتی مەسعود بەرزانی پەلاماری هێزەکانی (ی.ن.ك)یان دا لەکەس نـەزان بـەڵام هێزەکـانی (ی.ن.ك) لێیـان هاتنـە دەسـتو تێکیـان شـکاندنو ژمارەیەکی زۆر کوژراو چەکیان لیٚ بەجیٚما.

1994* (53) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبـەر بـە شـەڕی ناوخۆ و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە لەناو تەلاری پەرلەماندا مانیان گرت .

1995* لە قەڵاچوالان کۆلیژی سەربازی ئاهەنگی خولی دووەمی (خولی شـەهید مـولازم سەید کەریم)ی گێڕا .

## (25)ی کانوونی یەکەم

1977* شەوی 25\26 هەوڵی تیرۆر کردنی مەلا بەختیار لە گوندی کونە گورگی لای تـەق تـەق.

1978* ڕۆژانـی 25و26 خۆپیشـاندانی خـەڵکی ئۆردوگـای هـەریر ، شـەقڵاوە و شـەهید بوونی چەند ژنێك .

1993* دەسـتەی سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان رێککەوتننامەیـەکی (10) بـەندی پەسەند کرد بۆ راگرتنی شەڕی نێوان (ی.ن.ك)و بزوتنەوەی ویسلامی.

1994* شەوی 25/26 پارتی پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك)ی داو لەنزیك دار السـلام، لەئـەنجامدا هێزەکـانی (ی.ن.ك) هێرشـەکەیان تێکشـکاندو چـەند ناوچەیەکی تازەشیان لیٚ گرتن وەك (جوزان، شیرکاوە، ئاشـی خـدران) بـەرەو گەروی بیشی راویان نان.

## (26)ی کانوونی یەکەم

*1985 تیپی 51 گەرمیان و تیپی 53 هێرشێکی گەورەی دوژمنیان بۆ سەر گوندی سەی جەژنی تێکشکاند .

*1989 ڕۆژانی 26—30 کۆنگرەی دووەمی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان .

*1992 سەعات 2:10 دەقیقەی پاشنیوەڕۆ مام جەلال پەردەی لەسەر پەیکەری دانیال میتران لە هەڵەبجە لادا .

*1992 سەعات 4:30 دەقیقە وەفدی پەرلەمانی کوردستان پاش گەشتێکی یەك مانگە بۆ ئەورووپا گەیشتەوە کوردستان .

*1994 پارتی لەهەڵەبجەی شەهید دەستی بەگرتنی کەسو کاری پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) کرد.

*1999 خۆ پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەستی پێکرد.

## (27)ی کانوونی یەکەم

*1994 27/28 تەقە لەناو هەولێردا دەستی پێکردو ناچار (ی.ن.ك) کەوتە گوشار خستنە سەر بارەگاکانی پارتی لەناو هەولێرداو لەئەنجامدا (130) چەکداری پارتی تەسلیم بون.

## (28)ی کانوونی یەکەم

*1980 ڕاگەیاندنی بەرەی جود لە ڕاژان .

*1986 پەیوەندی کردنی فەوجی 79ی خەفیفە بەڕیزی (ه.پ.ك)ـەوە.

*1994 سەرجەم چەکدارانو کادێرانی لقی (4)ی (پ.د.ك) بەموافەقەتی (ی.ن.ك)و بەئاگاداری لایەنەکانی بەرەی کوردستانیو بزوتنەوەی ئیسلامی سلێمانیان جێ هێشت، هەروەها هەڤاڵانی (ی.ن.ك)و لایەنەکانی تر چەکدارانی پارتیان تا چەمی ڕێزان بەڕێخستو بارەگاکانیان لەناو شاری سلێمانی تەسلیم بە (حسكو حزبی شیوعی) کران.

*1994 لەژێر گوشاری (ی.ن.ك)دا شەوی 28/29 پارتی بارەگای (5)لیژنەی ناوچەی مەخمورو دەشتی هەولێرو بەڕانەتیو گوڵانو پۆلیسی چۆڵ کردو بارەگاکانیان لەلایەن (ی.ن.ك)ـەوە تەسلیم بەپارتی کاری سەربەخۆ کران.

## (29)ی کانوونی یەکەم

1994* هێزەکانی (ی.ن.ك) دوای ئەوەی بەتەواوەتی سلێمانیان پاك کردەوە لەناو شاری هەولێر ئابلۆقەی شیراتۆنو لقی (2)یان دا.

1994* لەسەر فەرمانی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) ئەو ئەندامانەی (ی.ن.ك) کە لەشەڕی پێشودا گیرابونو دواتر ئازاد کرابون لەسنوری بادینان دووبارە دەستکیر کرانەوە.

## (30)ی کانوونی یەکەم

1985* تیپی 53 ی شیروانە هێرشێکی گەورەی دوژمنی بۆسەر گۆبان تێکشکاند و 30 جاشیش کوژران .

1994* (ی.ن.ك) یەك لایەنە بەبروسکەی مام جەلال لەسەعات 8ی شەوەوە لەسەرتاسەری کوردستان شەڕی راگرت.

## (31)ی کانوونی یەکەم

1988* کۆچی دوایی د. خەسرەو خاڵ لە دیمەشق .

1994* شەهید کردنی فەرماندە (قادر کۆکۆییو ئازادی کوڕی) لەشارەزور.

1997* نامەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ مەسعود بارزانی و دەستپێشخەرییەکی تری بەڕێزی بۆ ئاشتی .

1999* شەوی (1999/12/31)/(2000/1/1) سەعات 11.10 پەخشی ئەزمونی کەناڵی ئاسمانی (کورد سات) کرایەوە.

ئەو ڕووداوانەی کە لەمانگی کانوونی‌یەکە دا ڕویان داوە و ڕۆژەکانیان نەزانراوە :

- 1976 بۆسەی سەرجادەی سلێمانی قەرەداغ نزیك گوندی تلەزەیت.
- 1980 پەلاماری جاشەکانی دوژمــن بۆســەر پێشـمەرگە لـە گونـدی قەڵاسـیخ شـەقڵاوە و شەهید بوونی 5 پێشمەرگە
- 1982 نامـەی بـەڕێز مـام جـەلال بـۆ بـەخێر هاتنـەوەی 250 پێشــمەرگە بۆنــاو ڕیزەکــانی (ی.ن.ك)
- 1983 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری باوە گوڕگوڕ (ی.خ.ك) .
- 1985 بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونی مەسیحەوە مەکتەبی سیاســی بڕیـاری ئـازاد کردنـی 3 سەربازی مەسیحی دەرکرد کە لەلایەن (ھ.پ.ك)ـەوە بەدیل گیرا بون.
- 1985 دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری هۆرە (ی.ھ.ك) .